# ژنان

ی پووشپەڕی
١٤٠٢ی هەتاوی


٦١

## گۆڤاری «یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران»

تاکوو ژن ئازاد نەبێ سەرچاوەکەی ژین لیخنە!

هەڵگەڕانەوەی گۆچکەی هەژموونی بەسەر ژنان

ڕۆڵی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشە پڕ شکۆکە




شۆڕشی ژینا و مەسەلەی قەیرانی سەروەری لە ئێران




ئاچمەز کردن (ڕاگرتن) و ڕەوتی بە مێژوو سپاردنی «مەنشووری مەهسا»




خەبات و شۆڕشی ژنان لە ناوخۆ و دەرەوەی وەڵات لە ماوەی «شۆڕشی ژینا»



مانای توندوتیژی نازانێ!



دیاردەی منداڵانی کار لە هەرێمی کوردستاندا



# ژینا «ئایچیی بووەتە ڕەمز»

ئازادی بۆ ژن بەختیاری بۆ کۆمەڵ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.zabari.org

# ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

## ژمارە٦٠ی گۆڤاری «ژنان»

پێرستی بابەتەکان

✦ ٣ـ تاکوو ژن ئازاد نەبێ سەرچاوەکەی ژین لیخنە!
✦ ٤ـ ئاچمەز کردن (ڕاگرتن) و ڕەوتی بە مێژوو سپاردنی «مەنشووری مەهسا»دا
✦ ٦ـ خەبات و شۆڕشی ژنان لە ناوخۆ و دەرەوەی وەڵات لە ماوەی «شۆڕشی ژینا»دا
✦ ١٠ـ مانای توندوتیژی نازانێ!
✦ ١٢ـ شۆڕشی ژینا و مەسەلەی قەیرانی سەروەری لە ئێران
✦ ١٤ـ ڕۆڵی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشە پڕ شکۆکە
✦ ١٦ـ دیاردەی منداڵانی کار لە هەرێمی کوردستاندا
✦ ١٩ـ «ئایچیی ژینا بووەتە ڕەمز»
✦ ٢٠ـ خەڵکی ئێران لە نێوان سێ هەڵبژاردندا
✦ ٢٢ـ هەڵگەڕانەوەی گۆچکەی هەژموونی بەسەر ژنان
✦ ٢٥ـ هۆکارەکانی جیا بوونەوە و کێشەکانی خێزانی
✦ ٢٦ـ هێمایەک لە ڕەگەزی هێز و باوەڕ و وەفا
✦ ٢٨ـ کورتەیەک لەسەر ژیانی هونەریی «نیان فاتمی»
✦ ٢٩ـ گوڵ و سوودە تەندروستیەکان
✦ ٣٠ـ ژیان و خوێندنی ئەو خاتوونانەی کە ئەمساڵ لە زانکۆکانی
✦ ٤٢ـ سۆلینای بچکۆلە بوو بە ساڵێک.......

بۆ پێوەندی کردن
بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان: y.jnan.dk.@gmail.com
٠٠٩٦٤٧٥١٨٧٧٠٠٩٣
بۆ پێوەندیگرتن بە بەڕێوەبەرانی گۆڤار پێوەندی بەم ژمارەیە بگرن
٠٠٩٦٤٧٥٠٢١٣٧١٠٩

دەستەی بەڕێوەبەریی گۆڤاری «ژنان»

بەڕێوەبەری گۆڤار: نەسرین یوسفزادە

نووسەرانی ئەو ژمارەیە
نەسرین یوسفزادە
حەسەن حاتەمی
نەشمیل عەبدی
ئاسۆ مینبەری
ماریا وەیسی
شەهلا کاوە
شەهلا حاجیڕەحیمی
هەردی سەلیمی
شەهرام سوبحانی
زانیار حوسەینی و ڕۆژە عەزیزی
تریفە فاتیحی
جیهان بەیتووشی
و.....
چەند هاوڕێی دیکە

نەشمیل عەبدی
شلێر محموودی
نارین محموودی
مینا موکەڕەم
زەنوێر سەیفووری
سۆما مەجیدی
ڕۆژین شابازی
هەتاو ناسری
هێشوو خزری
ئاڤان مرادی
جیهان عەزیزی

هاوکارانی ئەو ژمارەیە:
ڕەند زارعی
ئاسۆ مینبەری
مەحبووبە ئیبتکار
نەشمیل عەبدی

بەشی فەنی
دیزاینی ناوەرۆک:
شەهلا حاجیڕەحیمی
دیزاینی بەرگ
شەهلا حاجیڕەحیمی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تاکوو ژن ئازاد نەبێ سەرچاوەکەی ژین لیخنە!

**نەسرین یوسفزادە**

ژن ژیان، ئازادی دروشمێکە کە لە سێ وشەی سەرەکی پێک هاتووە، یەکەمیان وشەی ژنە، نە وەک مێینە و ڕەگەز بەڵکوو چەمکێکی مەفهوومیی کۆمەڵگەیەکی زوڵملێکراو و چەوساوەیە و ناکرێ لێرەدا وشەی ژن تەنیا وەک ڕەگەز ببینینەوە، بەڵکوو وشەی ژن نوێنەرایەتیی توێژی ژێردەست و چەوساوەی کۆمەڵگە دەکات و هێما و نموونەیەکە لە کۆمەڵگەی چەوساوەی ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ماوەی سەدەیەکە لەژێر دەسەڵاتی دوو حکوومەتی فاشیست و دژەمرۆیی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا ماوەتەوە.

وشەی «ژیان»، لە ڕاستیدا مانای ئەم وشەیە لانیکەم بۆ ئێمەی کورد، هەر ئەو ژیانە ئاساییە نییە کە بەردەوام باسی لێوە دەکرێ، بەڵکوو ئەو ژیانە هێمای ڕاستەقینەی ویستێکی ڕەوایە کە کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی ئێران باسی دەکا. ویستی ئازادی و سەربەخۆیی کە لە وشەی ئازادی دوای وشەی «ژیان»دا دێ و درووشمی «ژن، ژیان ئازادی» تەکمیل دەکا.

ئازادی لە ڕوانگەی ئەو دروشمەوە چییە و چۆن مانا دەکرێ؟ لە ڕوانگەی زۆرێک لە خەڵکەوە و بە تایبەت ئەوانەی کە وەک کورد و نەتەوەکانی دیکەی ژێرچەپۆکەی نەتەوەی باڵادەست پەیڕەوی ئایینی باڵادەست نین، ویستیان بۆ ئازادی و ژیانێکی ئازاد جیاوازە. لە بەرابەر پەیڕەوانی ئایینە باڵادەستەکان و نەتەوەی باڵادەست واتە فارسەکان ویستی ئازادی بۆ نەتەوە و پەیڕەوانی ئایین و ئایینزاکانی دیکەی کۆمەڵگە جیایە و هەر کامیان بە شێوازێک باس لە ویستی خۆیان دەکەن.

لە بەلووچستان کە باوەڕی ئایینی سوننییان هەیە خەڵک لەژێر گوشارێکی زۆری ئابووری و کۆمەڵایەتیدان و ناچار بە کاری قاچاغی سووتەمەنین. لە کوردستان لەبەر نەبوونی کاری پێویست و سیستمی خراپی ئابووری خەڵک ناچار بە کۆڵبەری یان کۆچکردن بۆ شارە گەورەکان و کار کردن لەو شارانەن. عەرەبەکانی ئەهواز و ئابادانیش لەگەڵ ئەوەی کە هێشتا ئاسەواری وێرانیی شەڕی هەشت ساڵەی دوو دەسەڵاتی بەعس و خومەینی لەنێو شارەکەیاندا ماوە، لەبواری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هەر لەژێر فشاردان.

لە تارانی گەورەش بەشێک لە شار هەیە بە ناوی تەنەکەئاوا کە وەک ئەوە وایە لە هەسارەیەکی دیکەوە هاتبێتن و ئەوێ لەچاو نێوەڕاستی شار جیهانێکی دیکەیە. ئەوە دەبێ لە خۆمان بپرسین کە ئەو ئازادی و ژیانە ئازادەی ئەوان دەیانهەوێ و کچێکی جوانی ڕازاوەی خەڵکی باڵاشاری تارانی لەسەر پەیجی ئینستاکەی داوای دەکا یەک ئازادی و ژیانی ئازادە یان؟

ئازادی و ژیانی ئازاد بۆ هەر یەک لەوانە مانایەکی جیاوازی هەیە، هەر کام لەوانە ئازادییان بە شێوەیەک مانا کردووە و ژیانی ئازادیان بە جۆرێکی تایبەت بە ویستی خۆیان پێناسە کردووە بۆیە لەم دروشمەدا وشەی ژن وەک باسمان کرد هەمان وشەی کۆمەڵگە دەگرێتەوە.

نەواڵ سەعداوی لە کتێبی «ژن و مافەکانی ژن لە مێژوودا تا ئێستا»دا دەڵێ: «کۆنترین چین کە بووەتە ژێردەست و بەردەوام لەژێر گوشاردایە ژنە».

لەو کاتەوە کە ژنان لە ماڵ کران و پێیان لە دەرەوەی ماڵ بڕدرا و دەبوو ژن پاکیزە و دووشیزە بێ بۆ ئەوەی کە لە خزمەتی پیاو و پەرستگەکاندا بێ، ئەوە بوو بەهۆی ئەوەی کە ژنان لە کۆمەڵگە دابڕێن و ژن لە بواری ئابوورییەوە سەربەخۆیی لەدەست بدا و بەردەوام بۆ هەر ویست و پێداویستییەک چاوی لەدەستی پیاو بێ و ئەوە بوو بە هۆکاری بەستراوەبوونی ژن بە پیاو و هەتا ئێستاش بەردەوامە.

نموونەیەک کە دەکرێ هاوشێوەی ئەوە بیهێنینەوە کۆمەڵگەی ئێرانە، کە دەوڵەتەکەی هەتا توانیوییەتی بەسەریدا زاڵ بووە و ژێرچەپۆکەی خۆی کردووە و هەم لە بواری ئازادی و سەربەخۆیی و هەم ئابووریشەوە چەوساندوویەتیەوە.

لە نموونەیەکی دیکەدا کە دەکرێ باسی بکەین و لەگەڵ یەک بەراوردی بکەین کە چ لێکچوونێک لە نێوان ژن لە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» و کۆمەڵگەی ئێراندایە و دەکرێ دەرک بەوە بکرێ ئەو وشەیە لەنێو ئەو دروشمەدا تەنیا مانای ڕەگەزی مێ ناگرێتەوە و باس لە کۆمەڵگەیەکی چەوساوە دەکا، مەسەلەی ئایینییە.


لە ئایینەکاندا هاتوون ژنیان وەک هاوڕێی شیتان ناساندووە کە بە خواردنی سێوێک کارێکی کردووە خودا، ئینسان یان بڵێین ئادەم لە بەهەشت دەر بکا و لە هەموو ئایین و ئایینزاکاندا ژن وەک چینی دووهەم و چەندەم ناسراوە و لە ئێرانیش بێجگە لە ئایینزای شیعە کە ئەویش شیعەی دوازدە ئیمامییە، ئایین و ئایینزاکانی دیکە بە دووهەم و سێهەم و چەندەم ئەژمار کراون و مافی هاووڵاتی بوونیان بە نیوە و زۆر جار زۆر کەمتر لە ئایینزای سەروەر دراوە.

نموونەیەکی دیکە لەوەیکە بیسەلمێنین وشەی ژن لە دروشمی ژن، ژیان، ئازادیدا هەمان مانای مرۆڤ لە کۆمەڵگەی ژێردەسەڵاتی ئێرانی کۆماری ئیسلامییە، بواری ئابوورییە، کە کۆمەڵگەی چەوساوە و ژێردەست ڕێک وەک ژن کە چاوی لەدەستی پیاوە بۆ ئەوەیکە لە بواری ئابووری تەئمین بکرێ، کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی ئێران چاوی لە ڕێژیم و نەتەوەی باڵادەستە.

کاتێک مامۆستا هێمن لە شێعری یادگاری شیریندا دەڵێ «تاکوو ژن ئازاد نەبێ سەرچاوەکەی ژین لیخنە» مەبەستی لەوەیە کە سەرچاوەی ژین، ژنە و ئەگەر ژن بەستراوە و ژێرچەپۆکە بێ ئەوە کۆمەڵگەیەکی ژێردەستمان دەبێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئاچمەز کردن (ڕاگرتن) و ڕەوتی به مێژوو سپاردنی «مەنشووری مەهسا»



حەسەن حاتەمی

لە ١٩ ی ڕەشەممەی ١٤٠١ (٢٠٢٣) مەنشوورێک بە ناوی «مەنشووری هاوپێوەندی و سازماندەیی بۆ ئازادی ئێران» کە کورتکراوەی «مەهسا»یە نووسرا، بە ئیلهام وەرگرتن لە ناوی مەهسا کە ناوی پێناسەیی کچە کوردێکی خەڵکی سەقزە و ناوبانگی ئەمنییە، بەڵام ناوی ڕاستەقینەکەی لە ماڵێ و لەنێو خەڵکدا، ژینایە. کیژە کوردێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە هەست و سۆز بە مەبەستی سەردان و دیدار لەگەڵ خزم و کەسوکاران و ماندووحەسانەوە و گەڕان لە دوای ١٢ ساڵ خوێندنی سەرکەوتووانە و خۆ ئامادەکردن بۆ زانستگە، کە بۆ تاران سەفەر دەکا.

بەڵام بەداخەوە «کوشتنی حکوومەتی» ژینا / مەهسا، سەبارەت بە کوردبوون، میوان بوون لە پێتەخت، جوان، لەبەر دڵان و دەم بە پێکەنین، ئیجرا کرا. «گەشتی ئیرشاد» باسکی ئیجرایی و توندتیژی و تەپەسەرکاری «ئەمری بە چاکە و دووریی بە خراپە»یە، کە بۆ پشکنینی ژیانی ژنان و کچان لە قالبی «پۆلیسی ئەمنییەتی ئەخلاقی» دایانسەپاندوە.

ئەوان بە وتەی نەمر نەویدی ئەفکاری کە کوتی: هێزە ئەمنییەتییەکان بێخوێنەوە سەرکوتکارەکان، بەدوای مل دا، دەگەڕێن کە بە پەتییەوە کەن، بەداخەوە ژینا / مەهسا کرا بە «نێچیر»ی «تیری چڵکنان» کە دوای ٢ سەعاتی پڕ کارەسات، لە تەمەنی ٢٢ ساڵی دا، ژیان و گیانی لێئەستێندرا!

یەکێک لە گرینگترین دەرکەوتەکانی جوانەمەرگکرانی ژینا / مەهسا، بەرهەمهێنانی بزووتنەوە و شۆڕشێک بە بەشداریی هەموو گەلان لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەی ئێران بوو، کە شەپۆلگەلێکی زۆر بەربەرین و چاوەڕوان نەکراو لە ٢٦ ی خەرمانان (شهریور) ١٤٠١ بەرانبەر بە ١٦ ی سێپتامبری ٢٠٢٢، چێ کرا، کە هەتا نووسینی ئەو دێڕانە ٢٦٨مین ڕۆژ و شەوی خۆی تێپەڕ دەکا.

مەنشوورەکە چاوەڕوانی لێ دەکرا، ڕاپەڕینی و شۆڕشی ژینا / مەهسا بە ماراتۆنێک بە حەشیمەتیکی بەرچاو، وەک: کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقای باشووری، لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسی، مەدەنی، فەرهەنگی و کەسایەتییە، بەرابەردوو و بە ئەزموونەکان بە پلۆڕالیزمی فیکری، سێلێبریتییەکان بە بیری «کۆلکەزێڕینە»کەی کەیان پیرفەلکی نەمر، لە پێناو ئازادی مافی مرۆڤ بیر و فرەگەلی بیر لە گوتار، ڕەفتار و کرداردا، پێکەوە کۆ دەکاتەوە و «گەڵاڵەیەکی نوێی هەمەلایەنە» دەهێنێتە کایەوە و کارێک دەکەن، زۆرترین ئۆگری پێک بهێنن و بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامی سیاسی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهی لە ئێراندا، سازماندانێکی پێویست، کاریگەر و بە توانا پێک بێنن، کە بەداخەوە وا دەرنەچوو.

ئەو خاڵەکانی کە دەتوانێ لە ئاچمەزکردن (ڕاگرتن)ی مەنشووری مەهسا لە ماوەیەکی کەمدا، ئاماژەیان پێبکرێ: گوشارەکانی زۆر لە دەرەوە بۆ مەنشوور و بۆ ڕەزا پەهلەوی بۆ درێژە نەدان و «کەمچیکڵدانە»یی خۆی، و من زیادی دەکەم کە: ناوبراو ڕێگەی پێکهاتن (تەوافوق)یکی کە واژووی کردبوو، دریژەی نەدا. بەتایبەتی جۆراوجۆری، فرەیی و چەند نەتەوەیی، مافی بەرانبەر بۆ هەمووان و نەبوونی جیاوازی قبووڵ نەکرد و تەسلیمی ویستی پان ئێرانیستەکان لە پەراوێز و دەرەوەی مەنشووری ناوبراو بوو.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە دەکرێ بیری ئاغای ڕەزا پەهلەوی بخوێنیەوە، کە وەک بابە گەورەی ڕەزا شاه، پێش ئەوەی «ببێ بە شا» و دوای کوودێتای ٣ی ڕەشەممەی ١٢٩٩ (١٩٢١) و لابردنی سەید ڕەزا تەباتەبایی دوای سێ مانگ، سیستمی کۆماری بە لاساییکردنەوە لە «ئەتاتورک» هێنایە گۆڕێ، بەڵام «بوو بە شا».


ڕەزا شا، بە ناوی «مۆدرنیتە» و سیستێمی دەوڵەت – نەتەوە بە لاساییکردنەوە لە ئورووپاییەکان، ئێرانی بەرەو سەرەڕۆیی و ناسیونالیزمێک برد، کە پتر لە ١٠٠ ساڵە بەرۆکی گەلانی ئێران و کۆمەڵگەکانی فرەیی گرتووەوە کە بوو بە هۆی خوێنڕێژی زۆر و کوشتنی «مەشرووتەی سەڵتەنەتی» و پێشێلکاری مافی هەم نەتەوە نافارسەکان و هەم فارسە جیابیرەکان لە نێوخۆی ئێراندا، کە سەرەڕۆیی باب و کوڕی پەهلەوییان قبووڵ نەکرد، بە زیندانی درێژماوە حوکم دران یا گیانیان لێ ئەستێندرا.

پێویستە ئاماژە بکرێ کە پتر لەو ١٠٠ ساڵەی کە ڕابراوە، لە کوودێتای ڕەزا خان هەتا خەرمانانی ١٣٢٠، بیست ساڵ و لەوکاتی هەتا شۆڕشی دژی سەڵتەنەتی موتڵەقە کە کوودێتای ٢٨ ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ ی لە کارنامە ٣٧ ساڵەی دەسەڵاتی محەممەد ڕەزا شادا، هەبوو، لەسەر یەک ٥٧ ساڵ باب و کوڕ دەسەڵات بەدەست بوون. لەنێو هەناو و کردەوەی ئەواندا، «کۆماری ئیسلامی» بەرهەم هێندرا کە ٤٤ ساڵە بە دەسەڵاتێکی بە قەولی هانا ئارێنت: «توتالیتاریستی»ی و «توتالیتاریستی ئیسلامی سیاسی»،

**بەداخەوە «کوشتنی حکوومەتی» ژینا / مەهسا، سەبارەت بە کوردبوون، میوان بوون لە پێتەخت، جوان، لەبەر دڵان و دەم بە پێکەنین، ئیجرا کرا. «گەشتی ئیرشاد» باسکی ئیجرایی و توندتیژی و تەپەسەرکاری «ئەمری بە چاکە و دووریی بە خراپە»یە، کە بۆ پشکنینی ژیانی ژنان و کچان لە قالبی «پۆلیسی ئەمنییەتی ئەخلاقی» دایانسەپاندوە.**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



حامد اسماعیلیون


نازنین بنیادی


رضا پهلوی







**بـەڵام ئەو»مەنشووره» بـەو هاتنـە خـوار و پاشەکشـە و نکووڵییانـەی لێکـرا، «ئاچمەز(ڕاگرتـن) بـە مێـژوو سـپاردنی»، بـە جێگـەی «لێـک کۆبوونـەوەی ئۆپۆزیسـیۆن»، «جیـاوازی و دابـڕان» بـە جێگـەی «هاوپێوەنـدی» لێکەوتـەوە.**

بە خوێندنەوەی من، چیَ کراوە و ئێستا بۆتە زەبەلاحی خوێنڕێژ و گشت کوژ.

ئێستا «مەنشووری مەهسا» لە حاڵەتی ئاچمەز (ڕاگرتن) و ڕەوتی بە مێژوو سپاردن دایە. لەو ٨ کەسەی سەرەتا بڕیاریان دابوو، تێیدا بن دوای کۆنفرانس لە زانستگەی جورج تاون بوون بە ٦ کەس، کە گوڵشیفتەی فەراهانی و عەلی کەریمی خۆیان دەرهاویشت و ڕوونکردنەوەیەکی خەڵک پەسندیشیان نەدا!

دوایی، ڕەخنەگرانی ڕۆخێنەر و وێرانکاری توێژی پاشایەتی و پانئێرانیستەکان بەو بیانوویە کە: مەنشوور ئاڕمەکەی لە چەپەکان وەرگیراوە، چوونکە مستێکە و تەنیا ناوی ژن ی لیَ نووسراوە. ئاڵای شێروخورشید نیشانی تێدا نییە. چەمکی میللەتی ئێران، زمانی فارسی وەک زمانی بنچینەیی و فەرمیی تێدا نییە. یەکگرتوویی و تەواویەتی ئەرزی تێدا نییە. یا ئەو مەنشوورە «هیچ»ە. چوونکە کەمترین نیشانی لە هۆویەتی میللی و ئێرانی تێدایە. و... «ئێمە شازادەمان بۆ ئێرانی دەویَ نەک ئێرانمان بۆ شازادەی بویَ» و...

ڕەزا پەهلەوی بە توویتێک گەڕایەوە بۆ «ڕیشە و بنەچەکە» کەی خۆی و خۆ و ڕەفتاری باب و بابە گەورەی بە شێوەی «نەرم نوێنی» ئەنجام دا. بەو کارە بەرپرسایەتییەکی گەورەی لە نوێژنکردنەوەی سەرەڕۆییەکی دیکەی نوێی لە ئەستۆیە. چوونکە ئێستا لایەنگرانی ئەو و سەڵتەنەت لە ئێرانی داهاتوو، لە دەرەوەی ئێران سەبارەت بە «پان-ایرانیست» بوون و ئاژاوەگێڕی، هێرش، هەڕەشە و قسەی سووک بە دژی جیابیران، ماف و پێناسەی نەتەوە و ئێتنیکەکانی نا ناوەندگەرا، لە هەناوی ئورووپا و ئەمریکا و کانادا دا، زۆر نابەجیَ هەڵسوکەوت دەکەن. ئەگە ئەو وەزعە درێژەی هەبیَ، هەم یەکگرتووییەکە لاواز دەبیَ و هەم ئەو بیر و فیکرە پاوانخوازییە، دوای بە ئاکام گەیشتینی شۆڕشی ژینا / مەهساش دەتوانیَ کێشە خوڵقێن بیَ.

بەشی ئەسڵی و جەوهەریی توویتی ڕەزا پەهلەوی ئاوا بوو: «... ئامانج، هەوڵدان و گرینگیم هەمیشە ئەوە بووە کە زۆربەی هێزەکانی سێکۆلار و دیموکراسیخواز و لایەنە جۆراجۆرەکانی پێکەوە هاوکاری بکەن. بەڵام لەسەر پێشنیاری چەند کەس کە پەیوەست بن بە گرووپی مەنشوور، کۆ دەنگی وەدەست نەهات. سەرەڕای ئەوە من خۆم تەنیا بۆ پشتیوان بیَ لایەنی سەبارەت بە هەموو گرووپەکان ڕادەگرم.

لەو بەستێنەدا، من بە پشتیوان و هاوکاری لەگەڵ گرووپ گەل و لایەنەکانی دیکە لە چوارچێوەی ئوسوولی لانی کەمی هاوبەش: دیموکراسی سێکۆلار لەسەر بنچینەی مافی مرۆڤ، تەواویەتی ئەرزی ئێران و هەڵبژاردنی شێوەی حکوومەتی داهاتوو، بە دەنگی میللەتی ئێران درێژە دەدەم. ئامانج ئەوەیە کە هەموو ئەو هەوڵانە لە دواییدا بە ئازادی و ئاوەدانی لە ئێران دا، بگا.»

ئەو بیرە کە زۆربەی «پان ئێرانیستەکان» دەگرێتەوە، تونێلێکی مەترسیداریان لیَ دروست کردووە کە تەبلیغ دەکەن، «٥٧ یەکان، چاکسازخوازەکان و جیاوازی خوازەکان»، گەرەکیانە هەوڵ بۆ نەمانی ئێرانیَ بدەن! هەموو نیگەرانییەکان بۆ ئەوان گۆیا «ئێرانە».

بەشێک و لایەن گەلێکی دیکەش دەڵێن: ئێران وڵاتێکی فرە گەلییە و لە تورکە ئازەربایجانییەکان،کوردەکان، بەلووچەکان، عەرەبەکان و تورکمەنەکان و ئی دیکەش پێک دیَ. چوونکە هەم ڕێژیمی سەڵتەنەتی موتڵەقە و هەم ڕێژیمی ویلایەتی موتڵەقە، پتر لە سەدەیەکە دەسەڵات بەدەست بوون و هەن، ناتوانن یا نایانهەویَ مافەکانی ئەو نەتەوە بەراییانە بە فەرمی بناسن، «مەنشووری مەهسا»یان قبوڵ نییە و هاوکاری ناکەن. کەسانی دیکەش هەن کە دەڵێن: سیَ گۆشەیەکی مەترسیدار هەیە بە ناوی «فاشیزم، لۆمپەنیزم و سایبرییەکانی ڕێژیم» کە شۆڕشی ژینا / مەهسا بە لاڕێدا، دەبەن. و...

ئاکامەکەی «مەنشووری مەهسا» هەتا نووسینی ئەم دێڕانە بەمجۆرەیە: کە ٣ کەس لە ٨ کەسەکەی بەشداری کۆبوونەوەی زانستگەی جۆرج تاون ماونەوە. بەڕێزان، عیبادی، عەلینژاد و موهتەدی. بەو وتەی ئەو ٣ کەسەی کە لەنێو «مەنشوور»دا ماونەتەوە، دەتوانن درێژە بدەن و بۆ بەربەرینکردنی داوای یارمەتی دەکەن. بەڵام ئەو «مەنشوورە» بەو هاتنەخوار و پاشەکشە و نکووڵییانەی لیَ کرا، «ئاچمەز(ڕاگرتن) بە مێژوو سپاردنی»، بە جێگەی «لێک کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆن»، «جیاوازی و دابڕان» بە جێگەی «هاوپێوەندی» لێکەوتەوە.

سەرچاوەکان:

**گووگل و یوتیووب.**

**٩ ی جوونی ٢٠٢٣، بەرانبەر بە ١٩ ی جۆزەردانی ١٤٠٢.**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دیمانە:
نەشمیل عەبدی

# خەبات و شۆڕشی ژنان لە ناوخۆ و دەرەوەی وەڵات لە ماوەی «شۆڕشی ژینا»دا

**زیاتر لە نۆ مانگە لەسەر شۆڕشی ژینا واتە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی تێدەپەڕێ ، هەڵسەنگاندنی ئەو ماوەیە و هەروەها هەوڵەکانی ژنان و ڕێکخراوەکان و لایەنە سیاسیەکان هەم لە ناوخۆ و هەم لە دەرەوەی وەڵات بۆ گەیاندنی دەنگی ئەم شۆڕشە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن گۆڤاری «ژنان»ەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ دکتۆر کوێستان گادانی بەرپرسی هەیئەتی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵات دەبێ.**

**دوکتور کوێستان با بەو پرسیارە دەست بە گفتۆکەمان بکەین، جەنابتان خەبات و شۆڕشی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروەها ژن لە ئێران بە گشتی بەتایبەتی لەو نۆ مانگەی شۆڕشی ژینا واتە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا چۆن هەڵدەسنگێنن؟**

پێش ئەو نۆ مانگە و لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا ژنانی ئەم وڵاتە بەپێی بارودۆخ و هەلومەرج قەت بیدەنگ و دەستەوەستان نەبوون و تا ڕادەیەکی زۆر بەرچاو مۆرکی خۆیان لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ئەو وڵاتە داوە. زۆریش ئاساییە کە بە هۆی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە لە ئاستی جیهانیدا، ژنان لە ئێرانیش بە شێوەی سەردەمیانە لەگەڵ ئەوەی دەستەویەخەی زۆر بەربەست و بەرگژەی یاسایی و کولتووری بوون، بەڵام لە خەبات و مافخوازییان بەردەوام بوون. ئەم خەبات و تێکۆشانی ژنان کە تێچووی قورسیشیان بۆی داوە، لە هەموو ڕهەندەکاندا بەردەوامە.

بەڕوونی لە بارەی ڕۆڵ و شوێنپەنجەی ژنان لە ڕووداوەکانی نۆ مانگی ڕابردوودا دەبێ بڵێم هەڵسەنگاندنی هەر بابەتێک پێویستە لە چوارچێوەی زەمەنی و بارودۆخی کاتی ڕوودانی بابەتەکە بێت. بەو مانایە کە ئەگەر باس لە شۆڕشی ژینا لە ٩ مانگی ڕابردوودا دەکەین، زۆر ئاساییە کە سەرەتای دەستپێکی ئەم شۆڕشە لەگەڵ ٩ مانگ دواتری هەوراز و نشێوی بە خۆیەوە بینیوە و دەتوانی هەڵسەنگاندنی جیاوازی بۆ بکرێت. بەڵام زۆر بەکورتی دەتوانین بڵێین کە ئەم شۆڕشە هەر بەم دەسکەوتانەی تا ئێستا بوویەتی، مۆرکی ژنانەی بەخۆیەوە دیتووە و مێژوویەکی پڕ بەها و بایەخ ودەسکەوتی بۆ خەباتی ژنان نەک تەنیا لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە تەواوی جیهاندا بۆ خۆی تۆمار کردووە. ئەمە پێشەنگایەتی، ئەرکوەخۆگری و کۆڵنەدانی ژنان بوو کە دەنگی ئەم شوڕشەی گەیاندە کۆمەڵگەی جیهانی و بووە خاڵوەرچەرخانێک کە ئێران قەت نەگەڕێتەوە دۆخی پێش ٢٦ی خەرمانانی ١٤٠١. تەنانەت لە ئێستاشدا ئەوە ژنان و دایکانی شەهیدن کە بە هەوڵە سیمبولیکەکانیان پێمان دەڵێن شۆڕشی ژینا زیندووە و هەنگاوەکانی بەرەوپێش دەنێت.

**ئەگەر بێینە سەر ڕۆڵ و کاریگەریی خەباتی ژنان بەگشتی لە دەرەوەی وڵات، مەبەستم دوای شۆڕشی ژینایە، دەور و ڕۆڵی ژنان لە دەرەوەی وڵات لەم ماوەیەدا چۆن دەبینن؟**

ژنان لە دەرەوەی وڵات دەتوانین بە سەر چەند گرووپیان دابەش بکەین:

– ئەو ژنانەی وەک ئەندامی حیزب و ڕێکخراوەکان هەن و چالاکن

– ئەوانەی بە هەر هۆکارێک لە دەروەی وڵات دەژین و ژیانی ئاسایی خۆیان دەکەن و چالاکییەکی تایبەتیان لە حیزب و ڕێکخراوەکاندا نییە.

– هەروەها نەوەیەکی نوێ بە پاشخانێک لەو دوو گرووپە، لە هەمان حاڵدا بە ڕوانین و مێتودی کاریی جیاوازەوە.

ئەم سێ تەیفە هەر هەمووی خۆی بە پشتیوان و یارمەتیدەری ژنانی نێوخۆی کوردستان دادەنێت و هەر لایەنەی بە شێوەی خۆی چالاکیی کردووە و بەدەنگ شۆڕشی ژیناوە چووە. لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی بارودۆخ و هەلومەرجەکان لە دەرەوەی وڵات بەگشتی خەباتی ژنان لەو جوغرافیا کاریگەرەدا وڵامدەری چاوەڕوانییەکانی نێوخۆی وڵات نەبووە. ئەوە کە چاوەروانییەکان زۆر بوون یان دەرکەوتن و شێوەی خەباتی ژنان و جۆری پشتیوانییەکان لەو ئاستەدا نەبووبێت ڕەنگبێ لە گۆشەنیگای جیاوازەوە جێگای باس و مشتومڕ بێت. بەڵام مەسەلە ئەوەیە ئێمە چەندە واقعبینانە دەروانینە بابەتەکە و چۆنی لێکدانەوە بۆ دەکەین و چەندە بە شیوەی ئۆبژێکتیڤ تاوتوێی پرسەکە دەکەین. سەرەڕای هەموو ڕەخنە و بۆچوونە جیاوازەکان بەڵام ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە و خەباتی ژنان لە دەرەوەی وڵات و پشتیوانییان لە شۆڕشی ژینا بابەتێک نییە حاشای لێ بکرێت و وەلا بنرێت.

**باسمان لە پێشەنگایەتی و ڕۆڵی بەرچاوی ژنان لە شۆڕشی**

**ژینادا کرد. ئێوە پێتان وایە ئەو بەشداری و پێشەنگایەتییە چ دەستکەوت و کاریگەرییەکی هەبووە؟**

هەروەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد ئەمە یەکەم جار نییە ژنان شانبەشانی پیاوان بەشداری لە ڕاپەڕینێکی کۆمەڵایەتیدا دەکەن و مۆرکی خۆیان لە ئاڵوگۆڕە سیاسی و جڤاکییەکان دەدەن. بەڵام تا ئێستا بەم جۆرەی لە شۆڕشی ژینادا بینیمان وەک پێویست بوو نەخش و ڕۆلیان دەرنەکەوتبوو. دەزانین کە ئاڵوگۆڕەکان کتوپڕ ڕوو نادەن و پەروەردە و کاریگەریی درێژخایەنی فەرهەنگی، سیاسی و کولتووری و هتدی... دەوێ. ئەم ئاڵوگۆڕە فەرهەنگی، کولتووری و سیاسییە کە ئێمە لە نێوخۆ بەگشتی و لەنێو ژناندا بەتایبەتی دەیبینین زۆر بەرچاوە و ئەوەش سەرنجمان دەباتە سەر ڕاستییەک کە ئێمە ناتوانین باسی خۆ پێگەیاندن و چوونەسەری ئاستی شعووری نەتەوەیی ئەوان بکەین بەڵام ڕۆڵی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردی نەبینین. یان ئێمە ناتوانین وەزاڵەهاتن و بێزاریی ژنان لە دەزگای یاسایی و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی ببینین، بەڵام سیلەی چاومان لەسەر قانوونەکانی دژەژنی ئەو ڕێژیمە نەبێت. ئێمە ناتوانین ڕوانین و شێوەی بیرکردنەوەی نەوەی نوێی ئێران ببینین و بەئاسانی لە تەنیشت کاریگەریی تێکنۆلۆژیی سەردەم و سۆسیال‌میدیا تێ‌بپەڕین. ئێمە ناتوانین هەژاری و بێ‌ئەنوایی خەڵکی ئێران ببینین، بەڵام بەتاڵانچوون و قوتدانی سامانی گشتیی وڵات و گەواستنەوەی بۆ دەرەوەی وڵاتمان لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە بەر چاو نەبێت. هەروەها ئێمە ناتوانین ئاستی چوونەسەر و تێگەیشتنی ژنان لەسەر مافەکانیان هەست پێ بکەین، بەڵام باس لە ڕۆڵی ڕێکخراوە سینفی و مەدەنییەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ ئەو مەبەستە نەکەین. هەموو ئەوانە و زۆر نموونەی دیکە وای کرد کە باوەڕبەخۆ بوونی ژنان ئەم سنوور و کلیشەیانە ببەزێنێت کە بۆ ژنان داندرابوو، و هەروەها زۆر تابۆ کە ژنان شکاندیان. زانست سەلماندوویەتی کە ژنان لە بواری کاری بەڕێوەبەری و پرسی بڕیاردانەوە دەتوانن لە هاوکات چەندین بوار و ڕەهەندی جیاوازەوە هاوکاری یەکتر بکەن. کاراکتەری



ژنبوون لە زۆر بارەوە لەسەر شێوەی خەبات و هەماهەنگیی زیاتر شوێنی داناوە، بۆیە دەبینین بەگشتی ئەم بەشدارییە و ئەم پێشەنگایەتییە زیاتر بێت و دەسکەوتەکانیشی هەم بۆ بزووتنەوەی مافخوازانەی ژنان و هەم جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان پتر بێت.

لەم ڕاپەڕینەدا ژنان بە تێگەیشتنی زیاترەوە، نەک وەک پاشکۆی پیاوان و لە ڕووی خۆشەویستی بۆ مێرد و برا و هاوڕێ وەکوو پێشوو تێکەڵ بە شۆڕشەکە نەبوون، بەڵکوو ئەم جارە وەک «سوبژە»یەک عاملییەتی خۆیان پێشان دا و لە ڕیزی ڕێبەرایەتیی ڕاپەڕینەکەدا جێیان گرت. ئەمە هەنگاوێکی گەورە و قەڵەمبازێک بۆ پێشەوە بوو. ئەوەی ئێمە لەو ماوەیەدا لە ژنانمان بینی، لەنێو دڵی شۆڕشەکە و ئاراستەبەخشینی، لە پەراوێزی شۆڕشەکە بۆ شوێندانەریی زیاتر، لە هاندان بۆ خۆڕاگری و لە ئێستاشدا کە بە شێوەی جۆراوجۆر ژنان بەشیان بە ڕەمزەکانی بەردەوامی و بەرخودانی کۆمەڵگەوە هەیە، دەسکەوتێکی یەکجار مەزنە کە هەر خۆی هەوێنی سەرکەوتن و دەسکەوتی پتریش بۆ بزووتنەوەی مافخوازیی ژنانە.

**بەڕای جەنابتان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەک خۆی و لە ئاستی چاوەڕوانییەکاندا پشتیوانییان لە شۆڕشی ژینا کردووە؟**

پێش لە وەڵامدانەوەیەکی ڕوون بەو پرسیارە، دەبێ لە خۆمان بپرسین کە ئێمە چ چاوەڕوانییەکمان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بووە. داواکانمان چ بوون و چۆن و لە چ کات و بە چ شێوەیەک خستوومانەتە بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەت؟ لەلایەکی دیکەوە دەزانین کە لە هەر دامودەزگایەکی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی بڕیارات و کۆنڤانسیۆن و گرێبەستی دوولایەنە و چەندلایەنە هەیە. بۆیە دیسان دەگەڕێینەوە بۆ سەر ئەو خاڵەی داخوازییەکانی ئێمە چەندە واقعبینانە و لاقیان لەسەر عەرزی بووە. لەگەڵ ئەوەشدا بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر شۆڕشی ژینا بە هەستیارییەوە جووڵایەوە. سیاسەت و توندوتیژییەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕژێمی ئێرانی مەحکووم کردووە، پشتیوانیی لە شۆڕش و نارەزایەتی و مافەکانی خەڵکی ئێران کردووە و هاتنە سەرشەقام و داواکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتەیان بە ڕەوا زانیوە. بەڵام لە هەمان کاتدا لە چوارچێوەی بەرتەسکی گرێبەست و پەیمانەکانی نێوان خۆیان، تەنیا لە گۆشەنیگای مافی مرۆڤەوە جووڵاونەتەوە و لە مەیدانی کردەوەدا بڕیارەکانیان لە ئاستی چاوەڕوانی شۆڕشی خەڵکی ئێراندا نەبووە. ئەگەر ئاکامگیرییەک لەو باسە بکەم دەتوانم بڵێم ناتوانین پشتیوانییەکانی کۆمەڵگەی جیهانی نەبینین و هاوکات ناشتوانین بڵێین کە پشتیوانییەکانیان لەو ئاستەدا دەسکەوتێکی ئەوتۆ و زۆر دیار و بەرچاوی بۆ خەڵکی ئێران و ڕاپەڕینەکەیان بووە.

**ئەوەندەی بۆ قورسایی ڕۆڵی ژنان لە کوردستان و ئێران لەو بزووتنەوەیەدا دەگەڕێتەوە، ئاخۆ ئەوان توانیویانە کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرامبەر ئەو هەموو زوڵم و سەرکوت و کوشتارەی کۆماری ئیسلامی و پێشێلکارییانەی مافەکانی مرۆڤ هەبێت؟**

زۆربەی زۆری کاریگەرییەکان و ئاڵوگۆڕەکان سەرەتا لە بازنەکانی یەکەمەوە دەست پێ دەکەن. بۆ نموونە ئەم ئاڵوگۆڕانە لەنێو بنەماڵەوە بۆ دراوسێ، لە گەڕەکێکەوە بۆ شارێک و لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر و ئەو بازنەیە بەردەوام بڵاو و بڵاوتر دەبێتەوە. بەو پێیە خەباتی ژنان بۆتە هۆکاری هێندێک ئاڵوگۆڕ لە ئاستی ئێراندا و دەنگدانەوەی زۆریشی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا بووە. بەڵێ ڕاستە دەنگ و ئیرادەی ژنانی کوردستان و ئێران دنیای ڕاچڵەکاند و ئێستاش ئەو دەنگ و ڕەنگ و کاریگەرییە لە زۆر بواردا دەبینین؛ بەڵام ئەمە ڕاستەوخۆ نەبووەتە هۆی ئاڵوگۆڕێک تا وڵاتانی دەرەوە و دامودەزگایەکی نێودەوڵەتی بڕیارەکانی بۆ بگۆڕێ. بۆ نموونە ئەگەر باس لە حیجابی زۆرەملێ دەکەین، باس لە دەستبەسەرکردنەکانی ژێر ١٨ ساڵ دەکەین، ڕەوشی زیندانییەکانمان مەبەستە و باسی سلامەتی و پێڕاگەیشتنی پزیشکی بە برینداری خۆپێشاندانەکان دەکەین و، ئەگەر سەرنجمان لەسەر ئێعدامی بەندکراوان لە ئێرانە؛ دەبێ بڵێم مخابن هەتا ئێستا لە هیچ بارێکەوە دامودەزگای نێونەتەوەیی نەیتوانیوە ببێتە هۆکاری ئاڵوگۆڕ و کەمکردنەوە، یان یەکلاکردنەوەی ئەم خاڵانەی ئاماژەیان پێ کرا. مخابن هەتا ئێستا کۆمەڵگەی جیهانی ئەم پرس و بابەتانەی



بەستۆتەوە بەوەی ئەمانە هێندێک بابەتی نێوخۆیی وڵاتێکن، کە ئێمە دەتوانین زارەکی فەقەت مەحکوومیان بکەین، لە حاڵێکدا بەپێی هێندێک پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی کە ئێرانیش ئیمزای کردوون؛ ئەگەر وڵاتێک پێشێلی ئەم ڕێوشوێنانە بکات دەبێ لێپرسینەوەی لێ بکرێت. ئێمە بینیمان کە ئێرانیان لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژنان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان لادا، ڕاستە ئەمە دڵخۆشکەر بوو، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی لەسەر شێوەی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ژنان لە نێوخۆی وڵات دانەنا. یان هەموومان دەزانین کە سپای پاسداران بەتەواوی بەرپرسە لە سەرکوت و توندوتیژییەکان لە نێوخۆی وڵات و قەیرانخوڵقێنییەکان لە دەرەوەی ئێرانیش، بەڵام هەتا ئێستاش هەموو دژکردەوەی کۆمەڵگەی جیهانی سزادان و تەحریمکردنی چەند کەس لە سپای پاسداران بووە کە ئەمە شوێندانەرییەکی لەسەر بنەڕەتی بابەتەکە دانەناوە. بۆیە هەڵوێستی کۆمەڵگەی جیهانی لەو ئاستەدا نەیتوانیوە ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی بگۆڕێ و ئەمە سووچ و تاوانی ژنان لە ئێران و کوردستان نییە کە قوربانیدان و قورساییەکەیان کاریگەریی نەبووە؛ بەڵکوو ئەمە پێوەندیی بە بەرژەوەندیی ئەو وڵاتانە و ساتوسەودای ژێربەژێریان لەگەڵ ڕێژیمەوە هەیە کە ئەوان نەیانویستووە ئەو بەرژەوەندییانە بۆ خەڵکی ئێران بخەنە مەترسییەوە.

ئەگەر بە ڕوونی باس لە پێگەی ژنانی کورد لەنێو دیاسپۆرای کورد و ئێرانی بکەین، هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ کارکردی ژنان و ڕێکخراوە کوردییەکانی ژنان لە دەرەوەی وڵات چییە؟

لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشووشدا باسم لەوە کرد کە ژنانی کورد لە دەرەوەی وڵات چ وەک تاکی سەربەخۆ، یان سەر بە ڕێکخراو و حیزبەکان چالاکن. هاوکات نەوەیەکی نوێش کە نە سەر بە حیزب و ڕێکخراوەکانن و نە تا ئێستاش بوونەتە خاوەنی ئەو ستاتۆیەی کاریگەریی پردیاریان لە هاوکێشەکاندا هەبێت و بەپێی ئەو قورساییە بناسرێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە پشتیوانییان لە خەڵکی ستەملێکراوی نێوخۆ و گەیاندنی دەنگی ئەوان بە شەقام و بیروڕای گشتیی وڵاتان، بە تێکەڵاوییەک لە هەستی نەتەوەیی و بگرە بڕوابەخۆبوون و ویست و داخوازی فێمێنیستیشەوە لەسەر شەقامەکان بوون و وێڕای ئەندامانی ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان چالاک بوون. ئەم گرووپە لە کچان و ژنان لە ڕوانگە منە لە ئەرکی گەیاندنی دەنگی ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵات بە چەند هۆکار لەچاو گرووپ و لایەنەکانی دیکە سەرکەوتووتر بوون: یەکەم؛ بە زمانی بێگانە و کولتووری وڵاتی نیشتەجێیان ئاشناتر بوون و لە گەیاندنی پەیامەکاندا بەباشی دەرکەوتن. دووهەم؛ لە باری کاری تەشکیلاتی و ڕێکخراوییەوە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا قەتیس نەکرابوون کە لەگەڵ کێ و کەی و بۆچی و لە کوێ کار دەکەن و هەوڵ دەدەن. سێهەم؛ پتر دەرکی دۆخی هاوتەمەن و نەسلی خۆیان لە نێوخۆی وڵاتدا دەکەن و لە زمان و ویست و خولیاکانیان تێ دەگەن. چوارەم؛ لە دنیای دەرەوە واتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە دامودەزگای دەوڵەتی و نێودەوڵەتیدا باشتر وەردەگیران لە، رووەوە کە وڵاتان و رێکخراوەکان نەدەکەوتنە بەر لۆمەی دەوڵەتی ئێران کە مەسەلەن بۆچی لەگەڵ نوێنەری فلان حیزب و رێکخراوە یان کەسایەتیی سیاسی دانیشتنتان بووە و ... . هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە حیزبەکان، رێکخراوەکانی ژنان یان کەسایەتییە سەربەخۆکانی دی وەپاش کەوتبێتن. بەڵکوو سەرنجی ئێمە دەبێ لەسەر ئەوە بێت کە کەی و لەکوێ و بە چ کاناڵێکدا دەنگی خەباتی ژنان لە ئێران بگەیەنینە شوێنی خۆی کە کاریگەری دابنێت. بۆیە لەم بارەوە ئەم نەسڵە نوێیە لە قەدەر کەمئەزموونیی کاری سیاسی و رێکخراوەیی و تەنانەت بەشێکیان رەنگە لە ئێران و کوردستانیش نەژیابن، توانییان کاریگەریی باشیان هەبێت. **هاوکات کەسایەتییە سەربەخۆیەکانیش لە زۆر لایەنی وەک کاری مەیدانی و رایەڵە و ماددیشەوە دەستیان دەگیرا و ئەوانیش بە رێگای خۆیاندا کە بە مەبەست کاناڵیزە کرابوو، توانییان تا رادەیەک سەرنجی دامودەزگای نێودەولەتی رابکێشن. بەڵام ئەوەش خۆی جێگای پرسیارە کە لە دەرەوەی مانۆڕ و راگەیاندن و پروپاگەندەوە و دەرکەوتن لە کۆنفرانسەکان توانییان و کرا درووویەک لە قالبی خەڵکی ئێران و ژنان لە نێوخۆی وڵات دەربێنن؟**
کە دیارە ئەمە باسێکی دیکەیە و کورد گوتەنی ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەبات.

لە پێوەندی لەگەڵ رێکخراوەکانی ژناندا. رێکخراوەکان زۆرن، بەڵام هەمووومان دەزانین کە رێکخراوەی سەربەخۆی ژنان یان زۆر کەمن، یان ئەگەر هەن ئەم برشت و توانا و زەرفییەتی شوێندانانیان لانیکەم لە قۆناغی هەستیاری شۆڕشی ژینادا نەبووە. راستە ئەوانیش ئەوەندەی لە دەستیان هاتووە کردوویانە، لە بەشداری لە خۆپیشاندانەکاندا، لە پەیوەندی گرتن و دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ دامودەزگای دەوڵەتی و نێودەوڵەتی، لە بەشداری لە کۆنفرانس و تەنانەت پیکهێنانی کۆنفرانسەکانیشدا؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەک باسمان کرد دەوڵەتان لەسۆنگەی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆیانەوە لەئاست گەلی راپەڕینەکە لە نێوخۆ و هەوڵی رێکخراوەکان لە دەرەوە نەجووڵانەوە.

ئەگەر کۆبەندی ئەو باسە بکەم، دەتوانم بڵێم لەگەڵ ئەوەدا کە رێکخراوەکانی ژنان بەپێی زەرفییەتەکانیان دەیانتوانی چالاکتریش بن، بەڵام دیسانەکەش هاوکێشە سیاسییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا شتی دیکە دەخوازن کە لە ئیرادەی ئەو رێکخراوانە بەدەرن.

**ئەی ئەگەر ئاوڕ لە رۆڵی حیزبە سیاسییە کوردییەکان بدەینەوە. ئاخۆ ئەوان توانیویانە دەنگی راپەڕینی خەڵکی کوردستان بن و توانیویانە پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست بێنن؟**

ئێمە دەزانین چەند حەوتوو پێش لە کوژرانی ژینا و دەسپێکی شۆڕشە بووین کە دوو لایەنی حیزبی دێموکرات بە یەکگرتنەوەی خۆیان و وەسەریەکخستنەوەی ریزەکانیان هەم ئاواتێکی گەورەی خەڵکی کوردستانیان بەدی هێنا، هەم ئاسۆی گوڕوتین بەخشین بە خەباتی سیاسیی کورد لە ئێرانیان روونتر کرد. ئەو یەکگرتنەوەیە و گوتاری حیزبی دێموکرات بەتایبەتی لە رەوتی شۆڕشی ژینا و لە خۆپیشاندانەکانی سەرشەقام و راپەرینەکەدا بەتەواوی رەنگی دابووە. سیاسەت و رەفتاری حیزبەکانیش کە من زیاتر باسی حیزبی دێموکرات دەکەم، لە هەمبەر شۆڕشی ژینا و دۆخی خەڵک و راپەرینەکە لە نێوخۆ بەرپرسیارانە بووە.

لە رەوتی شۆڕشەکەدا کە دواتر یەکگرتنەوەی دوو باڵی کۆمەڵەشی بەدوودا هات، حیزبەکان لە بەرامبەر هەست و بە دەنگەوەهاتنی خەڵک ئەرک و بەرپرسایەتیی زیاتریان لەسەر شانی خۆیان هەست پێ کرد و ئەوانیش بە یەکگرتوویی نێوانیان توانییان لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییشدا ببنە سەرچاوەی ئاڵوگۆڕ. بەو مانایە شۆڕشی ژینا بووە هۆی ئەوەی لایەنە جیاوازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە روونی ئاراستە و گوتاری سیاسیی خۆیان بەئاشکرا بۆ خەڵک بخەنە روو. ئەمن لام وایە حیزبە کوردییەکان و بەتایبەت ناوەندی هاوکاری لەو دۆخەدا باش جووڵانەوە و سیاسەتی ناوەندی هاوکاری هەم پرستیژی بە خەباتی سیاسیی کورد لە ئێران بەخشی و هەم توانی سەرنج و پشتیوانییەکان پتر بۆ دۆزی کورد لە ئێران رابکێشێت. لە ماوەی ئەو ٩ مانگەدا هەوڵی دیپلۆماتیکی باش لەلایەن حیزبە کوردییەکانەوە دراوە. کۆبوونەوە و هاودیتنی زۆر بۆ لێکتێگەیشتن و ساغبوونەوە لەسەر خاڵە هاوبەشە جەوهەرییەکان لە نێوان حیزبە کوردییەکان [پتر مەبەستم حیزبی دێموکراتە] و لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆندا کراون. چالاکیی هاوبەش لە فۆرمی خۆپیشاندان، کۆنفرانس و بەشداری دیبەیت و وتووێژەکان، دیداری تایبەت و پەیوەندیی تایبەت بۆ گۆڕینەوەی بیرورا لەگەڵ دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان بووە کە بەشێکیان بەمێدیایی کراون و بەشێکی نا. بەڵام بێگومان کارکردی حیزبە سیاسییە کوردییەکان لە گەیاندنی دەنگی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و ئێران بە دەوڵەتان و دامەزراوە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانە باش و ئەرێنی بووە. پێشتر باسی پێوەندیی وڵاتانی دەرەوە لەگەڵ ئێرانمان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانیان کرد، بەڵام ئەو بەرژەوەندییانە بەردەوام دەکرێ ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێت و ئەوانیش بە نیسبەتی داهاتووی ئێران هەستیارن و بەوپێیە لەسەر خەتن. بۆیە لەو چوارچێوەیەدا حیزبە کوردییەکان بەجێ نەماون و کاری خۆیان کردووە، بەڵام ئەوەی کە ئاکامی زۆر بەرهەستی لێ نەکەوتوتەوە، هۆکارەکەی بۆ نەبوونی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئەو رێژیمە دەگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا حیزبەکان دەبێ میکانیزمێک ببیننەوە کە ببنە فاکتەری سەرەکی و وڵاتان بەرژەوەندیی راستەقینەی خۆیان لە پەیوەندی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا ببینەوە کە نوێنەرایەتیی خەڵکی کورد دەکەن؛ نەک رێژیمی ئێران کە ئەمەش دیسان کەمایەسییەکی دەگەڕێتەوە بۆ بەشەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن. ئەگینا هەم جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە نێوخۆی وڵات و هەم پێگەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا تەعبیر لە پێشەنگایەتیی کورد لە ئێران و بەها و بایەخە شۆڕشگێڕانە و دیموکراتیکەکانی جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ئێراندا دەکەن.

درێژەی بابەت: ل١٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئاسۆ مینبەری

# مانای توندوتیژی نازانێ!

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، هەندێک لە هەواڵدەرییەکان بە بڵاوکردنەوەی مانشێتێک، سەرنجی خەڵکیان بۆ لای بابەتێکی گرینگ ڕاکێشا، کە گوایە هاوژینی ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆککۆماری ڕێژیمی ئێران لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ تلویزیۆنی دەوڵەتیی وێنێزۆئێلا وتوویەتی: «بۆچی ئێمەی ژن دەبێ وەکوو پیاوان بژین، یا وەک ئەوان کار بکەین و بخوێنین، ئەمە توندوتیژییە».

وردبوونەوە لە قسەکانی ئەم ژنە، تەنیا نیشاندەری یەک تایبەتمەندیی گرینگە، ئەویش نەبوونی ئاوەز و تێگەیشتنە. لە سەردەمێکدا کە مرۆڤەکان شانبەشانی یەکتر و بە بێ گرینگیدان بە ڕەگەز، هەوڵ دەدەن پلەکانی سەرکەوتن تێپەڕ بکەن و بە سەرکەوتنەکانیان هەوڵ ئەدەن جێگایەکی بچووک لەم جیهانە پان و بەرینەدا بۆ خۆیان و ناسینەوەی خۆیان بدۆزنەوە، کەسانێک لە چەشنی ئەم بوونەوەرە باس لەوە دەکەن کە کارکردن و خوێندنی ژن وەک پیاوان، توندوتیژییە! وەک بڵێی تاکوو ئێستا چاو و گوێی لە ئاست هەموو ئەو توندوتیژییانەی کە هاوسەرەکەی و باقی ئاخوندەکانی سەر بە ڕێژیم بەرانبەر بە خەڵکی بێتاوان کردوویانە، کوێر و کەڕ بووە و هەر نازانێ توندوتیژی چ مانایەکی هەیە.

لەوەتەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هاتووەتە سەر کار و دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە، هەوڵی داوە کە هیچ پێگە و بایەخێک بۆ ژن نەهێڵێتەوە، هەر لەم پێناوەدا بە دارشتنی بەرنامە و پیلانی جۆربەجۆر، ژنانی لە بوون و شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان داماڵیوە. بینیمان کە چۆن هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە حیجابی زۆرەملێی بە بەشێکی نەگۆڕ لە ژیانی ژنان و کچان پێناسە کرد و بە پەروەردەی ئیدئۆلۆژیک هەوڵی دا وەها ئەم بیرۆکە بەسەر مێشکیاندا زاڵ بکات کە بەشێکی بەرچاو لە ژنان، ئێستاشی لەگەڵدا بێت شەڕ بۆ ڕاگرتن و مانەوی ئەم حیجابە زۆرەملێیە دەکەن. ڕێژیم لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵی دا پێناسەیەکی نوێ لە ژن بێنێتە ئاراوە و وای پێناسە بکات کە هەموو هۆکاری بوون و خولقانی تەنیا بۆ بەردەوامبوونی وەچەیە، کچ لە دایک ئەبێ تاکوو خزمەتکارێکی باشی بنەماڵەی پیاومەزن بێت و ساڵەکانی ژیانی بە داوێنپاکی تێپەڕێنێ تاکوو بتوانێ لەوپەڕی باشی و سەرکەوتندا، کەسێکی وەکوو دایکی دەربچێ! گوێڕایەڵ، هیچ نەزان و بە دوور لە هەر چەشنە فاکتەرێکی ئەمرۆژیبوون. لە ڕاستیدا ئەم چەشنە لە پێناسەکردن بە بێ جیاوازی، هەموو ژنانی جوغرافیای دەستکردی ئێرانی گرتەوە، بەڵام بە هۆکارگەلی سیاسی و فەرهەنگی لە بەشگەلێکی وەکوو کوردستاندا توندوتۆڵتر بەڕێوە چوو، کە نموونەی بەرچاویشی وەک پێشتریش باس کراوە، کوژرانی کچێکی کورد لە تارانی پێتەختی ڕێژیم لەسەر ئەم حیجابە زۆرەملێیە بوو، چونکە زۆر جاریش باس کرا ئەگەر ژینا کورد نەبوایە و لە تارانی پێتەختی ئاخوندەکاندا وە چنگ داگیرکەران نەکەوتبایە، ڕەنگە ڕووداوی لەم چەشنە هەر ڕووی نەدابایە، واتە فاکتەری کوردبوونی ژینا، جیا لە ژنبوونی لەم توندوتیژییە ئاشکرایەدا زەق و بەرچاوە، هەر بۆیەشە کە جەمیلە عەلەمولهودا بە بێ سەرنجدان بەم بابەتانە، ئازادیی تاکەکەسیی ژن و مافە سەرەتاییەکانی دەباتە چوارچێوەی توندوتیژییەوە.

ئەوەی کە لە ماوەی زیاتر لە ٤ دەیەی ڕابردوودا بینراوە، هەڵاواردنی ئاشکرا دژی ژنان بووە، هەڵاواردنێک کە لە کتێبە دەرسییەکانەوە و بە وێنەی سەر ڕووبەرگی کتێبەکان دەستی پێ کرد و وای کرد کە کچان و کوڕان وەکوو دوو دەستە بوونەوەری جیاواز پێناسەی یەکتر بکەن کە ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان لە یەک نزیک ببنەوە تووشی گوناهێکی گەورە دەبن، هەر بۆیە بە بڤە پێناسەکردنیان بۆ یەکتر، هەر لە سەرەتاوە وایان کرد کە هەندێ هەنجار لە مێشکیاندا جێگیر بێت کە گۆڕین و چارەسەرکردنیان پێویستی بە کات و زەمەنێکی درێژخایەنە. کچەکان لە کار و تێکۆشانی پراکتیک دوور کەوتنەوە بەو بیانوویە کە ڕەگەزیان ناسکە و کوڕەکانیان وا بار هێنا کە بتوانن هەموو کارێکی قورس و ماندووکەر بکەن


**جەمیلە عەلەمولهودا کاتێ باس لە توندوتیژی دەکا، بەڕاستی نازانێ توندوتیژی چییە یان ئەشکەنجەی ژنان و پیاوان، لەسێدارەدرانی ڕۆژانەی خەڵکی بێتاوان و دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ژنان و کچان و بە سەدان تاوانی دیکە کە بە بڕیاری هاوسەرەکەی بەرانبەر بە خەڵک دەکرێن بە توندوتیژی نازانێ!**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگینا لە پیاوەتییان کەم دەبێتەوە! هەر ئەم هەڵاواردنە ئاشکرایە وای کرد کە کۆمەڵگە بوو بە دوو لایەن، لە جیاتی ئەوەی ژنان و پیاوان تەواوکەری یەکتر بن و بەپێی حەز و ویستی دەروونیی خۆیان دەست بۆ کار و چالاکیی دڵخوازیی خۆیان بەرن، هەر کامەیان بە لایەکدا کەوتن و کارەکانیان دابەش کرد بە سەر دوو بەشی ژنانە و پیاوانەدا! و وەکوو دوژمنی یەکتر پێناسەیان بۆ کردن ئەویش بەم لۆژیکەوە کە ژن دەبێ خانم و خاتوونی ماڵەوە بێت و پیاویش بەیانی هەتا ئێوارە خەریکی ئارەق ڕشتن تاکوو پاروویەک نان بۆ ئەو ژنە پەیدا بکات، هەر بۆیە کەسێکی وەکوو هاوسەری ڕەئیسی لەوپەڕی نەزانیدا و چونکە ئەویش درێژەدەری ئەم هەڵاواردنەیە، کارکردن و خوێندن بۆ ژنان بە توندوتیژی دەزانێ!

لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەموو تاکەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان قوربانین، قوربانیی دەسەڵاتێک کە لە ماوەی زیاتر لە ٤ دەیەدا جگە لە وانەی حیجاب و پاراستنی عیفەت و پاکداوێنی بۆ ژنان و دڵرەقی و سەختبوون بۆ پیاوان، هیچ شتێکی تری پێ نەبوو. لە ڕاستیدا هەموو دەسەڵاتێکی تۆتالیتەر وایە، بۆ ئەوەی کە بتوانێ ئیدئۆلۆژیی خۆی بخاتە مێشکی خەڵکەوە، یاساکانی بە جۆرێک دادەڕێژێت کە هەموو گوێڕایەڵ بن، مرۆڤەکان لە بوون و خواستی ڕاستەقینەی خۆیان دادەماڵێ تاکوو بەو شێوازە هەڵسوکەوت بکەن کە ئەو دەیەوێ، لێرەدایە کە خەڵک دەبنە قوربانیی ئەو دەسەڵاتە چونکە لە ئەگەری بەرەنگاربوونەوەدا، سزای مەرگیان بەسەردا دەسەپێت و بێگومان لەژێر کاریگەریی ئەو پەروەردە ئیدئۆلۆژیکەدا زۆرینە قوربانیبوون هەڵئەبژێرن نەک مردن! کۆماری ئیسلامی ئەمەی کرد، بە توندوتیژیی ئاشکرا، خەڵکی هێنایە سەر ئەو قەناعەتە کە وەکوو قوربانی خۆیان پێناسە بکەن، بۆیە پاش زیاتر لە ٤ دەیە ئێستاش ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵک ئامادە نین بە هیچ قیمەتێک بەرەنگاری ئەم ڕێژیمە ببنەوە. بەڵام خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە خودی هاوسەرەکەی ڕەئیسیش یەکێک لە قوربانییەکانە، ژنێک کە بە هۆی خوێنمژبوونی هاوسەرەکەیەوە لە چوارچێوەی سیستەم و دەسەڵاتێکدا تواوەتەوە و لە بوونی ڕاستەقینەی خۆی چ وەک مرۆڤ و چ وەک ژنێک داماڵراوە، دەسەڵاتی



**خەڵک دەبنە قوربانیی دەسەڵاتی تۆتالیتەر چونکە لە ئەگەری بەرەنگاربوونەوەدا ، سزای مەرگیان بەسەردا دەسەپێت و بێگومان لەژێر کاریگەریی ئەو پەروەردە ئیدئۆلۆژیکەدا زۆرینە قوربانیبوون هەڵئەبژێرن نەک مردن!**

تۆتالیتەر، مێشک و زەینی داگیر کردووە و بەو شێوازە هەڵیدەسووڕێنێ کە خۆی پێی خۆشە، کەوابوو ئیدی لە ڕوانگەی ئەویشەوە، هەر ئەو شتە درووستە کە دەسەڵات دەیەوێ، ئەویش ئەمەیە: بوونی ژنی گوێڕایەڵ کە خوێندن و کارکردن و سەربەخۆیی ئابووری بە دوژمنی خۆی بزانێت و لە ئاساییترین حاڵەتدا پێی وابێ توندوتیژییە!

ڕەنگە ئەم قسەیەی جەمیلە عەلەمولهودا بۆ زۆر کەس گرینگ نەبێ و زۆر ئاسایی بەلایدا تێپەڕن بەڵام، بێگومان قووڵبوونەوە لە وشەکان وا دەکات کە ناچار بە بیرکردنەوە بین، بیرکردنەوە لەوەی کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا، هاوسەری بەرپرسە باڵاکان کێبڕکێی زانست و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆیان دەکەن و هەوڵ دەدەن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە نوێکردنەوەی ڕوانینەکانیان، ژیانی کۆمەڵگە و وڵاتەکەیان باشتر بکەن، کەچی لە وڵاتی بەڵالێدراوی ئێراندا، هاوسەری کاربەدەستانی خوێنمژ، دەبنە هاوکار و هاوەڵی هاوسەرەکانیان تاکوو باشتر خوێنی خەڵک هەڵمژن.

جەمیلە و جەمیلەکان دەبنە نوێنەری ژنانی ئەو وڵاتە و تریبوونیان پێ دەدرێت تاکوو بە ڕووهەڵماڵراوییەوە، سەرەتاییترین مافەکانی ژنان بە بەرچاوی جیهانەوە بە توندوتیژی ناو ببەن و شانازی بە نەخوێندەواری و دواکەوتوویی خۆیانەوە بکەن کە لە سەدەی ٢١دا و لە کاتێکدا کە هەموو شتێک بە پێوەری زانست دەپێورێ، وتە کۆنەکانی سەردەمی نەزانی بێننەوە گۆڕێ و شانازی بە دواکەوتوویی خۆیان و وڵاتەکەیانەوە بکەن.

جەمیلە عەلەمولهودا کاتێ باس لە توندوتیژی دەکا، بەڕاستی نازانێ توندوتیژی چییە یان ئەشکەنجەی ژنان و پیاوان، لەسێدارەدرانی ڕۆژانەی خەڵکی بێتاوان و دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر ژنان و کچان و بە سەدان تاوانی دیکە کە بە بڕیاری هاوسەرەکەی بەرانبەر بە خەڵک دەکرێن بە توندوتیژی نازانێ! بێگومان جەمیلە خانمی، هاوسەری ئیبراهیمی ڕەئیسی کە تەنیا یەکێک لە نموونەکانی درندەبوونی، تاوانەکانی ساڵی ٦٧ە، باشتر لە هەموو کەس دەزانێ کە لەژێر پێستی شارەکانی ئەو ئێرانەدا و لە سووچ و قوژبنە جیاوازەکانیدا چی بەسەر خەڵکی داماو و چارەڕەشی ئێراندا دێت، بەڵام بەرژەوەندیی نیزامی ویلایەتی فەقیهـ لەلایەک و خۆشڕابواردنی خۆیان وەکوو ئەربابان و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بە سامانی نەتەوەییەوە وا دەکات کە ئێران بە بەهەشتێکی ڕووت وێنا بکەن، لێرەدا قسەی کۆتایی ئەمەیە، کاتێ کە هەموو جیهان، بە درێژایی ٤٠ و چەند ساڵی ڕابردوو، بینیویانە کە کۆماری ئیسلامی لە ئاست خەڵکەکەی خۆیدا چەندە درندە و خوێنمژە، بۆچی دەبێ بوونەوەرێکی کاڵفامی وەک هاوسەری ڕەئیسی یا هەر ژنێکی دیکە لەو دەسەڵاتە کە ئاوێنەی باڵانوێنی گڵاوبوونی ئەو دەسەڵاتەیە تریبوونی پێ بدرێت و کێشە و ئاریشەکانی ژنان پشتگوێ بخات و مافە سەرەتاییەکانی ژنان وەکوو توندویژی پێناسە بکات؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ماریا وەیسی

# شۆڕشی ژینا و مەسەلەی قەیرانی سەروەری لە ئێران



چەندین پرسی سەرەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئێران وەک قەیران گەلی لە مێژینە و قووڵ هاتنە ئاراوە کە سەرنجی لێکۆڵەران، کۆمەڵناسان و سیاسەتوانان و چالاکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، یەکێک لەو بابەتانە کە ئەم نووسراوە مەبەستیەتی مەسەلەی نەبوونی ڕەوایی سەروەری لە ئێرانە کە لە شەقامەکان بە ڕوونی بۆ هەمووان دەرکەوت. لێرە تێدەکۆشم ئەم بابەتە لە چوارچێوەی شۆڕشی ژینا پێشکەش بکەم.

دوای کوشتنی ژینا ئەمینی بە دەست پۆلیسی حیجابی دەوڵەت لە تاران پایەتەختی وڵاتی ئێران بووە بە هۆی سەرهەڵدانی نارەزایەتی کۆمەڵانی خەڵک، ئەم سەرهەڵدانە نوێیە هەموو ترس و دڵەڕاوکێی دەوڵەت و سیاسەتوانان و بیرمەندانی نەتەوەی سەردەست، کە ساڵهایە بەو ترسەوە سەر دەنێنەوە خستە ڕوو، لەلایەکی ترەوە ئەم سەرهەڵدانە نوێیە لەگەڵ خۆی کۆمەڵێک بەها و ئاواتی سیاسی – فکری زەق دەکاتەوە کە جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان نەتەوە بندەستەکان، ژنان و جیا بیران و پەراوێز خراوەکان و هتد... لەگەڵ ناوەندەوە کە بە ڕوونی دەردەخات و ڕەوایی سەروەری لە ئێران دەخاتە ئالنگاریەوە. شۆڕشی ژینا فرەییخواز، دیموکراتیک، شوناسخوازی و یەکسانیخوازە. لە کاتێکدا بە سەقامگیر بوونی دەوڵەتی مۆدێرن لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕەزا شای ئێران تا بە ئەمڕۆ هەوڵ و ستراتیژی سەرەکی لە ئێران بیرۆکەی یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک ئایینی بوونی ئێرانە.

بە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئێران سێ شێوازی بیری نەتەوەخوازی هەوڵیان داوە پایەکانی دەوڵەتی مۆدێرن لەسەر ئەساسی نەژادی ئاریایی بەهێز بکەن. ئەم سێ ڕەوتە بریتی بوون لە، ڕەوتی یەکەم، لیبراڵ و نوێخوازەکان کە لە ژێر باندۆری شۆڕشی مەزنی فەرەنسا١٧٨٩ بایەخەکانی دادپەروەری و ئازادی، یەکسانی و تاکخوازی، مافی هاوڵاتیبوون حکومەتی یاسا و پەرلەمان و هاوکات جەختییان لەسەر ئێرانیبوون و ئیسلامیبوون دەکرد. کە نوێنەرانی فکری ئەم ڕەوتە میرزا حسێن خان موشیرودەوڵە، موستەشارۆدولە و محەممەد موسەدق بوون. ڕەوتی دووەم بناژۆخوازەکانن لە لە ژێر کاریگەری ڕۆمانتیزمی ئاڵمانی تۆخمە کانی نەتەوەی ئێران لەسەر ڕەگەزی ئاریایی و خوێن و ڕیشەی ئێرانی کۆن و پارسی جەختیان دەکرد کە نوێنەرانی فکری ئەم ڕەوتە جەلال الدین میرزا کوڕی فەتعلی شای قاجار و میرزا فەتحعلی ئاخوندزادە و میرزا ئاقا خانی کرمانی... بوون.

ڕەوتی سێیەم، نەتەوەخوازە ئائینییەکان بوون کە زۆرتر مامۆستا ئائینییەکانی لایەنگری مەشروتە و دژبەرانی ئیمپریالیزم بوون خاڵی هاوبەشی هەر سێ ڕەوت بە نیسبەت نەتەوەکان دژایەتی و دوژمنایەتیکردنی فرەنەتەوەیی بوون لەم جوگرافیایەی بە مانایەک ڕەوتی نەتەوەخوازی ئێرانی لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوە و دژایەتی ئەویتری خۆی کە بە خولقاندنی ئەویتری شەیتانی لە نەتەوەکانی تر بەستێنێکی ڕەخساندووە کە بەردی بناغەیی ڕەوایی سەروەری دەوڵەتی مۆدێرنی ئێرانی لار و گێر دابنرێت و لەلایەن گەلان بە فەرمی نەناسرێت. هاوکات یەکپارچەیی خاک پرس و دڵەخورپەی سەرەکی ئەم سێ ڕەوتە لە نووسینەوەی بەها و بەرژەوەندییە سیاسی و ستراتیژییەکانیان لە بەرانبەر فرەخوازی و شووناسخوازی گەلان بووە.

لە ڕەوتی شۆڕشی ژیناوە بە ڕوونی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی هاوکات لەگەڵ ناوەندە ئەمنییەتیەکان بۆ دڵ ساردکردنەوەی گەلانی ڕاپەریو و هاوئاهەنگ دژی ڕێکخستنی ئاکسیۆنی گەلان ڕۆڵیان دەگێرا. ئەمە لە کاتێکدا لە نێو پایەتەختی

**عەقڵیەتی ناوەندخواز ناتوانێت فرەیی، جیاوازی، مافی گەلان وەک بنەمایەکی دیموکراتیک و مۆدێرن پەسەند بکات لە بازنەیەکی قەیرانئاوی دەخولێتەوە و هەر بۆیە تەنیا ڕێگاچارەی بۆ پرسەکان ڕوانگایەکی فاشیستییانە و ئەمنییەتیانەیە.**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێران دروشمی «تهران کوردستان شود ایران گلستان شود» دروشمێک کە ڕاستی پێشەنگ بوونی خەبات لە کوردستان و گەلان لە نێو شەقامی تاران هاوار دەکات. ئەم پێشەنگییە لە ڕەوتێکی مێژوویی شۆڕشگێڕانە تێپەڕ بووە کە ئەنجامی وشیاری بیری نەتەوەیی و ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان و گەلانی بندەست لە ئێرانە. بەڵام قەیرانی ڕەوایی سەروەری لە ئێران پرسێکی جددی و واقیعییە کە شۆڕشی ژینا نێوەڕۆکی ئەم قەیرانەی کردووەتە ئامانج ئەوەی لە شەقامەکان بەر هەستانە بینەری شۆڕشێکی زەینی لە ڕێی وزە و دەنگی یەکگرتووانەی گەلانی نێو ئێرانین کە سەرچاوە و کاتالیزۆری تێکچوونی کاکڵەی ئاوەزی ئێران شاری لە ڕەوایی دەخات و هێرشێکی بناغەیی و شۆڕشگێڕانە دەکاتە سەر گێرانە و و پرسپکتیڤی ئێران شاری لە بەرانبەر دا مەسەلەی شوناسخوازی و فرەخوازی و دیموکراسی لەنێو گەلان بەرز دەبێتەوە، بابەتێک کە بۆ باوەڕمەندانی بیری ئێرانی قەیرانێکی گەورەیە و لە چاویلکەی ئەمنییەتی یەوە سەیری دەکەن ئەگەر ئەم گریمانە قبوول بکەین وەڵامی پرسیاری ئەوەیکە بۆ لە ئێران ئۆپۆزیسیۆنی نەتەوەی سەر دەست لە ڕەوتی سەر کۆتی گەلان بێدەنگی هەڵدەبژێرێت و ناتوانێت دڵ لە هێزە ئەمنییەتی و سەربازییەکانی ئێران هەڵبگرێت؟ عەقلیەتی ناوەند گەرا سەرچاوەی سەرەکی قەیرانە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ژینگەییەکانی ئێرانە.





**دەنگی یەکگرتووانەی گەلانی نێو ئێرانین کە سەرچاوە و کاتالیزۆری تێکچوونی کاکڵەی ئاوەزی ئێرانشاری لە ڕەوایی دەخات و هێرشێکی بناغەیی و شۆڕشگێڕانە دەکاتە سەر گێرانە و و پرسپکتیڤی ئێرانشاری**

**ئەم سەرهەڵدانە نوێیە هەموو ترس و دڵە ڕاو کەی دەوڵەت و سیاسەتوانان و بیرمەندانی نەتەوەی سەر دەست، کە ساڵهایە بەو ترسەوە سەر دەنێنەوە خستە ڕوو**

عەقلیەتی ناوەندخواز ناتوانێت فرەیی، جیاوازی، مافی گەلان وەک بنەمایەکی دیموکراتیک و مۆدێرن پەسەند بکات لە بازنەیەکی قەیرانئاوی دەخولێتەوە و هەر بۆیە تەنیا ڕێگاچارەی بۆ پرسەکان ڕوانگایەکی فاشیستییانە و ئەمنییەتیانەیە.
دوا بە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێرانی کە هەوڵی سڕینە و لەنێوبردنی کورد و گەلانی تری داوە لە هەمبەر ئەم سیاسەتە داگیرکەرانە بەرخۆدانێک لە لایەن گەلانی بندەست دەستپێدەکات. شۆڕشی ژینا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتین لە بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی ئێران ویستێک کە بەتەواوەتی بەرەی شۆڕشگێڕان و بەرەی کۆماری ئیسلامی ڕوون کردووەتەوە و چی دیکە ناوەند و مەسەلەی یەکپارچەیی ناتوانێت گەلان پەراوێز بخات، لە ڕەوتی شۆڕشی ژینا یەکگرتوویی گەلان دەبێتە ڕەمزێک لە بەرانبەر ڕەمزی ناوەندخوازکان. فرەیی، قەبووڵ کردنی جیاوازی، شووناسخوازی، یەکسانخوازی، ژینگە پارێزی لە بەرانبەر یەک دەنگی، فاشیزم، نایەکسانی، بەتاڵان بردن و کاوڵکردن کە بەرهەمی بیری ناوەندخوازی ئێرانییە هەر دوو سیستمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی نوێنەری ئەم جۆر سیاسەتکردنەن لە بەرانبەر نەتەوە وگەلان.
لەم بەشەدا ئاماژە بەتایبەتمەندییەکی گرینگ لە شۆڕشی ژینا بکەم کە بەشداری و یەکگرتوویی ژنان بە تایبەت دایکانی شۆڕشی ژینا و دایکانی دادخواە کە بە دوور لە هەموو فیگورە ڕاگەیاندنییەکان هەیمەنە و سیاسەتی یەکدەست کردن و نایەکسانی بیرۆکەی ئێرانشاری ڕەت دەکەنەوە. بۆیە شۆڕشی ژینا بەستێنسازی دەرفەت بوو بۆ بندەستەکان کە بە شێوازی پێشکەوتووانە و شۆڕشگێڕانە و بەرهەمی ئەزموونی ژیانیان بەشداری چالاکی گۆڕەپانی خەبات بن. شۆڕشی ژینا لە ناوەڕۆکەوە فرەخوازە و دژی پاوانخوازییە. لە کۆتاییدا دەبێت ئاماژە بکەم شۆڕشی ژینا لەگەل خۆی پاشەکەوتێکی مەزن لە ئەزموونی خەباتی شاخ و شار، دیموکراسیخوازی، مامۆستایان و ژنان و هتد... پێیە ئەوەی گرنگە ئەم شۆڕشە ئاڵنگارییەکانی تایبەت بە خۆی هەیە کە دەبێت بە ئیرادەی شۆڕشگێڕانە و بیری ڕەخنەگرانە پەرە بستێنێت تا گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی خۆی لەم چوارچێوەدا بەشداری و ئاڵوگۆڕی ئەزموونی نەتەوە و چین و توێژەکان بەگشتی گەلانی ڕاپەڕیو گرنگی ئەساسی هەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



شەهلا کاوە

# ڕۆڵی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشە پڕشکۆکە

لە شۆڕشە شکۆدارەکەی ئەم دواییانەی ڕۆژهەڵاتدا(شۆڕشی ژینا) بنەماڵەی ئەو لاوانەی خوازیاری بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و بەختەوەر بوون و بۆ ئەو ئامانجەیش گیانی شیرینیان سپارد ڕۆڵێکی تایبەت، جوان و ڕێبەرانەیان گێڕا و بوونە مایەی هیوا و سەرسوڕمانی هەموو لایەک، بنەماڵەی شەهیدان برینداران، زیندانیانی سیاسی ئەو سەرهەڵدانە ڕۆحێکی نیشتماندۆستی و پڕ لە بیری ئازادییان نیشاندا و ئەوەش کاریگەری باش و بەکەڵکی بۆ هەموو ئازادیخوازێکی ئێرانی و کوردستانی هەبوو.

پشتیوانی و شانازی بنەماڵەکان لەو سەرهەڵدانە، نیشانەی ئاستی بەرزی ڕۆشنبیری نەتەوەیی و تێگەیشتوویی لە مافی تاکەکانی کۆمەڵگەیە کە ئەمە زۆر دڵخۆشکەر و دەکرێ زیاتر هیوادار بین بە نزیکبوونەوە لە ڕزگاری لە ژێردەستی و چەوساندنەوە.

خۆشەویسی بێسنووری دایک و باوک بۆ جگەرگۆشە بەجۆرێکە کە دەڵێن منداڵ جەرگی دایک و باوکە واتا ئەندامێکی جەستەی کە زۆر پێویستە بۆ بەردەوامی ژیانی، بۆیە شۆڕشی ژینا تایبەت دەنگدانەوەی باشی لە نێوخۆی ئێران و کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا بوو چوونکە دایکوباوک و بنەماڵەکان تەنانەت بە لەدەستدانی پارچەیەکی جەستەیشیان هێشتا پاشەکشەیان لەسەر ئەو داوایەی ڕۆڵەکانیان سەریان لە ڕێی دانا نەکرد میدیاکان، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ئاکاونتە کەسییەکانیش هەر ڕۆژە و حەماسەت و پێداگری کەسووکاری شەهیدانیان بڵاو ئەکردەوە کە بەدەنگی بەرز هاواری ئازادی و ئەستاندنی تۆڵەی خوێنی ڕۆڵەکانیان ئەکرد، ئەو دایکانەی جەرگیان بۆسۆی سووتانی لێ ئەهات جامانەیان لەسەر ئەکرد و بە شیعری



شۆڕشگێڕی ڕێبازی منداڵەکانیان دووپات ئەکردەوە کە ئەو ورەدانە نیشاندەری ڕەوابوونی خواستی میللەتەکەیان بوو هەر ئەوەش وایکرد گڕ و کڵپە بستێنێ و بەربڵاوتر تەنگ بە دوژمن هەڵبچنێ.

گرینگی پشتیوانی بنەماڵە لە خواستی ڕەوای لاوەکان و نەترسان لە سەرکوت و کوشتاری داگیرکەر بواری بۆ شۆڕشێکی قورس و قایم خۆشکرد کە هەتا سەرکەوتن کەس ناتوانێ بیکوژێنێتەوە .

با کەمێک بگەڕێینەوە دواوە و باسێک لە باشووری کوردستان و کاتی هێرشی داعش بۆسەر کوردستان بکەین، ئەوکات لە ڕۆژهەڵات ئەژیام لە یەکێک لە کاناڵە کوردییەکانەوە حەماسەتی بنەماڵەیەکی کوردی پیشان دەدا ، لاوێک بەدەنگێکی بەرز و پڕ لە وزەی بەرگری دەیگوڕاند «باوکم بە من و براکانمی وتووە ئەگەر جگەرگۆشەی من بن و قسەی منتان بۆ گرینگ بێ هەر ئیستا هەمووتان چەک هەڵدەگرن بەرپەرچی داعش دەبنەوە» کوڕەیش بە چاوی فرمێسکاوی بە هەواڵنێرەکەی دەگوت ئێمە ٣برا کە ئەو قسەیە باوکمان بیست وامانزانی هەموو دونیا یانی کوردستان یان کوردستان هەموو دنیایە بۆیە هەموومان چووینە شەڕی داعش، ئاوایە پشتیوانی و ورەدانی دایک و باوکەکان کە وەک پشتی جەبهەیەکی بەهێز پشتیوانی شۆڕش ئەکات.

لە شۆڕشی ژینادا بنەماڵەی شەهیدان لە حاڵێکدا بوونە پشتی جەبهەی ڕۆڵەکانیان کە ئەیانزانی لەڕووی ڕێژیمێکی بەتەواوی دیکتاتۆری بێ ڕەحمدا وەستاون کە ڕەحم بە منداڵ و پیر و ... ناکات.

خوشکی شەهید "پەیمان مینبەری" (کە لە شۆڕشی ژینادا گیانی بۆ نیشتمان بەخت کرد) دوای شەهید بوونی براکەی کاتێک ژیانی هاوبەش پێکدێنێت لەگەڵ دەزگیرانەکەی لەسەر گۆڕی براکەی ئاوا لەگەڵ ڕۆحی براکەی ئەدوێ: ژیانی هاوبەشمان دەسپێکرد فیداکاری و لەخۆبردوویی تۆ دەکەینە چرای ڕێگای ژیانمان، پەیمان کاکەگیان ئیمڕۆ لە تەنیشت گۆڕەکەت بە دڵێکی خەمبار بەڵام ئیرادەی پۆڵایینەوە بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داخوازییەکانت، ژیان دەست پێ دەکەین».
لە مەهاباد کچی شەهید «شۆڕش نیکنام «گوڵ دیاری ئەباتە جێگای شەهیدبوونی باوکی و پیرۆزبایی لەدایک بوونی لێ دەکات و سۆز و خۆشەویستی بۆ باوکی دەردەبڕێ. کەسوکاری شەهیدان ڕێگا دەبڕن بۆ بینینی یەکتر و باوەش بەیەکدا دەکەن و باوەڕ و ئامانجێکی هاوبەش لەیەک گرێیان دەدات.
ئیستا ئیتر دایکی شەهیدان داماو و دەرمەند نین کە هەر کەس بیانبینێ تەنیا بەزەیی لە ناخیدا دروست بێ بەڵکوو ئیتر ئەوان پەیامی کۆڵنەدان و هاوسۆزی یەک و پێداگری لەسەر خواستی شەهیدان بووەتە پیشەیان، لە بۆکان دایکی شەهیدان تێکڕا جامانە لەسەر و هەوری لەبەرکە ئەو دووە هێمای چەندین ساڵەی شۆڕشی کوردە سەردانی گۆڕی شەهید محەممەد ئاڵیکەندی دەکەن و دایکی شەهیدێک گوڵ پێشکەش بە دایکی شەهیدێکی دیکە دەکات و لە ئامێزی ئەگرێت و هەموو تێکڕا سروودی نیشتمانی دەخوێنن؛ ئەمانە لەگەڵ دڵتەزێن بوونی کۆستەکە ورە و هیوا ئەخاتە دڵی شۆڕشگێڕان.
لە هێرشی ئاسمانی سپای پاسداران بۆ سەربنکەکانی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان کە دەیان شەهید و بریندارى لێکەوتەوە لەنێو شەهیدەکان ژنێکی دووگیان و کۆرپەی ناوسکی شەهید بوون، لەدوای ئەو هاوسەری ژنە شەهیدەکە(زانیار ڕەحمانی)پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات کاتێک تەرمی منداڵە شەهیدە دونیا نەدیوەکەی لە ئامێز گرتبوو لەگەڵ ئەو برینە قورسەدا لە بەردەم میدیاکان زۆر وەفادارانە بە ورەوە بەڵێنی درێژەدەری ڕێگای شەهیدانی دەدا و سوورتر لە جاران قسەکانی پڕ بوون لە ئیرادەی شۆڕشگێڕی، پاشان دەڵێ نەوە بە نەوە بە منداڵەکانمان دەڵێین بۆ ئازادی تێکۆشن.
هەموو ئەو کاردانەوە حماسی و جوانە ئەو گشتە چاوکراوەیی و حەزە بۆ ڕزگاری هێزی پاڵنەری شۆڕشن بەرەو پێشەوە کە پێویستە لە ئاست گەورەییان سەردانەوێنین.
خاوەندارییەتی ڕەوای بنەماڵەی شەهیدان بیری وتەی ڕێبەری شەهیدمان دەخاتەوە کە دەڵێ: ئێمە لە ڕۆژی شەهیدبوونی شەهیدەکانمان لە بیرەوەی شەهیدەکانمان لە مێژە بڕیارمانداوە ناگرین و تەنیا کارێک کە دەتوانین بیکەین لە بەرچاو و لەبەر بیری شەهیدەکانمان شەرمەزار نەبین ئەوەیە کە ڕێگای ئەوان بەرنەدەین.

دریژەی بابەت:

# خەبات و شۆڕشی ژنان لە ناوخۆ و دەرەوەی وەڵات لە ماوەی «شۆڕشی ژینا»دا

**دوکتور کوێستان دەمەوێ بزانم ئێوە ئاسۆی ئەو شۆڕشە چۆن دەبینن و قۆناغەکانی دوایەی ئەم بزووتنەوەیە چۆن لێکدەدەنەوە؟**

گەشبینی لە هەموو کاتدا کە فاکتەری سەلمیندراو و ئارگۆمێنتی لە پشت بێت باشە و جێگا پەسەندە. بەپێچەوانەی ئەوانەی دەیانگوت ڕێژیم هەتا سەری ساڵی نوێ دەڕووخێ، من قەت سەقفی زەمانییم تا سەری ساڵ بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئێران دوای دەستپێکی شۆرشی ژینا دانەنا، بەڵام ئیستاش لەم بڕوایەدام کە ئێران تازە قەت ناگەڕێتەوە دۆخی پێش کوژرانی ژینا و ٢٦ی خەرمانان کە ژینا لە سەقز بەخاک سپێردرا و چەخماغەی ئەو شۆڕشە لێ درا. ئەم شۆڕشە لە هەناوی خۆیدا زیندووە و سەرەڕای بێدەنگییەکی ڕێژەیی کە ئێستا بە شەقامەکانەوە دیارە، بەڵام خەڵکی ئێران بە ئەزموون وەرگرتن لە پاییزی ساڵیڕابردووخۆیابۆ شەپۆلێکی نوێی نارەزایەتی و خۆپێشاندانەکان ڕێک دەخەن.
ئەم پڕۆسەیە دەبێ قۆناغەکانیبە وشیارییەوە ببڕێت و لەبیرمان نەچێت هەموو خەڵکی وڵاتان وەک یەک ناچن و کولتوور و کار و ئاستی تیگەیشنیان وپێکهاتەی کۆمەڵگەکان لێک جیاوازن. هەر بەو پێیەش هەموو ڕێژیمە سیاسییەکان وەک یەک و بە یەک شیوە ناڕووخێن. ئێمە سیاسەت و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی دەناسین و دەزانین کە ٤٤ ساڵە ئەم ڕێژیمە وەک هەموو نیزامێکی سیاسیی دیکتاتۆر هەموو زەرفییەتە مرۆیی و ئابووری و ژیئۆپۆلۆتیکییەکانی وڵاتی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی لە نیوخۆی وڵات و تەنانەت لە دەرەوەش بەکار هێناوە. بۆ خەڵکێکی وەک خەڵکی ئێران کە بەردەوام و ساڵ بە ساڵ خەبات و تێکۆشانی خۆیانیان لەدژی ڕێژیم پەرە پێ داوە و خوازیاری ئێرانێکی سێکۆلار، دێموکرات بە دەستەبەری مافی وەکیەکی بۆ هەموو پێکهاتەکانی ئەو وڵاتەن؛ هەر سەرکەوتن چاوەڕوان دەکرێت. ئەمن بە داهاتوو گەشبینم و دەبینم کە شۆڕشی ژینا گۆڕانکاری بە خۆیەوە بینیوە و بەردەوام دەژێیتەوە، و چ لە ئاستی نێوخو، چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا زیندانیان و قوربانیان و بنەماڵە دلسۆزەکانیان لەبیر نەکروان و ناکرێن و ڕقێکی پیرۆز هەموو وڵاتی بەدژی ڕێژیم یەک خستووە. ئێستا ئیدی تەنیا کورد نییە کە لە سەنگەری خەبات دژی ڕێژیم دابێت، بەڵکوو هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران لە گۆڕەپانەکەدان. ئەوەش کە دەتوانێ کاریگەری لەسەر ئاراستەی شۆڕشی ژینا بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی دابنێت شتێک زیاتر لە یەکگرتوویی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بەگشتی و کورد بەتایبەتی و هەروەها پەیوەندیی پتەوتری نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و کاری هاوبەش نییە. واقعێک کە بە خۆشییەوە شۆڕشی ژینا یارمەتیدەر بوو، بەڵام ئیستاش کارێکی زۆرمان لە پێشە و هەرئیستاش وەدرەنگ کەوتووین. هەمووان دەبێ بەوە گەیشتبێتین کە تەنیا بە یەکگرتوویی و کاری هاوبەش دەتوانین ئەو خەباتە هاوبەشەمان بۆ ئامانجە هاوبەشەکانمان سەر بخەین و لەم بارەوە ژنان بەگشتی و ژنی کورد بە تایبەتی درێخییان نەکردووە.
بۆ من وەک ژنێکی کورد جێگای دەستخۆشی و پێزانینە کە ژنانی کورد مێژوویەکی نوێیان بۆ کورد و کوردستان تۆمار کرد و هیوادارم هەردەم لە پێشەنگی و پێشەوەچوون دابن و ماندوو نەبن لە درێژەدانی خەبات. بەدڵنیاییەوە ژنان دەتوانن شانبەشانی پیاوان کۆمەڵگەیەکی دێموکرات و بە مافی وەک یەک و یەکسانەوە بۆ نەتەوەکەیان دەستەبەر بکەن. ئەو ڕۆژەش دوور نییە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



شەهلا حاجی ڕەحیمی

# دیاردەی منداڵانی کار لە هەرێمی کوردستاندا

هەموو ساڵێک لە مانگی ژوئەندا و لە ١ تا ٤ی ژوئن باس لە مافی منداڵان و بەتایبەت منداڵانی کار دەکرێ. منداڵانی کار ئەو منداڵانەن کە لە منداڵییەوە باری کارکردن لە ئەستۆ دەگرن. لە کاتێکدا کە پێویستیان بە ئاگاداربوونەوە و خستنە ژێر هەموو جۆرە پاڵپشتییەکی دارایی و سۆزداری و پەروەردەیی و هتد، ئەوان دەبنە بژێوی ماڵەکە و ئاگایان لە کەسانی تر دەبێت بۆ ئەوەی تایەی ژیان بسووڕێتەوە، کرێی خانووەکە ناچێتە دواوە، ئەندامانی خێزانەکەش هەموو شەوێک بە برسێتی ناخەون.

کاری منداڵان یەکێکە لە نموونە روونەکانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بەتایبەت مافی منداڵان کە لە زۆرێک لە وڵاتان بەدی دەکرێ.

گرینگ نییە وڵاتێکی پێشکەوتوو بێت یان گەشەسەندوو بێت، کاری منداڵان کێشەیەکە کە وێنەی ئەو وڵاتانەی بە هۆکاری جۆراوجۆر شەرمەزار کردووە.

لەنێو ئەم هۆکارانەدا دەتوانین ئاماژە بە هەژاری و ئالوودەبوونی خێزان و ژێر کولتووری هەڵە و لە هەندێک حاڵەتدا باند و مافیا بکەین.

بە مەبەستی زانیاری زیاتر لەم بوارەدا قسەمان لەگەڵ خاتوو سەیران ساڵح سەرۆکی ڕێکخراوی ئەستێرەی منداڵان وبەرێز مەزن نەجمەدین توێژەری کۆمەڵایەتی کردووە،

سەیران ساڵح دەڵێ:

بۆ ئەوەی بزانین ئاماری منداڵانی کاری کوردستان چەندن دەبێ هەموو ساڵ لە مونەزەمات و حکومەت پلان دابنرێ تا بزانین ڕێژەیان چەندە ساڵ بۆ ساڵ، بەڵام بەداخەوە لێرە بە هۆی ئەوەی کە ئەم کارە مونەزەماتیش بە ڕێژەیەکی کەم کردوویەتی واتە هەموو ساڵ ئەو ئامارەی نەگرتووە بەدروستی لە ئێستادا دیاری نەکراوە کە من پێم باشە ئەو کارە هەموو ساڵ بکرێ بۆ ئەوەی بزانرێ ساڵێک بۆ ساڵێکی تر چەندەی جیاوازی هەیە منداڵان چەندە دێنە سەر شەقام بەرەو کەمبوونەوە چوون یان زۆر بوون، بۆیە تەسەور دەکەم کاتی خۆی ١٢ هەزار منداڵ بوون، بەڵام ئێستا بە دەقیقی لە بەردەستدا نین.

هەروەها خاتوو سەیران ئاماژەی بەوە کرد:

کە بەپێی لێکۆڵینەوەی ئەوان وەک ڕێکخراوای منداڵان(کە ڕێکخراوەیەکی ناحکومییە) هۆکاری بوونی ئەو منداڵانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەلایەن گەورەکانیانەوە بازرگانیان پێ دەکرێ و کەمتر بە هۆی نەبوونی و نەداری ئەو ئیشە دەکەن و هەروەها بەپێی لێکۆڵینەوەی زیاتر دەرکەوتووە زۆربەیان باری دارایی زۆر باشیان هەیە، بەڵام ئەو بازرگانییە بە منداڵەکانیان دەکەن لە کاتێکدا ئەو منداڵانە دەبێ وەک هەر منداڵێکی هاوتەمەنی خۆی هەڵسووکەوت بکا.

هەروەها گوتیشی کە زۆربەی ئەوانەی کە لە شەقامەکانی هەرێمی کوردستان دەبینرێن عەرەبن؛ لە کاتێکدا منداڵی کوردیشی تێدا هەیە.

سەبارەت بە خوێندنی ئەو منداڵانە ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو منداڵانەی کە کار دەکەن زیاتر لەو وەرزانە دەست بە کار دەبن کە وەرزی پشوویە واتە لە هاوینان زیاتر دەبیندرێن تا وەرزەکانی تر هەروەها گوتیشی لە دوای نیوەشەو بە داخەوە ئەو منداڵانە بینراوە کە ئەوە کارەساتێکی زۆر گەورەیە.

سەیران ساڵح جەختی لە سەر ئەو مەترسییانە کە دێتە سەر ئەو منداڵانە کرد و گوتی: بەداخەوە منداڵ سرووشتی وایە کە لاساییکەرەوەیە بەڵام دەبێ بە شێوەیەکی باش پەروەردە بکرێ ئەوەش ئەگەر لە ماڵ و خوێندنگە نەبێ ئەوە لە پێش هەموو شتێک لە منداڵی خۆی دوور دەکەوێتەوە تووشی زۆر شتی خراپ و هەستیار دەبێتەوە کە یەک لەو شتانە تووشبوونی ئەو منداڵانەیە بە گێچەڵی سێکسی لە لایان کەسانێکی نەفس نزم، هەروەها تووشی چەوسانەوە و لێدان و خەمۆکی دەبنەوە و زۆر بابەتی تریش...

ئەو سەبارەت بە نەهێشتنی ئەو منداڵانە گوتی:

هەم لەلایەن ئێمەوە وەک ڕێکخراو و هەم لە لایان مونەزەمات و حکومەت کار زۆر بۆ ئەوە کراوە وەک کۆ کردنەوەیان و هەروەها پێدانی پارەو یارمەتی بە گەورەکانیان ئەوەش ماوەیەک وەڵامی باشی وەرگرت بەڵام بە داخەوە ئەو شتە بەردەوام نەبوو و منداڵی کاری تر سەری هەڵداوە و یا هەر ئەوانەی تر دیسان بەردەوام بوونەوە.

مەزن نەجمەدین توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێ:

بەشێک لەو منداڵانەی لەسەر شەقامەکانن بە هۆی بێپارەیی و نەبوونی و نەداری ڕوویان کردووەتە ئەو کارە و زۆربەی هەرە زۆریان لەلایان دایک و باوک و سەرپەرشتیان مەجبوور بەو کارە دەبن هەروەها گوتیشی بەپێی ئەوەی کە لێم پرسیون بۆ ئەوە کارە دەکەن دەڵێن چونکە باوکیان داوای لێ کردوون، هەروها ئاماژەی بەوە کرد تێیاندا هەیە دەوڵەمەندن بەڵام هەر لەلایەن گەورەکانیان بازرگانیان پێوە دەکرێ.

مەزن نەجمەدین هەروەها گوتیشی بەداخەوە ئەو منداڵانەی کە خەریکی ئەو کارەن تووشی زۆر دیاردەی خراپ دەبنەوە و لە گرینگترین ئەو دیاردانەش کە تووشی دەبنەوە تووشبوونە بە مادەی هۆشبەر و دزیکردن و کاری نەشیاوی تر.

ئایا یاسادانان بۆ منداڵانی کار سەرکەوتوو بووە؟

ئەمەش هۆکارێکە بۆ دەرکردنی یاسا لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکاندا هەوڵی پەرەپێدانی یاسا دەدات بۆ پاراستنی مافی منداڵان و قەدەغەکردنی کاری منداڵان.

بێگومان لەم بوارەدا یاساگەلێک هەن کە تەنها لەسەر کاغەز نووسراون و بەداخەوە بە کردەوە بەکارنەهێنراون.

بێگومان بۆشایی یاساکان لەم بوارەدا بە تەواوی هەست پێ دەکرێت و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جیهان پێویستی بە یاسای توند هەیە بۆ قەدەغەکردنی کاری منداڵان. بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم یاسایانە بە تەنیا ناتوانن کاریگەر بن و ئازارێک چارەسەر بکەن.

ئازار پێویستی بە چارەسەرە و کاری منداڵان ئازارێکە کە پێویستە بدۆزرێتەوە و چارەسەر بکرێ.

یاساکان بە تەنیا ناتوانن ڕیشە تووشکەرەکانی ئەم ئازارە چارەسەر بکەن، کە بریتین لە هەژاری، نەبوونی پەروەردە، ژێر کولتوری هەڵە، ئالوودەبوون و هتد.

ئەم پۆلە پێویستی بە پلاندانانی درێژخایەن و بەکارهێنانی دەروونناس و کۆمەڵناس و بەڕێوەبەر و ئابووریناس و ڕاهێنەری پەروەردەیی و پارێزەر و پسپۆڕ بەگشتی هەیە.

کە بە لێکۆڵینەوە و چاودێری و پلاندانان، هەریەکەیان ئەرکی چارەسەرکردنی بەشێک لەم ڕێژە تووشبووە لە ئەستۆ دەگرن بۆ ئەوەی جیهان بتوانێ ماوەی چاکبوونەوەی خۆی بەسەر ببات.

بە هیوای ڕۆژێک کە کاری منداڵان لە جیهاندا نەمێنێت.

دیاردەی منداڵانی کار یەکێکە لە کێشە زۆرەکانی زۆربەی شارە گەورەکانی جیهانی هاوچەرخ. بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە بە جۆرێکە کە کۆمەڵگە گەشەسەندووەکان (وەک هەرێمی کوردستان) زیاتر لە وڵاتانی پێشکەوتوو لەگەڵ ئەم کێشەیەدا خەبات دەکەن. بێگومان ئەمە بەو مانایە نییە کە کاری منداڵان تەنیا لە وڵاتانی تازەپێگەیشتودا بوونی هەیە، بەڵکوو لە وڵاتانی پێشکەوتووشدا بوونی هەیە، بەڵام بڕی ئەو کارە زۆر کەمە بە بەراورد بە وڵاتانی تازەپێگەیشتووی جیهان.

بەپێی پۆلێنبەندی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو جۆرە کاری منداڵانە کە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان قەدەغەیە، بەسەر سێ بەشدا دابەشکراوە:

١- خراپترین شێوەی بێ مەرجی کاری منداڵان، کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە کۆیلایەتی، بازرگانیکردن، کۆیلایەتی قەرز و جۆرەکانی تری کاری زۆرەملێ ناسراون، ئەو منداڵە سەربازانەی کە لە ململانێ سەربازییەکاندا دامەزراون، کۆیلایەتی و کارکردن لە بوارەکانی سێکس و هەموو چالاکییە نایاساییەکان پێناسە کراوە.

٢- ئەو کارانەی کە لەلایەن منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی ئەنجام دەدرێت کە



بۆ ئەم جۆرە کارە دیاری کراوە بەپێی ستاندارده نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان و ڕێگری لە پەروەردەی منداڵەکە دەکات.

٣- کارێک کە زیان بە تەندروستی جەستەیی و دەرونی یان ئەخلاقی منداڵەکە دەگەیەنێ یان بە کاری مەترسیدار ناسراوە بەهۆی ئەو سروشت یان بارودۆخەی کە تێیدا ئەنجام دەدرێ.

هەر لەبەر ئەم هۆکارەش دیاردەی منداڵانی کرێکار یەکێکە لەو زیانە کۆمەڵایەتیانەی کە هەڕەشە لە هەموو کۆمەڵگەیەک دەکا. هۆکاری جۆراوجۆر، وەک دابەشکردنی نایەکسانی بودجەی ڕۆشنبیری و بیناسازی لە نێوان شارە گەورەکان و شارە بچووکەکاندا، هەروەها زیادبوونی کۆچی شارەکان، دابەشبوونی چینایەتی، بێکاری و بابەتی هاوشێوە، وایکردووە گوندەکان بێ کەس بن، کۆمەڵایەتی ڕۆڵی پرسە ئابوورییەکان بە کاریگەرتر لە پرسە کولتوورییەکانی دیکە دەزانن. زۆربەی کات منداڵانی کار لە تەمەنێکی بچووکەوە دەست بە کارکردن دەکەن بەهۆی نەتوانینی خێزان لە بژێوی خێزان. بە واتایەکی تر بەهۆی زۆر کێشەی ئابووری ئەم منداڵانە لەبری منداڵبوون و فێربوونی کارامەیی ژیان کار دەکەن.

ئەو زەمینە کۆمەڵایەتیانەی کە لە کاری منداڵاندا کاریگەرن دەتوانرێت لە ئاستی خێزاندا ببینرێت. هەرچەندە زەمینەی کۆمەڵایەتی بە تەنیا لە شێوەی ئاستی کاریگەری خێزاندا کورت ناکرێتەوە، بەڵام بەهۆی کاریگەرییە بەرچاوەکەیەوە دەتوانرێت ئەم ئاستە بە کاریگەرتر لە ئاستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە سەیر بکرێ.

لەم ڕووەوە لە زۆر حاڵەتدا تێبینی ئەوە

**کۆمەڵناسان زیاتر لە پسپۆڕانی دیکە ڕۆڵی هۆکارە کولتوورییەکان بە گرینگتر دەزانن بە بەراورد بە گۆڕانە کاریگەرەکانی دیکە. بێگومان ئەمە بە مانای قبوڵ نەکردنی هۆکارەکانی دیکە نییە کە کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی منداڵانی کار هەیە**

بە شێوەیەک خێزانە بێشومارەکان بۆ ئەوەی ژیانێکی باشتر بەدەست بهێنن، بەردەوام کۆچ دەکەن بۆ شارە گەورەکان و لە پەراوێزی ئەم شارانە دەژین.

بەهۆی نەبوونی هەلی کاری گونجاو و زیادبوونی تێچووەکان، بەشێکی زۆری بازرگانی دابینکردنی داهات دەکەوێتە سەر منداڵی خێزانەکە، هەروەها منداڵەکە بە دوورخستنەوەی لە پرۆسەی پەروەردەی مۆدێرن ڕووبەڕووی هەڕەشە و برینداری زۆر دەبێتەوە.

یەکێک لە بوارە کاریگەرەکان لە پێکهێنانی کاری منداڵان، ئەو گرفتە ئابوورییانەیە کە ئەم منداڵانە و بنەماڵەکانیان ڕووبەڕووی دەبنەوە. زۆرێک لە شارەزایانی بواری کراوە کە سەنتەری خێزان نەک هەر شوێنێکی گونجاو نییە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ، بەڵکوو دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکە لە خێزانەکە دووربخرێتەوە. بۆ نموونە زۆرێک لە منداڵانی کار لەسەر شەقامەکان چاودێری کراون کە بەهۆی بارودۆخی نەشیاوی خێزانی وەک دەستدرێژی جەستەیی، دەروونی، سێکسی و هتد لە ماڵەوە هەڵدێن و کارکردن لە چوارڕێیان و شوێنەکانی تر باشتر دەزانن لە ژینگەی خێزان.

کۆمەڵناسان زیاتر لە پسپۆڕانی دیکە ڕۆڵی هۆکارە کولتوورییەکان بە گرینگتر دەزانن بە بەراورد بە گۆڕانە کاریگەرەکانی دیکە. بێگومان ئەمە بە مانای قبوڵ نەکردنی هۆکارەکانی دیکە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



نییە کە کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی منداڵانی کار هەیە. بۆ نموونە توێژەرانی کۆمەڵایەتی پێیان وایە کە ئابووریناسان لە شیکردنەوەی دیاردەی کاری منداڵان، بە کەمکردنەوەی دیاردەی کاری منداڵان بۆ بوارەکانی تەنیا ئابووری، بوارەکانی دیکەی کاریگەر وەک کولتووری، پرسە کۆمەڵایەتییەکان و... هتد، لە شیکارییەکانیاندا یان ڕۆڵی ئەوان ناگرێتەوە لە پرسەکانی تر زیاتر دەبیندرێن.

لە هەر حاڵەتێکدا ڕۆڵی پرسە کولتوورییەکان یەکێکە لەو هۆکارانەی کە کاریگەری لەسەر دیاردەی کاری منداڵان هەیە.

ژێر کولتوری جیاوازی دایک و باوکی ئەم منداڵانە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە پرۆسەی کاری منداڵان ئاسان دەکات و یەکێکە لەو ئاستەنگانەی کە کاریگەری لەسەر پرۆسەی پەروەردەی کاری منداڵان هەیە.

لە حاڵەتە بەرچاوەکاندا، تێبینی ئەوە کراوە کە سەرپەرشتیاری منداڵی کرێکار، نەک هەر کاری منداڵەکەی بە عەیب نەزانیوە، بەڵکوو بە ئەرکی منداڵەکەی زانیوە. ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی لە هەندێک حاڵەتدا سەرپەرشتیاری منداڵەکە سەرەڕای تەندروستی جەستەیی و دەروونی کار ناکات و کارکردن بە ئەرکی منداڵە بچووکەکەی دەزانێت.

بۆیە بەهۆی نەتوانینی دایک و باوکی ناپاسایی لە کارکردن و نەبوونی یاسای نووسراو لەسەر ئاستە سیاسییەکان بەمەبەستی ڕێکخستنی کۆچبەرانی ناپاسایی، ئەوە منداڵی ئەو خێزانەیە کە بەزۆر کار دەکات. بێگومان پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ڕەنگە هەموو حاڵەتە کاریگەرەکان کۆبکرێنەوە یان جیا بکرێنەوە بۆ ئەوەی زەمینەیەک بۆ کاری منداڵان دابین بکرێ. بۆ نموونە لە یەک خێزاندا ڕەنگە پرسە ئابوورییەکان لە خێزانەکانی تر کاریگەرتر بن، بەڵام لە شوێنەکانی دیکەدا ئەوە ڕۆڵی پرسە کولتوورییەکانە کە کارئاسانی بۆ کارکردنی منداڵان دەکەن.

منداڵانی کرێکار لەو کەسانەن کە ڕووبەڕووی جۆرەها زیانی کۆمەڵایەتی دەبنەوە لە کۆمەڵگەدا. ئەو برینانەی کە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر منداڵ دەبێت لە ڕووی جەستەیی و باشی و دەروونی و هتد.

بەڵام ئەم کاریگەرییە و ڕۆڵی تێکدەرانەی زیانەکانی کۆمەڵایەتی چۆن لەلایەن ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگەوە هەست پێدەکرێت و شیکارییان بۆ دەکرێت.

بە واتایەکی تر دەکرێ ئەو پرسیارە ورووژێنرێت کە خەڵکی کۆمەڵگەیەک یەک ڕوانگەیان دەبێ بەرامبەر بە منداڵانی کار، یاخود ئێمە شاهیدی تێڕوانینە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان دەبین سەبارەت بە پرسی منداڵانی کار لە کۆمەڵگەدا؟

لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە کاری منداڵانی تێدایە (چ وڵاتانی پێشکەوتوو بێت یان وڵاتانی تازەپێگەیشتووی)، تێڕوانینی کۆمەڵگە بەرامبەر بە کاری منداڵان وەک یەک و یەکگرتوو نییە و فرەچەشنیمان لە تێڕوانینەکەدا بینیوە. لە وڵاتێکی وەک ئێران هەڵوێستێکی یەکپارچە لە بەرامبەر ئەم پرسەدا نییە.

هەندێک لە ئەندامانی کۆمەڵگە بوونی کاری منداڵان لە کۆمەڵگادا بە دەرئەنجامی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە نەگونجاوەکان دەزانن. بە بڕوای ئەم کەسانە، لە بنەڕەتدا، کاری منداڵان بەرهەمی ئەو سیستەمە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ... ناکاریگەرەیە کە کاری منداڵان بەرهەم دەهێنێت. ئەم کەسانە بە پێویستی دەزانن بە بەزەییەوە سەیری منداڵی کار بکەن.

کۆمەڵێکی دیکە لە مرۆڤەکان بوونی کاری منداڵانیان قبوڵ کردووە و بە خاوەنی ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دەزانن. زۆرێک لەو کەسانە پێیان وایە هەرچەندە بوونی کاری منداڵان گونجاو نییە، بەڵام پێیان وایە کاری منداڵان چارەسەری کێشەیەک دەکات و چارەسەرکردنی کێشەکە یارمەتی خێزانەکەی دەدات. لێرەوە ئەم کەسانە منداڵی کرێکار بە کەسێک دەزانن کە بەهۆی کێشەی ئابووری خێزانەوە کار دەکات، نەک لەلایەن گروپێکەوە (بۆ نموونە باندێک) کۆنترۆڵی بکات.

لەم ڕووەوە، لە ژێر کاریگەری ئەو بۆچوونانەی کە لە کۆمەڵناسیدا خراونەتەڕوو، لە پۆلێنکردنێکی گشتیتردا، دەتوانرێت جۆرەکانی هەڵوێستی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کاری منداڵان بەسەر دوو پۆلدا دابەش بکرێت: فەنکشناڵیزم و دژایەتی.

دژبەرەکان پێیان وایە لە هەر کۆمەڵگایەکدا دەتوانرێت ئەو کەسانەی تێیدا دەژین بەسەر دوو پۆلی گشتیدا دابەش بکرێت: ئەوانەی دەسەڵاتیان هەیە (و سامانیان هەیە) و ئەوانەی دەسەڵات و سامانیان نییە.

بە بڕوای ئەوان هەژاری و نایەکسانی کۆمەڵایەتی لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا دەرئەنجامی فشارە لەلایەن کەسانی دەسەڵاتدارەوە لەسەر ئەوانەی بێ سامان و قازانج. ڕەخنەگرەکان پێیان وایە یەکسانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا نییە.

لەم ڕووەوە هەندێک لە ئەندامانی کۆمەڵگە بەو بۆچوونە دۆخی منداڵانی کارکەر شی دەکەنەوە. ئەم کەسانە پێیان وایە بوونی کاری منداڵان بەهۆی پێکهاتە ناکارامەکانەوە دروست دەبێت و بەرهەمهێنان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کاری منداڵان تەنیا یەکێکە لە کاریگەرییە تێکدەرەکانی ئەو پێکهاتانە.

لە تێڕوانینێکی وەها سەرچاوە دەگرێت کە هەندێک کەس لە کۆمەڵگادا کاری منداڵان بە ئامرازێک دەزانن کە لەلایەن کەسانی دیکەوە کە دەسەڵات و سامانیان هەیە کۆنترۆڵ دەکرێت و خراپەکاری دەکرێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# ئایچیی ژینا بووەتە ڕەمز»

هەردی سەلیمی



لەبیرمە تازە پێدەگەیشتم، هەواڵی کوژرانی سێ قاچاخچی بە دەستی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم، گەڕەکەکەمانی هەژاند. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، هەواڵێکی تریش زیاد بوو: "نایەڵن لە شاناز بیاننێژن." گۆڕستانی شاناز ڕێگەی گەشەی نەمابوو، ئیتر دەبوو مردوو بەرنە دەرەوەی شار، بۆ گۆڕستانی نوێی شار بە ناوی "ئایچی"؛ بە تەرمی ئەو سێ کەسە گۆڕستانی ئایچی ئاوەدان کراوە. ئەمە یەکەم جار بوو ئەو ناوەم بەرگوێ دەکەوت. ئایچی گوندێکە لە چەند کیلۆمیتریی شاری سەقز بەرەو بانە هەڵکەوتووە.

هەمان گۆڕستانی ئێستەبەناوبانگی ئایچی، کە تەرمی ژینا ئەمینیی لەخۆ گرت. ڕەنگە ئەمە تەوسێکی مێژوویی بێت کە ئەو دەسەڵاتەی وا لە گۆڕستانی بەهەشتی زارای تاران، شوێنپێی خۆی قایم کرد، دوای نزیکەی ٤٤ ساڵ لە گۆڕستانێک بەناوی ئایچیی سەقز وەلەرزە هات. ڕۆژی ٢٦ـی خەرمانانی ١٤٠١ کاتێک ژینا ئەمینی لەنێو ئاپۆرەی خەڵکی ئەو شارەدا بە خاک سپێردرا، کەسێک لەسەر کێلی کاتیی گۆڕەکەی، ڕستەیەکی مێژوویی نووسی: "ژینا گیان! تۆ نامری، ناوت ئەبێتە ڕەمز" ئەم پێشبینییە پێغەمبەرانە وەڕاست گەڕا و ناوی ژینا و گۆڕی ژینا و گۆڕستانی ئایچی بووە ڕەمز و هێما و ناونیشانێک بۆ شۆڕشێکی نوێ. دروشمی بەرزی "ژن، ژیان، ئازادی" لە جوغرافیای مردووەکاندا بەرز بووەوە، مەغریبسانێک وا بووە هێما و ئافرێنەری خۆرهەڵاتن و دەسپێک و لەدایکبوونی ڕۆژ و ڕۆژانێکی نوێ.

ئەمجارە خاڵە بەهێزەکەی کۆماری ئیسلامی بووە خاڵی لاوازیی ئەو ڕێژیمە. بەدرێژاییی مێژوو ئەوان سالۆەگەڕ و زیارەتگە و ناونیشانی کەسایەتییە مردووەکانیان لا گرنگ بووە و بەرزیان نرخاندووە، تێچوویەکی زۆریان داوە بۆ ئەوەی لە سالۆەگەڕەکاندا خەڵکانێک ناچار بە بەشداری لە ڕێوڕەسمەکانیاندا بکەن و پەیمانیان پێ نوێ بکەنەوە یا فرمێسکیان پێ هەڵوەرێنن و بیانهێننە سەر هەست، بەڵام ئەمجار جیاواز بوو و زەندەقیان چوو لە گۆڕ و گۆڕستان و حەوتە و چلە و یادی لەدایکبوون و هەر یادێک وا ڕقی پیرۆزی خەڵک هەستێنێ و وەخرۆشیان بێنێ. پێشتر خاوەران و زۆر شوێنی تریان تێک دا بۆ ئەوەی نەبێتە هێما و ڕەمز و بیرۆکەی مێژوویی خەڵک لەژێر تیۆریی "ئەوەی لە پێش چاوان ونە، لە دڵ و مێشکیشدا ون دەبێ" تووشی ئالزایمێر بکەن، ئەڵبەت تا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بوون، بەڵام ئەوەیان لەگەڵ ژینا و شەهیدەکانی دوای ژینا تا ئێستا پێنەکراوە و ئەمەش هۆی سەرەکیی شێواوییانە. چلەی ژینا یەکێک لە بەهێزترین خۆپیشاندانە نارەزایەتییەکانی دژی کۆماری ئیسلامی بوو، جەژنەکانی نەورۆز و ڕەمەزانیش – بەڵام بە ئاستێکی زۆر کەمتر – بە هەمان شێوە. لەم شۆڕشەدا گۆڕستانەکانی کوردستان بوونە جێژوانی ئاشقانی ئازادی و سەربەستی، خەڵک لە بۆکان و لە مەهاباد لە ڕۆژێکدا چەند جار ناچار بوون بچنە گۆڕستانی شار، بەڵام هەر جارە و بە وزەیەکی بەرزترەوە گەڕانەوە بۆ سەر شەقام. لەوێ بنەماڵەی شەهیدان بەحەق هەستیان بە تەنیایی نەکرد و دروشمەکانی "... قارەمانە، شەهیدی کوردستانە" و "دایە مەگری بۆ ڕۆڵە، شەرت بێ بستێنین تۆڵە" دەنگی شۆڕشی دلێرتر دەکرد.

ئێستا کۆماری ئیسلامی لە دووپاتبوونەوەی ئەم ڕووداوانە زراوی چووە و کۆمەڵێک پلانی بەدەستەوەیە. دادستێنی وڵات لەگەڵ شارەدار و فەرمانداری تایبەت و ئەندامێکی شوڕای شاری سەقزدا کۆبوونەوەی پێکهێناوە، لەم کۆبوونەوەیەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە گۆڕستانی ئایچی تێک بشێوێندرێ و تا سالۆەگەڕەکەی ژینا ئەم دەستوورە جێبەجێ بکرێت. ئەم شێواندنەش بە شێوەیەک بێت کە گۆڕی ژینا بشاردرێتەوە و بکەوێتە پەراوێزەوە، ئەو کە گۆڕەکەی لەسەر ڕێگە سەرەکییەکەی نێو گۆڕستان هەڵکەوتووە و بە ئاسانی خەڵک دەیدۆزنەوە، دوور بکەوێتەوە و گۆڕگەلێکی تر لە تەنیشتیدا ساز بکرێن. بێجگە لەم هەوڵەیان کە باس کرا، ڕێگەی سەرەکیی چوونە نێو گۆڕستانیان داخستووە بۆ ئەوەی ماشین نەچێتە ژوورەوە، لەسەر مزگەوتی گۆڕستانەکە کامێرایەکی چاودێرییان دامەزراندووە تایبەت بە گۆڕی ژینا بۆ ئەوەی هاتوچۆکان تۆمار بکات، دوو جار شووشەی کێلی گۆڕەکەی ژینایان تێکشکاندووە، ڕێگەیان بە بنەماڵەکەی نەداوە سایەبان لەسەر گۆڕەکەی دانێن و دەستووریان داوە هەموو سایەبانەکانی نێو گۆڕستان لابچێت، هەتا گۆڕەکان یەکدەستتر بن و ناسینەوەیان ئەستەمتر.

ڕێژیم بە هەموو هێز و توانایەوە لە هەوڵدایە ئەم ناونیشانە سەرڕاستە و ئەم مێژووە هاوبەشە تێک بدا لە خەڵک و بەتایبەتی لە بنەماڵە شەهیدە مافخوازەکان، بۆیەش دەسبەسەرکردنی بنەماڵە شەهیدەکانی خستە بواری جێبەجێکردنەوە بۆ ئەوەی بیانتۆقێنێت و پێیان شل بکات لە بەدواداچوون. ئەرکی ئێمە ئەوەیە و پێویستە لەسەر گرنگیی ناونیشانەکانمان و هێماکانی یەکیەتیمان وەک ڕێژیم لەسەر هەست بین، هەتاکوو بتوانین پلانەکانی پووچەڵ بکەینەوە.

لەم پێوەندییەدا ئەو مانگرتنە وشیارانەی خەڵکی شاری سەقز لەسەر پاشخانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی لەسەرهەست کە بۆ بەدەسهێنانی مافەکانیان زۆر یەکهەڵوێست دەرکەوتوون (لە مانگرتنەکان بە بۆنەگەلی جیاواز وەک هێرشی شیمیایی بۆ سەر قوتابخانەکان و مانگرتنی مامۆستایان و ئەم مانگرتنە نوێیەش بەبۆنەی پلانی گۆڕانی گۆڕستانی ئایچی)، لە ڕاستیدا تێگەیشتن لە گرنگیی یەکڕیزی و هاوچارەنووسی و هەروەها پاراستنی هێماکان بوو، بۆیە نابێ بە تەنیا جێ بهێڵدرێن و دەبێ ئەم کردارانە ببنە وانەیەکی گشتی بۆ هەموو شوێنەکانی تریش.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



شەهرام سوبحانی

# خەڵکی ئێران لە نێوان سێ هەڵبژاردندا

مێژوویی سیاسی ئێران لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی قاجار و هاتنە سەر کاری ڕێژیمی پاشایەتی، شایەتی دوو دەسەڵاتی جیاواز بووە کە هەر کامیان بە مێتۆد و ئایدۆلۆژیایەک بەرنامە و پرۆگرامی خۆیان بەسەر ئێران و نەتەوەکانی چوارچێوەی ئێراندا دارێشتووە. ئەم دوو دەسەڵاتە واتا «پاشایەتی» و «کۆماری ئیسلامی» کە هەر یەک لەمانە لەسەر دوو ئایدیایی جیاواز قەوارەی سیاسی ئێرانیان بەڕێوە بردووە.

دەسەڵاتی پاشایەتی لەسەر بنەما و بنچینەی، ناوەندگەرایی، دەسەڵاتخوازی، کۆماری ئیسلامی لەسەر دوو چەمکی فاشیزمی «ئایینی» و «قەومی» واتا شیعە، و فارس دامەزراوە کە هیچ کامیان بۆ ئێرانی فرەنەتەوە هیچ قازانجێکی نەبووەو و نابێت. هەر بە پێی کار و کردەوەی خۆیان و کارنامەی ڕەشی خۆیان دوای چەندین دەیە دەسەڵاتداری لە ئێران بە هەموو گەلانی ئێرانیان سەلماند کە ئەم دەسەڵات و ئایدیایە ناتوانن وڵامدەری ویست و داواخوازییەکانی ئێرانی فرەنەتەوە بن، هەربۆیە بۆ ڕاستی ئەم بابەتە ئاورێک لە دەسەڵاتی ڕەزاخان دەدەینەوە، پیاوێک کە تا سەر ئێسقان دژایەتی گەلانی ئێرانی دەکرد بەتایبەت نەتەوەی کورد پێی وابوو کە لە ئێراندا تەنیا فارسە مافی ئەوەی هەیە کە تەواوی دەسەڵاتی سیاسی وەدەستەوە بگرێ و هەروەها لە سەر ئەو باوڕە بوو کە قەومی حاکم دەبێ حاکم بێت و نەتەوەکانی تر ڕەعییەت، و لەم پێناوەشدا لەبەر ئەوەی مەترسی گەلانی ئێران لە دەسەڵاتەکەی کەم کاتەوە هەوڵی دا ناوی «پرشیا» بە ئێران بگۆڕێ کە ناوی ئەو دەمی ئێران بوو، تەنیا بەو مەبەستە کە وەک ئەمرازێک بێت بۆ هەڵخڵەتاندنی خەڵک بۆ ئەوەی کە گەلانی ئێران وا بیر نەکەنەوە کە ئەم دەسەڵاتە هەر تەنیا هین فارسەو بەس.

و لە درێژەی سیاسەتەکانیدا بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە لە قۆناغێکی بەرینتردا دەستی دایە دەیان تاوان و جینایەتی دژە مرۆڤی لە هەمبەر گەلانی ئێران بۆ نموونە:یەکێک لە تاوانەکانی لە هەمبەر نەتەوەی کورد، هەوڵی گۆڕینی جوگرافیای دوو شاری گەورەی کوردستان واتا «کرماشان» و «ورمێ» بوو، بە نیشتەجێکردنی فارس و تورک لەم دوو شارە هەوڵی دا کوردەکان و خاکەکەیان لاواز بکا، کە لەلایەک گۆڕینی جوگرافیای کوردستان بوو و لەلایەک دووبەرەکی سازکردن نێوان گەلانی ئێران کە بەداخەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ ئەم ناکۆکییانە هەر بەردەوامە.

ئەم سیاسەتەیانە پەرە پێ دا تاکوو بتوانن سامانی ئەم خاکە بەتاڵان بەرن و تەمەنی زیاتر بۆ دەسەڵاتەکەیان مسۆگەر بکەن.

یەکێکی تر لە جینایەتەکانی ئەم ڕێژیمە ملهۆڕە لە سێدارە دانی «پێشەوا قازی محەممەد» و هاوڕێیانی بوو، و هەروەها تیرۆری ناجوانمێرانەی باوکی ناسیونالیزمی کورد «سمکۆ خانی شکاک»، و کوشتنی»داوود خان کەلهۆڕ» بوو.

بەڵام ئەوەیی لە ئێستادا جێگەی سرنجە ئەوەیە کە پاشماوەکانیان لە دەرەوەی وڵات هەر دیانهەوێ لەسەر بنەما و بنچینەی باب و باپیرانیان دەسەڵاتی ئێران وە دەستەوە بگرن کە خۆیان ئاغا بن و گەلانی تر ڕەعییەت، هەموو هەوڵ و ماندوو بوونیان لە ڕاستای ئەویە کە بتوانن نیزامێکی بێ پرەنسیپی پاشایەتی هەر لەسەر ئایدیایی ناوەندگەرایی و چەوسانەوەی نەتەوەکانی ئێران دابمەزرێنن کە بە قەوڵ کوردەواری خومان هەمان ئاش و هەمان کاسە.

– بژاردەی یەکەم: کۆماری ئیسلامی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمێکی خوێنمژ و توتالیتەرە کە لە چوار دەیە دەسەڵاتداری خۆیدا بە کردەوە سەلماندوویەتی کە هیچ قازانجێکی جگە لە نەهامەتی و بەدبەختی بۆ خەڵک نییە؛ڕێژمێک کە لەسەر دوو چەمکی ئایینی و قەومی کۆڵەکەی خۆی چەقاندووە و سامانی و داهاتی ئەم وڵاتە دەوڵەمەندە هەر لە چوار چێوەی ئایدۆلۆژیکی دیاریکراو تەرخان دەکا. بە پێی ئەوەیکە ئێران نۆ لە سەدی سامانی دنیا پێک دێنێ بەڵام خەڵکەکەی لە هەژار ترین دۆخی مومکین دا ژیان دەکەن ئەمە لە کاتێک دایە کە تەواوی سامانی ئەم خاکە تەرخانی پرۆسەی شیعەری و میلیشیا تێرۆریستییەکانی ڕێژیم لە ناوچەکە دەکرێن. تەمەنی ئەم ڕێژیمە دوای پتر لە ٤٠ ساڵ دەسەڵاتداری لە ئێران هیچ کردەوەیەکی باشیان لە خۆ بە جێ نەهێشتووە کە ئەمڕۆ لە ناوخۆی ئێران شایەتی کوشتن و ئێعدام، هەڵاوسان، سەرکوت، بێکاری، هەژاری، گەندەڵی و.... هتد. دەبین کە ئاکارەکانیان وای کردووە کە هیچ مشرووعییەتێکی سیاسیان ناو خەڵکدا نەماوە، خۆپیشاندانەکانی ئەم چەند ساڵە پیشانی داوە کە خەڵکی ئێران بە ڕاشکاوی هەوڵی ڕووخانی ڕێژیم دەدەن. ولەم پێناوەشدا حازرن خوێنی خۆیان خەڵات بکەن. بۆ نموونە: بەشداری نەکردنی ڕێژەیەکی زۆری خەڵک لە دەنگدانەکانی ڕێژیم، و سەرهەڵدانی دروشمی جۆراوجۆر وەکوو»اصلاح طلب، اصول گرا دیگە تمومە ماجرا، یان دروشمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

«خامنەای ضحاک میکشیمت زیرخاک» بۆ خۆیی ئەم دروشمانە دەرخەری ئاستی لە ڕادەبەدەری بێزاری خەڵک لەم ڕێژیمەیە و هەروەها پەیامێکی جیدی ڕوو لە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بوو کە چیترکاتی مانەوەتان بەسەر چووە و دەبێ بڕۆن.

- بژاردەی دووهەم: پاشماوەکانی پەهلەوی

دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی و هاتنە سەر کاری دەسەڵاتی ئیسلامی لە ئێران، پاشماوەکانیان سامانێکی زۆری ئێرانیان ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کرد کە هەتا ئێستاشی لە گەڵ بێت. هەر بەو پارە دەژین کە لە سەر سفرەی خەڵکی ئێران هەڵیان گرتووە، هەر وەک «نەوید ئەفکاری» کە لە یەکێک لە وتەکانیدا سەبارەت بە دەسەڵاتی پەهلەوییەکان لە ئێران دەڵێ: پەهلەوییەکان داری دێموکراسی و ئازادیان لە ئێران بڕی و بە جێگەی داری دیکتاتۆری و نەهامەتییان چاند و لە کاتێکدا کە مەئموورییەتەکەیان لە لایەن دونیای غەربەوە کۆتایی پێ هات. دەسەڵاتەکەیان دایە دەستی ئاخوندەکان و خۆیان بە دەیان میلیۆن دۆلار لە ئێران هەڵهاتن. هەر وەک هەموومان دەزانین ئەم بنەماڵەیە هیچ خەباتێکی جیددییان دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەکردووە و هەتا ئێستا لە خۆشترین وڵاتانی ئورووپایی خەریکی ژیانی خۆیان بوونە، ئەم بنەماڵەیە هیچ ڕۆڵێکی باشیان لە شۆڕشی گەلانی ئێران نەبووە، بگرە پرۆسەی شۆڕشیشیان بە دواخستووە هەر وەک ئەوەیی لە شۆڕشی ژینا بینیمان کە خەڵک هەموو ڕۆژێک بە گرووتینەوە لە شەقامەکان دژی کۆماری ئیسلامی خەباتیان دەکرد، بەڵام کاتێک ڕەزا پەهلەوی وتی: وکالەت بە من بدەن، هەر ئەم وتەیە هێز و وزەی خەڵکی ئێرانی لە شۆڕشەکە دوور خستەوە و سەرنجی خەڵکی بەلای دروشمە پووچ و بێ بنەماکانیان ڕاکێشا کە لە کۆتاییدا ئەم ئاکارە وای کرد کە تینی شۆڕشەکە کەمتر بووەوە و نەفسێکی تازەی بە کۆماری ئیسلامی بەخشی. تاکوو باشتر بتوانێ خەڵک سەرکووت بکا.

هەر دوای ئەوەش دەستهەڵگر نەبوو و بە سازکردنی سناریۆیەکی پووچەڵ بەناوی مەنشووری «جۆرج تاون» کۆسپێکی گەورەیی لە بەردەم ئەم شۆڕشە درووس کرد کە لە ئاکامدا توانی زەبرێکی گەورە لەم شۆڕشە بوەشێنێ کە هیچ قازانجێکی بۆ گەلانی ئێران نەبوو تەنیا درووشمێک بوو بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و لەعابێک بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان بەناو «دێموکراسی»، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە دەس لە کار کێشانەوەی یەکە یەکە بەشداربووانی ئەم مەنشوورە ڕووی ڕاستەقینەیانی دەرخست و زۆر بە جوانی بۆ خەڵک ئاشکرا بوون کە شەڕی ئەمان شەڕی دەسەڵاتە، نەک شەڕی ڕزگاری گەلانی ئێران لە ژێر زوڵم و ستەم. هەر بۆیە دوێنێ «حامیدی ئیسماعیلیون» و ئەمڕۆ «نازەنینی بونیادی» لە مەنشووری «جۆرج تاون»واز دێنن و ئەویش تەنیا بە هۆی نادێموکراتیک بوونی خاڵە ناودێر کراوەکانی ئەم مەنشوورە کە هەر وەک «نازەنین بونیادی» ئاماژەی پێکرد کە وەک هەمیشە بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیک و سێکۆلار لە سەر بنەمای جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ دەمێنمەوە. هەروەها لە درێژەی وتەکانیدا ئاماژەی بەو خاڵەش کرد کە ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە بۆ گەیشتن بە دێموکراسی و سێکۆلار یاریدەری خەڵکی ئێران بین. لێرەدا قسەکانی دەرخەری ئەو ڕاستییە بوون کە مەنشووری «جۆرج تاون» تەنیا لەعابێک بوو بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان و هەڵخەڵەتاندنی خەڵک، کە بە خۆشحاڵییەوە دروشمی سەر شەقامەکان پەیامێکی جدی و ڕۆشنی بە بنەماڵەی پەهلەوی گەیاند:»سلطنت ولایت یک صد سال جنایت».

هەر بە پێی ئەم ئەزموون و ڕابردووە بۆمان دەردەکەوێ کە هیچ جیاوازییەکیان تەک کۆماری ئیسلامیدا نییە؛ وەکوو هێلکەی چەرموو و قاوەین کە تەنیا ڕەنگیان جیاوازە، ئەگینا ناوەڕۆکیان یەکێکە، کە هەردووکیان لە سەر بنەمای فاشیزم بوونن کە فاشیزم خۆیی لە تیرۆریزم بوونەوە سەرچاوە دەگرێ.

بژاردەی سێهەم: دامەزراندنی حکوومەتێکی دێموکراتیک و سێکۆلار

ئێران بە پێی ئەوەی کە وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەچەشنە، پێویستی بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی دێموکراتیکی فیدراڵە، تاکوو بتوانێ وڵامدەری ویست و داواخوازییەکانی هەموو گەلانی ئێران بێت. حکوومەتێک کە گەلانی ئێران خۆیان تێیا ببینەوە، بۆ دامەزراندنی ئەم نیزامە پێویستە شۆڕشێکی بەرین و بەهێز ڕوو بدا کە هەموو نەتەوەکان خوازیاری ئەم شێوازە دەسەڵاتداریە بن. هەر وەک ئەوەی کە لە شۆڕشی ژینادا بینیمان بەڵام زۆر بەرینتر لەمجارە بە ڕێژەیەکی میلیۆنی کە نەتوانن سەرکوتی بکەن ئەم شۆڕشە کە دەسپێکی قۆناغێکی بەرین تر لە خەباتی گەلانی ستەملێکراوی ئێران لە دژی هەر چەشنە زێهنییەتێکی چەوسێنەر و کۆنەپەرەست بوو کە کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران و دنیاشی لە خۆگرتەوە، قۆناغێکی زۆر هەستیار و کاریگەرە لە هەمبەر چارەنووس و پرسی گەلان لە ئێرانی داهاتوودا بوو، شۆڕشێک کە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ لە مێژوویی سیاسی کوردستان و ئێران دا بێ وێنە بوو. بڵێسەی ئەم شۆڕشە دوای پتر لە نۆ ما نگ ڕاپەڕینی بێ وچان هەر ڕۆژ بە جۆرێک لە جۆرەکان دەگەشێتەوە، خاڵی جیاوازی ئەم شۆڕشە لە گەڵ خۆپیشاندانەکانی ساڵانی ڕابردوو، لەوە دا بوو کە شۆڕشێک بوو کە لەسەر چەمکی «ئازادی» و «یەکسانی» و «پێکەوە ژیانی گەلانی ئێران» هاتە گۆڕێ و بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، شەقامەکانی هەژاندەوە. شۆڕشێک کە بەوە هەوێنی ئاشتی و ئازادی و دڵخۆشییەک بۆ هەموو گەلانی ئێران بە تایبەت نەتەوەی کورد بۆ پێکهێنانی وڵاتێکی ئازاد و دێموکراتیک کە تێیدا مافی هەموو گەلانی ئێران پارێزراو بێت، بەڵام لێرەدا ئەوەی جێگەی سەرنج و دڵخۆشییە ئەوەیە کە خەڵکی ئێران لە ئێستادا



درێژەی بابەت: ل٢٤

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەڵگەڕانەوەی گۆچکەی هەژموونی بەسەر ژناندا

نووسین: زانیار حوسێنی
وەرگێڕان لە فارسیەوە:ڕۆژە عەزیزی

لەدوای ئەشکەنجە و کوشتنی کچێکی کورد، ڕاپەڕینێک لە ژیلەمۆی بەجێماو لە قەقنەسی عەدالەت و ماف سەری هەڵدایەوە کە چواردەورەی ویلایەتی فەقیهی گرت و هێندەی نەمابوو کە کۆڵەکە ڕزیوەکانی شەیتانی گەورە بسووتێنێ و جگە لە مێژوویەکی پڕ لە جینایەت، هیچی تری بۆ نەهێڵێتەوە؛ بەڵام لە کۆتاییدا هەر ئەو سەرەنجامە بۆ ئەوان بەدی دەکرێ و ئەمڕۆش نەبێ، لە دوارۆژدا ڕەنگی ڕاستی بەخۆیەوە دەگرێ و ڕوو دەدات.


حکوومەتێک کە دەیان ساڵە هەوڵی بە پێچەوانە نیشاندانی سروشتی زاتی، کلتوورەکان، مێژوو و ڕووداوەکانی لە چوارچێوەی ئەو جوگرافیایەدا هەبووە و بە زۆر لە ڕێگەی هێزە سەرکوتکەرەکان و ڕومانەکردنی ئایدیۆلۆژیای نامرۆڤانە لە هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا، بە بۆچوونی خۆی بنکە جەماوەرییەکانی داگیرکردووە، بەجۆرێک کە هیچ یەک لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، ئیمکان و ئازایەتیی بەرەنگاربوونەوەیان لەگەڵ ئەودا نییە، بەڵام کتووپڕ تا لێوارەکانی شکست و ڕووخان ڕۆیشت و نزیک بێوە لەوەیکە ناوی بچێتە مێژووی تاریکی ڕێژیمە خوێنمژەکان؛ ئەمە زەنگی ئاگادارکردنەوە بوو بۆ کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە دڕەندەیە کە وەک چەکوچێکی قورس بەسەر فکرە دواکەوتووەکانیاندا کەوتەخوار و وەبیهێنەرەوەی ڕاستییەکی کۆنە کە دەڵێت: {ڕاستییەک دەتوانرێ بشاردرێتەوە، بەڵام ناکرێ ڕێگری بکرێ لە سێڵاوی ڕاستییەکان}.

بۆیە چی تر ڕاستییەکان ناتوانرێ بشاردرێنەوە و هەریەکە لە مافەکانی وەک مافی یەکسانی، داواکاری نەتەوەیی و دادپەروەری لە هەموو سەردەمەکاندا بۆ ژن و پیاو دەبێت یەکسان بن و هەرکام لە مافە سەرەتاییەکانی هەر مرۆڤێک دەبێت بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز وەک یەک و بە شێوەی یەکسان بدرێت، ئەمە ڕاستییەکی سادەیە کە ماشێنی درۆی کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ پێچەوانەکەی بسەپێنێ. درۆ و سانسۆر و شاردنەوەی ڕاستییەکان دەکرێ لە فەرهەنگی زمانەوانیی ویلایەتی فەقیهدا بۆیان بگەڕێین. بۆیە زۆر هاسان دەتوانین شوێنەواری ئەوانە بدۆزینەوە لەو کتێبانەی کە دواتر وەک سەرچاوە، ڕۆڵێکی تایبەتیان بینی لە بناغەی یاسا و گۆڕانکاری لە دابونەریت و لە پێکهێنانی دەستووری ئەمڕۆی ئەم ڕێژیمە و یاساکانی.

لەم کتێبانەدا و دواتریش لە یاساکاندا بەشێوەیەکی زیرەک و فێڵبازانە نیوەی کۆمەڵگا (ژن) بۆتە ئامانج و لەڕێگەی پیاوانەوە هەوڵی زاڵبوون بەسەر ژناندا دراوە، لەلایەکی دیکەشەوە ڕاستەوخۆ هەوڵ دراوە بۆ کۆنترۆڵ و زاڵبوون بەسەر پیاواندا. ئەم تاکتیکە درێژخایەنە، هەرچەندە بە ڕواڵەت سادە دەنوێنێ بەڵام بە وردەکاریی بچووک و ئاڵۆز ئەنجام دەدرێ؛ بە واتایەکی تر نیوەی کۆمەڵگا بە تێچووی زۆر کەمتر و لە ڕێگەی خودی کۆمەڵگاوە کۆنترۆڵ و نیوەکەی تریش بە تێچووی زۆر و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کۆیلە دەکات.

پرسیار ئەوەیە، بۆچی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان بەتایبەتی لە جۆری ئایینی، لە یەکەم هەنگاوەکانیاندا بۆ زاڵبوون بەسەر کۆمەڵگادا دەست دەکەن بە سنووردارکردن و چەوساندنەوەی ژنان؟

بە چاوخشاندنێکی کورت بە مێژووی پێکهێنانی کۆمەڵگاکان، هەروەها وردبوونەوە لەسەر ڕۆڵی ژن لە بنکە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا، دەتوانین تێبگەین کە ژنان لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی پێکهێنانی کۆمەڵگەن و بەو پێیە، ئەوان پێکهاتە سەرەکی و دانەبراوەکانی یەکە گەورە و بچووکەکانی کۆمەڵگاکانن، کە بەردەوامی و ژیانی هەموو کۆمەڵگایەک پەیوەستە بەوانەوە. لە ڕاستیدا ژن ناوەندی گۆڕانکاری، سەرهەڵدان و گەشەی شێواز و هۆکارەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتییە کە هاوکات پشت بەستووە بە کولتوور و هەڵوێست و شێوازی بیرکردنەوە و ئارەزووی تاک




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و کۆمەڵ و هتد. پەروەردە کە پایەی سەرەکیی دارشتنی بیری مرۆڤە و چۆن گەشەکردن و پەرەسەندنی هەڵوێستی مرۆڤەکان بەستراوەی ئەوەن، لە زۆربەی کۆمەڵگاکان و زۆربەی کاتەکاندا لە ئەستۆی ژناندا بوە و هەیە؛ بەڵام ئەگەر ژنان، ڕاستەوخۆ یان لەڕێگەی پیاوانەوە ئەو جۆرە پەروەردەیەی کە لەلایەن ڕێژیمەوە دیاری و پەسند کراوە (کە لە بەرژەوەندیی گشتی بۆ مانەوەی ئەو جۆرە ڕێژیمانەدایە) بگوازنەوە بۆ منداڵان، لە ڕاستیدا بەم کارە نە تەنیا ئاستی تێچووی مرۆیی، ئابووری و ڕیکلام کە لە ئەستۆی ڕێژیمدایە تا ڕادەیەکی بەرچاو دەهێننە خوارەوە، بەڵکوو ئەم کارە کە بە بێ مەبەست یان هەندێکجار بە خواستی خۆیان (لایەنگرانی ڕێژیم) ئەنجام دەدرێ، دەبێتە خزمەتێک بە ڕێژیم و ئەوەش خۆی دەبێتە هۆی گۆڕانێکی بەرچاو لە پەروەردەی بنەماڵەیی، کەلتوور و تێکچوونی چوارچێوەی پرەنسیپە کۆمەڵایەتییەکان و هتد .

بەهۆی ڕۆڵی ناوەندی ژنان لە بناغەی بنەماڵەدا (وەک یەکەم و بچووکترین کرۆکیی کۆمەڵگا) و توانای بەرزیان لە کاریگەری لەسەر هەر ئەندامێکی خێزان، دەتوانن ببنە ناوەندی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، کولتووری و دواجار سیاسیی کۆمەڵگایەک یان نەتەوەیەک. هەر لەبەر ئەم هۆکارە زۆرجار ئەم جۆرە ڕێژیمانە هەوڵ دەدەن تا دەتوانن ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ژنان نەبنەوە بەڵکوو لەبری ئەوە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پیاوانەوە ڕووبەڕووی ئەم چینەی کۆمەڵگا ببنەوە و هەوڵی پاسیف بوونیان بدەن.

لەڕاستیدا دەکرێ تا ئاستێکی بەرچاو ئەو حاڵەتانە بۆ پیاوانیش ئاماژە بکەین بەڵام بۆ وەڵامدانەوە بۆ ئەمجۆرە پرسیارانە پێویستە کەلتووری کۆمەڵگە و هەروەها ڕۆڵی دەسەڵات لە گەشەپێدان و بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە کەلتوورانە لە هەموو بەشەکانیدا لەبەرچاو بگرین.

لە سێ دەیەی ڕابردوودا، بە تایبەت لە دوای هاتنەسەرکاری سەفەوییەکان، ئەوەی لەلایەن حاکمەکانەوە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە کەسییەکان، وەک یاساوڕێساکان، بە یاسا دارێژرا، بە جۆرێک بوو کە لە تەرازووی دەسەڵاتدا قورسایی بۆ لای پیاوان دەشکایەوەیە، و لەلایەکی ترەوە زانایان، پیاوانی ئایینی و دەسەڵاتدارانی ناو کۆمەڵگە (جگە لە دەسەڵاتی یاسایی) ئەم شێوازە یاساییەیان لە شێوەی ئەرکی ئەخلاقی، ئینسانی، ئایینی و پرەنسیپەکانی ژیان بۆ خەڵک ڕوون کردەوە و لێکدانەوەیان بۆ کرد، بە جۆرێک کە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم، لە دابونەریتەکاندا دەبیندرا؛ بەتایبەت لەو سەردەمەدا کە بنکە ئایینییەکان وەک میدیا کاریان دەکرد و تاکە بڵندگۆی سەرتاسەری بوون کە دەرفەتی پەیوەندیکردن، ئاگادارکردنەوە، پەروەردەکردن، کۆکردنەوەی خەڵک و بڵاوکردنەوەی پرس و هەواڵیان




لەسەر ئاستێکی بەرفراوان هەبوو.

لەم جۆرە دەسەڵاتانەدا ئەگەرچی بە ڕواڵەت ڕەفتار و بڕیارەکان لە قازانجی پیاوانن و دەستەبەری بەشێکی زۆر لە بڕیارە تاکەکەسییەکان و دەستەجەمعییەکان لە بەشە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەخرێنە سەر شانی پیاوان، بەڵام لە درێژخایەندا ئەم مەسەلەیە وای کردووە کە ئەو ڕواڵەتە حاڵەتێکی پێچەوانە بەخۆیەوە بگرێ و پیاوان لەژێر بارگرانیی بەرپرسیارێتی لەڕادەبەدەر، بکەونە ژێر گوشارێکی یەکجار زۆر و ئەوەش دەبێتە هۆی کێشە و ماندووبونێکی زیاتر لە ئاستی نۆرماڵی دەروونی، فکری، کردەییدا و بەو هۆیەوە لە کاروبارەکانی ژیاندا تووشی کێشە دەبن؛ بۆیە پاسیڤکردنی ژنان لە کۆتاییدا کاریگەریی لەسەر پیاوان دەبێت. خۆی ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەیکە پیاوان جۆرێکی تری پاسیڤیەت ئەزموون بکەن، وەک نموونە دەکرێ ئاماژە بە پرسە سیاسییەکان و کۆمەڵایەتیەکان بکرێ و دەتوانرێت پێی بڵێین پاسیڤیەتی دامەزراو؛ ئەمەش بەو مانایەیە کە ڕێژیم بە ڕێکخستنی بچووکترین ڕەفتارەکان لە مەیدانە تاکەکەسی و بەکۆمەڵەکاندا، هەوڵی ڕێکخستنی ژن و پیاو بە شێوەیەکی یەکگرتوو دەدات، بە جۆرێک کە هەموو کەسێک لە هەندێک بەشی ژیانی کۆمەڵایەتیدا تا دەتوانێت پاسیڤ یان بێلایەنانە ڕەفتار بکات. (لانیکەم ئەگەر بە مەیلی ڕێژیم ڕەفتار ناکات)

ئەمجۆرە ڕێژیمانە، یاساکان وەک گۆپاڵێک دەدەنە دەست پیاوان و دواتر



بە ستاندنی هەمان گۆپاڵ، پیاوەکان دەکەنە کۆیلەی خۆیان؛ کاتێک نیوەی کۆمەڵگە لە ڕێگەی هەمان کۆمەڵگەوە خسترایە ژێر کۆنترۆڵ و چاوەدێری، کۆیلەکردنی نیوەکەی تری کۆمەڵگە لەلایەن ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانەوە کارێکی زۆر ئاسانە و چەتوون نابێت.

لەم جۆرە حاڵەتانەدا، پیاوان دەبێ ئەو بەشە لە بەرپرسیارێتییەکانیان کە لە ژنان وەریانگرتووە، لەگەڵ بەرپرسیارێتییەکانی خۆیان، لە ئەستۆ بگرن و ماندووبوونی هەڵگرتنی ئەو جۆرە بەرپرسیارێتییە قورسانە، وایان لێدەکات کە ئاسانتر گوێڕایەڵ یان پاسیڤ بن؛ ئەمە دواخواستی حکوومەتە تۆتالیتارییەکانە بۆ ئەوەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمەڵگە بەپێی خواستەکانی خۆیان دابڕێژن و لە بری کۆمەڵگا بڕیار لە هەموو پرس و سێکتەرەکاندا بدەن.

مرۆڤ بە تێڕوانین لە سەردەمی حاکمییەتی نوێنەرانی خودا و ئیمام زەمان لە ئێران، بە ئاسانی ئەم پرسانە دەبینێت، یان بە ئاوڕدانەوە لە دەستوور یان یاسا ئاساییەکان؛ بەتایبەت لە بوارەکانی یاساکانی باری کەسی کە لایەنەکان ژن و پیاوان، ئەو ڕاستییە دەکەوێتە ڕوو کە ئەم ماددانە بە شێوەیەک داڕێژراو و بنیات نراون کە لە زۆربەی ماددەکاندا ژن و پیاو بوونەتە دوو گرووپی جیاواز کە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و حکوومەت ڕۆڵێکی ئەرێنی و خێرخوازانە وەک ڕزگارکەر یان ناوبژیوان لە نێوانیاندا دەگێڕێت.

لەم بازنەی یەک لە دوای یەک لە «پیاو، ژن و حکوومەت»دا، ڕێژیم هەموو جارێک بە پلاندانان وەک یارییەک، نیگەرانیی کۆمەڵایەتی و کولتووریی دروست کردووە و هەوڵی جەمسەرگیریی کۆمەڵگای داوە بۆ ئەوەی لەم نێوەدا جەمسەری دژبەری کۆمەڵگا بخاتە ژێر جەمسەری لایەنگرەکانی خۆی. بەشی مەترسیداری ئەو کایانە ئەوەیە کە نەیارانی ڕێژیم لە کایەی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی تەنیا بە نەیار نازانرێن؛ ئەگەر ئەم جۆرە کەسانە وەک دوژمنی خودا و جێگری خودا هەژمار نەکرێن، ئەوا لە لیستی فریودراوەکاندا دەبن؛ یان وەک ئاژەوەگێڕ دەبینرێن و ئەگەر لەمەش بێبەری بکرێن و ڕزگاریان بێت، بەدڵنیاییەوە وەک نەخۆشێکی دەروونی ناو دەبرێن کە بەپێی ڕێنوێنییەکانی کاربەدەستانی ویلایەتی فەقی دەبێ دەرمانیان بۆ بدۆزرێتەوە هەڵبەت ئەگە ئیمکانی چارەسەری هەبێ.

بەڵام کوشتنی ژینا بوو بە ڕووداوێکی مێژوویی بۆ بەئاگاهاتنەوەی خەڵک، ئەو خەڵکەی کە ئەمجارە هاتنە سەرشەقام نەک لەبەر دەنگدان، نەک لەبەر گرانی و نەک بەهۆی شەڕە کۆتلەییەکانی ڕێژێمی ویلایەتی فەقی، بەڵکوو بەهۆی کوشتنی کچێک و بە سەرکردایەتیی کوردستان لەم بزووتنەوەیەدا، داوای ڕێزگرتن لە مافە سەرەکییەکانیان کرد، وەک ئازادییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و ئازادیی ڕادەربڕین و دادپەروەری. هۆکاری سەرەکیی ئەم بزووتنەوەیە کە بوو بە سەرتاسەری، بوونی بەردەوامی بناغە دادپەروەرییەکان، ڕاهێنانی زارەکیی بەردەوام لەسەر ئاستی کۆمەڵگا و لێکچوونی قەبارەی ڕەفتاری ژن و پیاو لە کۆمەڵگای کوردەواریدایە، کە بۆ بەشەکانی دیکەی ئێران بڵاو بۆوە و مەیدانی بۆ فراوانبوونی تێکۆشان و حزووری ژنان ئامادە کرد و ئەوان توانیان بە دەنگێکی بەرز و بە ئازایەتییەکی بێهاوتا و ئامادەیی فراوان دەنگی حەقی خۆیان بە هەموو جیهان بگەیەنن و ئەمجارە لە بەرژەوەندیی خۆیاندا گۆچکەی ستەمکاری و هەژموونی ڕێژیم هەڵبوەشێننەوە.

لە ڕاستیدا مەسەلەی بنەڕەتیی ژنانی گەلانی ئێران، بەتایبەت ژنانی کورد، حیجاب و لابردنی حیجاب نییە، بەڵکوو داخوازییە بنەڕەتی و نەتەوەییەکانیانە؛ ئەم داخوازانە لە پەیکەری چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەی کورددا ڕۆڵیان هەبووە و خۆڕاگری لەو ئاراستەیە و فراوانبوونی دروستی ئاستی داواکارییەکان بووەتە هۆی گواستنەوەی ئەو بناغانە بۆ ژنانی نەتەوەکانی دیکە لە ئێراندا. ترسی حکوومەتی دژەژنی ویلایەتی فەقی لە بەئاگاهاتنەوەی ژنان و داوای مافەکانیانە کە بناغەکانی دەسەڵاتی حوکمڕانی ئەوانی هەژاندووە.

جیاوازیی نێوان تێڕوانینی هەژموونگەرانەی ڕێژیمە مرۆفکووژەکان وەکوو ویلایەتی فەقی و داعش تەنیا لە خاڵێکی سادەدایە؛ ویلاییەکان پێیان وایە پێویستە ژن بکرێتە کۆیلەی مۆدێرن و ئەمڕۆیی، بەڵام داعش باوەڕی بە کۆیلایەتی ژن هەیە وەک سەردەمی کۆنی نەفامی کە لە دەرئەنجامدا هەردووکیان شکستیان هێناوە و گەیشتوونەتە بنبەست لە پێشخستنی سیاسەتە دژەژنەکانیان (ئەو کۆتایی و ئاکامە بۆ تالێبانی ئەفغانستانیش بەدی دەکرێ) و هەڵگەڕانەوەی گۆچکەی هەژموونی بەسەر ژنان لەلایەن ژنانەوە، بەڵێنی درێژەدان بە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» و بە ئاکام گەیشتنی ئەو شۆڕشەیە کە بە کوشتنی ژنێک بە ناوی ژینا بلێسەی ئەم شۆڕشە هەڵگیرسا.

# خەڵکی ئێران لە نێوان سێ هەڵبژاردندا

درێژەی بابەت

چاوکراوەن بیر و هزری نەتەوەییان وەک ٤٤ساڵ لەمەو پێش نییە؛ بیرکردنەوەیان بیرکردنەوەیەکی بیر تەسک و توند و تیژانە لە هەمبەر پرسی نەتەوەکانی گەلانی ستەم لێکراو نییە، واتا خەڵکی ئێران نایهەوێ دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتێکی فاشیزمی قەومی وەک بنەماڵەی پەهلەوی بێنێتە سەر کار هەربۆیە خواستی خەڵک، خواستێکی دێموکراتیک و ئینسانییە و لەم بارەوە بە کردەوەو و دروشمی سەر شەقامەکان سەلماندوویانە کە خواستی ئەوان دامەزراندنی حکوومەتێکی پاشایەتی نییە؛ کە هەر وەک هەموومان شایەتی دروشمەکان بووین کە دەیانگوت: مەرگ بۆ ستەمکار چە شا بێتەو و چە ڕێبەر، ئەم پەیامانە ئاستی وشیاری خەڵکی ئێران دەگەیێنێ، بەڵام گرینگ بە ئاکام گەیاندن ئەم شۆڕشە و ئەم بژاردەیە کە خواستی گەلانی ئێرانە، جا بۆیە ئەگەر بمانهەوێ شۆڕشی ٥٧ دووپات نەبێتەوە، دەبێ هەر لە ئێستاوە خۆمانی بۆ ئامادە بکەین ئەویش لە قۆناغی یەکەمدا بە پێکهێنانی بەرەیەکی بەهێز و بەرین لە تەواوی لایەنە سیاسییەکان بە دروشمی «بەڵێ بۆ دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ» دەتوانین خواست و ویستی خەڵک و خۆمان پێکەوە گرێ بدەین و لە گەیشتن بە ئامانجەکانمان سەرکەوتوو بین. قۆناغی دووهەم پاراستنی یەکگرتوویی گەلانی ئێران کە پێم وایە تەنیا پاراستنی یەکدەنگی و یەکگرتووییە دەتوانێ زامنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دێموکراتیکی و سێکۆلار بێت. هەربۆیە ئەگەر گەلانی ئێران بیانهەوێ لە داهاتوودا سەروەری خاکی خۆیان بن و شۆڕشی ٥٧ دووپات نەبێتەوە، دەبێ باش بزانن کە هەر وەک دوکتور قاسملوو کە دەیگوت: تەنیا دێموکراسی و حکوومەتێکی دێموکراتە دەتوانێ وڵامدەری ویست و داواخوازییەکانی گەلانی ئێران بێت. جا بۆیە با هەموومان لە خۆمانەوە مایە دابنێین بۆ دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هۆکارەکانی جیا بوونەوە و کێشەکانی خێزانی

ئەهوورا



جیا بوونەوە یا تەلاق دەستپێکی ژیان نویَ، یا ڕووخان و شکستی ژیان بە تایبەت بۆ ژنان.

سدەی بیستم و بیست ویەکم سدەی ئاڵۆگۆڕە بەنەڕتییەکان لە هەموو بوارێک دا ؛ ئاڵۆگۆڕی سیستماتیک لە هەموو بیر و باوڕە کۆنەکان کە وەک عۆڕفی کۆملگە سەیر دەکرا و زۆر کات هێڵی سووری کۆمەڵگەش بوون، لە سەدەی بیستەمدا و بیستویەکم نەتەنیا هێڵی سوور نین بەڵکۆ وەک داب و نەڕیتێکی کۆن و دور لە مرووڤایەتیش زوڕ جار سەیر دەکڕا. ژیانی هاوبەشیش دور لەم گۆڕانە فکریە نەبوو بە بەرەوپێش چوونی تەکنۆلۆجیا ژیانی هاوبەشیش ماناکەی گۆڕاوە لە یەک ڕەستەدا دەبیَ بڵێین کۆمەڵگە شۆڕشێکی فیکری بەسەر هاتووە.

گۆڕانکارییەکانی ئەم سدەیە هێن بە خێرایی تێپەڕ بووە کە چۆنییەتی هڵسوکەوت کردنی مرووڤیَ ئێستا لەگەڵ دەساڵ لەمەوبەڕیش زۆر جیاوازە تا ئەوی کە خۆمان لەگەڵ باو و باپیرانمان بەڕاورد بەکین.

ئێستا کە جیا بوونە ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە هڵکشان دایە و بەخێرای ڕوو لە زیاد بوونیش دایە، بەڕاست ئەوە کێشەیی کۆمەڵایەتییە؟ یا دەبیَ ژیانی هاوبەش وەک شڕاکەتێک چاو لێکەین و تێدا جیابوونەوە ئاساییە و ناکڕیَ ڕەخنەشی لیَ بەگیرێت؟

ئەگە جیا بوونەوە وەک شکستێک چاو لێکین با هۆکاری بەڕز بوونەوەکەی بەخینە بەر باس و خواست. ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان دەیبینیَ و جیابوونەوەکان و خەڵکی بەردەم دادگاکان زیاترین ڕێژە هی هاوژینەکانی کەم تەمن و ژێڕ سی ساڵە و کمتر دەبینین کە سەروی سی ساڵ بن. بەو هۆکارگەڵیە:

١- نەویَ نویَ فەکتی ژیان و ئیدئالی ژیان لە سۆشیاڵمیدیا و لە سلیبریتییەکان زیاتر وەردەگڕن و ئەم شێوازی ژیان و ئیمکاناتەی ئەوان و لانیکەم بەشێکی بە مافی خۆیان دەزانن چ لەبواری کەڵپەڵی ژیان بێت، چ لەبواری شێوەی ژیان بێت، چ لەبواری تاک هاوبەشی ژیانیان بێت لەبواری جەستە، بیرکردنەوە، داهات و....

لەهەمان کاتیشدا ناکڕیَ ڕۆڵی فیلمەکانی gem و کاناڵەکانی لەم شێوەیە کە بینرێکی زۆریان لەنێو بنەماڵەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کورد دایە ڕەچاو نەکین کە قێزەونانە و بە برنامە کار بۆ بەلاڕێکێشانی تاکی کۆمەڵگە دەکات کە زۆر کات دەتوانین بەشێکی جیابوونەوەکان بخەینە ئەستۆی ئەم برنامانە کە زۆر کات فیلمێک بە درێژای چندساڵێک کە تێدا تەوای ئەو چند ساڵەی کە فیلمەکە درێژەی هەیە خەریکە بانگەشە بۆ ڕۆخاندی وەفاداری و پابند نەبوون بەژیانی هاوبەش و فرەخوازی بواری جنسی دەکا.

لەبوواری دەرووناسی کاتێک بیرۆکەیەک، یا ڕەفتارێک چەندین،چن جار دووپات ببێتەوە دەبێتە خووگرتن، لێرەش دا لەوانەیە هۆکاری دڕێژ کردنەوەی ئەم دڕامایانە هەر ئەو خووگرتنانە بە خەیانەت و فسادە ئەخلاقییانە بیَ کە ڕووی لەکۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت کوردی کردوە.

٢- کێشەی ئابووری بەتایبەت بۆ چینی تازە گەیشتوو، بەڕز بوونەوی ڕێژەی هەژاری و بێکاری وا لە گنجان دەکات ژیانی هاوبەش پێکنەهێنن یان کاتێک شانیان خستە ژێری ئەو هێزەیان نەبیَ کە توانای ڕاگڕتنیان بێت وازی لێبێنن.

٣- دەرکی نابەجێی بنەماڵەی کچەکان وت ویست و خواستی زۆر زیادە لەڕادەیان و سەیرکردنی وەک ملک وماڵیان و فرۆشتنیان بە کوڕەکان. لێرەشدا بە هۆی نالەباری ئابووری و لاواز بوونی ئابووری دەبێتە هۆی سەختی ژیانی هاوبەش و لێکتڕازنی ژیانی هاوبەش یا نەچونە ژێر باری ژیانی هاوبەش و...

درێژەی بابەت: ل٢٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هێمایەک لە ڕەگەزی هێز و باوەڕ و وەفا



نەسرین یوسفزادە

لە ژیانێکی پێشمەرگانەدا ژنێک بۆ چاکە دەجەنگێ، بۆ بەهێزبوون، لە جیهانێکدا کە نازانێ چارەنووسی چییە هەڵبژاردن بۆ ئەو سانا نییە، بەڵکوو ناچارییە، زۆرجار ئەوەندە دۆخەکە خراپە کە لەوانەیە شکست قبوڵ بکات! بەڵام هەمووکات تەسلیم نابێ و لە جیاتی دانیشتن و بەزەیی بەخۆداهاتن دەوەستێ و بارودۆخەکە دەگۆڕێ!

ئەو شەڕ دەکا، ڕووحی بریندار و ماندوو دەبێ، دەکەوێ، بەڵام هەرگیز شکست ناهێنێ چونکە باوەڕی وایە شایەنی ئەوەیە ئاسوودە بێ و هەوڵ دەدا بە هەموو توانایەوە بۆ خۆی ژیان دروست دەکا و شکست ناهێنێ و لاواز نابێ. ئەو هاتووە جیهان بگۆڕێ هاتووە جیاواز بێ و خەونەکانی وەدی بێنێ کەواتە دەبێ کڕنۆش برین بۆ ژنانی پێشمەرگە و پێشمەرگانی ژن بۆ هەموو گەورەییان.

یەک لەو ژنانە خاتوو «فەریدە شاوەیسی»یە هاوژین و هاوڕێی شەهیدی فەرماندە و چۆپیکێشەکەی زرێبار مامەقاڵەی عیزەتی ناسراو بە قالەڕیشەیە کە نیزیک بە نیوسەدە لە ژیانی بە هەموو جورە تەنگ و چەڵەمەیەدا تێپەڕی و دەیان هەوراز و نشێوی بڕی و شان بەشانی هاوژینەکەی پێشمەرگەئاسا ژیا و درێژەی بەو خەباتە ڕەوایەدا کە هاوژینەکەی بارەڕی پێی بووە و خۆشی باوەڕی پێ هێناوە.

بەپێی گێڕانەوی یەکێک لە نیزیکانی بنەماڵەی مامەقالە، خاتوو فەریدە دووهەم هاوژینی مامەقالەیە و بەهۆی دابڕانی چەندین ساڵەی مامەقالە لە ماڵ و منداڵەکەی و بێهەواڵی لێیان لەگەڵ خاتوو فەریدە کە پێشتر هاوژینی یەکەمی ئەویش کە پێشمەرگەی حیزب و شەهید ببوو، ژیانی هاوبەش پێک دەهێنێ.

خاتوو فەریدە خەڵکی ناوچەی بێسارانە و هەر لەوێ لەگەڵ مامەقالە ئاشنا دەبێ و بڕیار دەدن ژیانێکی تازە لەگەڵ یەک دەست پێبکەن، بەڵام ئیتر دەبێ بڵێین ژیانی ژنی پێشمەرگانە بە تایبەت کە هاوژینی پێشمەرگەیەک بێ



و هەر ڕۆژێک و لە ترسی دوژمن لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر ڕاکەڕاکی بێ و هەردەم لە ترس و دڵەڕاوکەی ئەوەی کە ئایا کەی دەکوژرێ یان هەواڵی شەهیدبوونی نیزیکەکانی بەدەست دەگا دەبێ چ جۆرە ژیانێک بێ؟!

وەک ئەوەی کە باس دەکەن دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بنەماڵەی پێشمەرگەکان بڕیار دەدەن شار و ناوچەی خۆیان بەجێ بهێڵن و بەرەو سنوورەکانی باشووری کوردستان کۆچ دەکەن. بنەماڵەی مامەقالە لە شوێنێک بە ناوی هانەگەرمەڵە دەگیرسێنەوە لەوێ فەریدە دووگیان دەبێ و کوڕە گەورەکەی دەهێنێتە دنیا.

ئەوەی کە دەڵێن ژیانی پێشمەرگانە پێشبینی ناکرێ و پێشمەرگە هەردەم دەبێ چاوەڕوانی ڕوداوێکی چاوەڕواننەکراوە بێ، بەڵام هەردەم ڕوحمی دایکانە و خۆشەویستی نیشتیمان و ئەوین بە بیروبارەڕیان لە ژنانی وەک فەریدە بیندراوە؛ دەڵێن لە دەرگیرییەکی سەختی نێوان پێشمەرگەکان و بەکریگیراوانی ڕێژیمدا لە کاتێکدا مەترسی ئەوە هەیە کە یان دەستبەسەر یان تێکڕا شەهید بکرێن، مامەقالە پێ لەسەر دڵی خۆی دادەنێ و پێشنیار بە فەریدە دەکا کۆرپە دوو مانگانەکەی بەجێ بهێڵێ و خۆی دەرباز بکا، بەڵام فەریدەی بە بەزەیی و بە ڕەحمی دایکانەی، قەبووڵی ناکا و کۆرپکەی بە کۆڵێوە گری دەدا و بەهەر شێوەیەک بێ خۆی لەو دۆخە ڕزگار دەکات.

لەو ماوەیەدا فەریدە هاوڕێ لەگەڵ چەند ژنی دیکە لە هاوژینی پێشمەرگەکان بە دەستی داگیرکارنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دڵپیسی کۆماری ئیسلامی دەستبەسەر و ڕەوانەی بەندیخانە دەکرێن و لەوێش بە شێوازێکی زۆر خراپ ئەشکەنجەی ڕەوانی دەدرێ ئازار و سەختەیەکی کە ئەو خاتوونە چێشتوویەتی لەوانەیە بە دەیان لاپەڕە بگرێتەوە لە بەندیخانەش دوای ماوەیەک پاڕانەوە کە دەڵێن ئێمە تاوانمان نییە و مێردەکانمان نازانین لە کوێن و بەجێیان هێشتووین و.... ئازاد دەکرێن.

دوای ئەوەی کە دێنە باشووری کوردستان و لە شوێنێک بەناوی زڕیان نیشتەجێ دەبن و ژیانێکی ئاسایی دەست پێدەکەن دوای ماوەیەک کە مامەقالە لە پێشمەرگایەتی دادەنیشێ دەبێتەوە پێشمەرگە و دووبارە ژیانی پڕ لە ئازار و چەرمەسەری و ترس و دڵەڕاوکێ و تۆپباران و ڕاکەڕاک بۆ فەریدە و ماڵ و منداڵی دەست پێدەکا. تەنانەت وای لێ دێ کە لە ژێر ئەو هەموو گوشار و هێرشانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران فەریدە بڕیار بدا لەگەڵ منداڵەکانی بەرەو ئێران ڕابکا و لەوێ لە شوێنێک خۆی حەشار بدا، بەڵام ئەو کاتیش بەسەر خۆیدا زاڵ دەبێ و پەشیمان دەبێتەوە و بڕیار دەدا هاوشان لەگەڵ هاوژینەکەی شەڕ لەگەڵ نەیار بکا.

مامەقالە بەردەوام لەگەڵ پێشمەرگەکانی دیکە لە ناوچە بوون و ژیانی فەریدەش هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکەی ئەوە دابووە کە ئاخۆ کەی دەبێ هەواڵێکی ناخۆش ببیستێ، مامەقالە چەندین جار بە سەختی زامدار دەبێ و تەنانەت چەند جارێک کە بریندار دەبێ هاوسەنگەرانی لە مانی نائومێد دەبن، بەڵام بەخۆشیەوە چاک دەبێتەوە بەوەرەتر و ئازاتر لە هەموو کاتێک ڕووبەڕووی دوژمن دەبێتەوە، هەتا ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوای کاتێک ڕێژیمی دەژە مرۆڤی کۆماری ئیسلامی، بە هاژەک هێرش دەکاتە سەر قەڵا و فێرگەی دێموکرات و لە ئاکامدا کۆمەڵێک لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەری ئەو حیزبە شەهید و بریندار دەبن و مامەقالەش ئەو ڕۆژە زامێکی سەخت هەڵدەگرێ و دوای دوازدە ڕۆژ ململانێ لەگەڵ مەرگ بەهۆی سەختی برینەکەی دەچێتە ڕیزی ناودارانی مێژوو و شەهید دەبێ.

ئێستاش دوای نیزیک بە شەش ساڵ کە بۆ چەندین جاری دیکە کۆماری ئیسلامی بە دڕۆن و هاژەک هێرشی کردووەتەوە سەر بنکەکانی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان و دووبارە دەستی پیسی بە خوێنی گەشی ڕۆڵەکانی ئەو نیشتمانە سوور هەڵگەراوە مەزارگەی شەهیدانی کۆیە بە تاجە گوڵینەی بنەماڵە و خۆشەویستانی شەهیدان ڕازاوەتەوە.

---

دریژەی بابەت:

# هۆکارەکانی جیا بوونەوە و کێشەکانی خێزانی

گرینگترین کێشەی تاکی دەست کورتی ئەمرۆ کێشەی ماڵ و شوێنی نیشتەجێ بوونە، کە ناتوانین ڕەچاوی نەکەین،

٤دەتوانین بەڵێین کە کۆمەڵگای کوردی لە وەرچەرخانێکی تەواو دایە و تاکی کورد زۆر شتی بۆ نامۆیە و زۆر جاریش قێزەونەانەی ن دەتوانێ قەبووڵیان بکات، ن دەتوانێ ڕێگری لە پەرەساندنی بەگرێت بەتایبت پیاوانی کۆمەڵگە، لێرەدایە کە هێڵە سوورەکانی خۆیان پڕەنگ دەنوێنن دەبنە هۆکاری لێکترازان، لێرەش دا جێگەی باسە کە بیرۆکەی فێمێنیستی و مافی یەکسانی خوازی ژنان و کچان کە تا دوێنێکە خۆیان بە ناموسی بنەماڵەیان دادەنا و دواتریش ناموسی مێردەکانیان، ئەمجارەیە کچان بەو قەناعەتە فکریە گەیشتوون کە وەک مامۆستا هێمن دەفرمێت : پەچە دەدڕێنن و چارشێوەکان لادەدن، هەرچند پیاوان بیانهەوێ ڕێگریان بن، ئەوانن پیاوان وەک بەحری مەند ڕام دەکەن.

٤ وابستی ژنان لە ژیانی هاوبەش وەهای لێهاتووە کە پیاو دەبێ بە شێوەێکی لاکچری و سۆشیالمیدیایی کە تێدا ژیان یەکجار دوور لە ڕاستییەکان و پڕ لە هەموو ئەو شتانەیە کە بس میلیونێرێک توانای هەیە بەو ئاوات و خواستەیان بگەیەنێ و نەبوونی دەرکی نادروستە لە پیاوەکان و ژیانی هاوبەش. دواتریش ئەگەر ژنان خۆیان وەک کاڵایک سەیر نەکن بەڵکۆ ژیانی هاوبەش وەک شڕاکەتێک چاو لێکەن کە ژن و پیاو هەردووکی دەبێ بۆ ژیانی هاوبەش تێبەکۆشن نەوەک ئەوی پیاو ئەرکی سەرشانێتی و ژن بە هیچ شێوەیەک ئەوە بە ئەرکی خۆی نازانێت تا سووچیک لەو بارە وە ئەستۆ بگرێ و بەڵکۆ ئەگە بیکات پیاوەتی و نەشیکات دیسان مافی خۆیەتی، و لە هەمان کات دا پیاوانیش دەبێ بەو قەناعەتە فکرییە بەگن کە خاوەنی هاوژینەکەیان نین و دەبێ ڕێگە خۆشکەر بن بۆ ئەوەی ژنانیش شان بەشانی پیاوان بتوانن لە کۆمەڵگەدا بشداری بازاڕ و کەسابت بن، کە ناتوانی نەهی بەکین کە ئابووری باش ئەگە بەهێزترین کۆڵەکەی ڕاگرتنی ژیانی هاوبەش نەبێ، یەکێکە لە گرینگترینیان.

٥جێگای باسە ئێستاش کە ئێستایە بشێک لە کچان و کوڕانی کۆملگەی کوردیش، بەدڵی خۆیان ژیان هاوبش پێک ناهێن ولەژێر کاریگەری بنەماڵە دا لەگەڵ کەسێک کە هیچ هەست و خۆشەویستییەکیان لە نێواندا نییە هاوژین ئەبن کە ئەگە نەبێتە هۆی جیابوونەوە، دەبێتە هۆی جیابوونەوەی ڕووحی و نەبوونی ئەو گرم و گوڕیەی کە دەبێ لە نێو ژیانی هاوبش دابێ.

٦کۆمەڵگەی کوردستان و بەگشتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئێستا تێکەڵێ لە کولتووی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتییە. ئەو جلەی ئێستا کاتی هاوسەرگیرییەتی دەتوانین بەڵێن ئاخرین هەناسەکانی جیلی لەژێر کاریگەری سونەتی و کۆمەڵگەی کلاسیکە، بەشێوەیەک کە جیلەکانی داهاتووی کۆمەڵگە ئەم گۆشارەی سونەتی و باوەیان لەسەر نابێت، کۆمەڵگای سونەتیش باوێکی ئەوتۆی نامێنێ، ئەوەش دەکرێ ئاماری جیابوونەوە لە داهاتوو لە بەراورد بە ئێستا ڕوو لە بەرز بوونەوی زیاتریش بێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تیشکاوێژ

پڕم لەخواردنەوە
خواردنەوەی تابۆکانی ئەم سەردەمە
پڕم لەحێق
حێق کردنەوەی تۆ پێت جوانە
و دنیا لەشوێنیەوە لەشم بریندار ئەکا
پڕم لەکوودتا
بۆ جەستەی بریندار و ڕۆحی شکاوم
گەریلاکانی ناخم ناسرون
ناخەون
پڕن لە شۆرش بۆ چاوەکانی نەسرین و هێرۆ
لە ئێوارەدا لەخەو هەڵئەستم و دەمەو بەیان ژیان
پڕ ئەکەم لە خۆم و خوتان و نەسرینەکان

# کورتەیەک لەسەر ژیانی هونەریی «نیان فاتمی»



ن. و: تریفه فاتیحی


شاعیرو نووسەرو وەرگێڕی ڕۆژهەڵاتی نیشتمان خاتوو نیان فاتمی ، ساڵی ـ١٣٦٣ی هەتاوی لەشاری سەقز چاوی بە دونیا هەڵێناوە .

ماوەی دوازدە ساڵە بەشێوەی ڕەسمی دەستی بە کاری نووسین و وەرگێڕانی شیعر کردووە کە نموونە هەرە بەرچاو لە وەرگێڕانەکانی ، چەند شیعرێکن لە ژنە شاعیر و ڕەچە شکێنی فارس «فروغ فەڕوخ زاد» بووە.

خاتوو نیان بە زمانێکی پاراوو زاراوەی سۆرانی شیعر دەنووسێ و لە بواری شیعری کلاسیک و نوێ و شیعری سپی دا کار دەکات هەروەها سەرەڕای کاری نووسین و وەرگێڕان ، وەک ئەرکێکی پیرۆز وانەبێژ و فێرکاری زمانی کوردی بۆ منداڵانی ژێر دەساڵی نیشتمانە.

تا ئیستا لە زۆربەی گۆڤارو بڵاڤۆگەکانی کوردستان شیعرەکانی بڵاو کراونەتەوە ، وەک گۆڤارەکانی مهاباد، ژن ، سیروان و ڕامان.

لە کاتی تەنیاییدا
باڵ ناگرمەوە
بۆ گەرمە هەناسەکانی ئێوارانی پاییزی
من مرۆڤی نیشتمانێکی تەنیام
کچی بانگەشەی ئازارم
دڵی کۆس کەوتەی قەرارم
ژنی ناسکی پڕ لە ژیانم و
دایکی چوار کۆرپەی لەش کوێستانم
کاتێ تەنیام
پڕ لە بارانێکی بەگرمەو ناڵەم
و کاتێ لە کەڵێنی دابەشی جەستەمەوە ئەڕوانم
هزرم ناگاتە شوێنێ
جێ پێی ئاواتم و
تەنیایی نیشتمان و ئەم مرۆڤانە
تەنیاترە لە پەڕەسێلکەیێک
کە لە پایزە و کۆچ دەکا بۆ بەهار و لە بەهارەوە بۆ پایز




خاتوو نیان فاتمی کۆی بەرهەم ونووسینەکانی ئەو چەند ساڵەی لە توێی کتێبێک بەنێوی»قاوخی گوڵە بەڕۆژە» کە کۆمەڵە شیعرێکی پڕ لە جوانی و تەژی ناخی ژنانی نیشتمانە لە ساڵی١٣٩٧هەتاوی لە چاپەمەنی خانی لە تیراژی ١٠٠٠دانەو ڕێژەی١١٠لاپەڕە چاپ و بڵاو پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە.

هەنووکەش ئەندامی چالاکی ئەنجومەنی ئەدەبی مەولەوی سەقز و ئەندامی ناوەندی نوسەرانی کوردستانە.

سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ خاتوو نیان فاتمی شاعیری جوان و نووسی نیشتمان و هەموو ئەو ژنانەی کە هیچ کەد و کۆسپێک ناتوانێ و نەیتوانیوە ببتە لەمپەر لەسەر ڕێگە و ڕێبازیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



جیهان بەیتووشی



# گوڵ و سوودە تەندروستیەکان

بێگومان کاتێک باس لە گوڵ دەکەین، چەندین جۆر و شێوە لە گوڵەکانمان دێتە بیر کە لە سرووشتدا هەیە و هەر یەک لەو گوڵانە جگە لە جوانی و بۆنی خۆشیان چەندین سوودی تەندروستی جیاوازیان لەخۆ گرتووە. ناوچەی جوگرافی کوردستانیش وا هەڵکەوتووە کە چەندین جۆری ڕەوەکی تایبەتی تێدا دەڕوێت یان خورسک ڕواوە. بێگومان بە شێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو گوڵانەوە کراوە بەڵام لەم چەند ساڵەدا خەڵک بە شێوەیەکی گشتی سوود و کەڵکی لێ وەرگرتوون، هەر لە دروستکردنی شامپۆ و بۆن و کرێم و چەندین بەرهەمی جوانکاری و تەندروستی تر و لەم بارەوە کەڵک لەو سروشتە جوانە وەرگیراوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانە ئەو سروشتە جوان و دڵڕفێنە چەندین سوودی تری تەندروستیان هەیە.

من لێرەدا دەمەوێت باسی سوودی دوو لەو گوڵە بەهاریانە بکەم:

**یەکەم: گوڵە بەیبوون(گوڵە حاجیلەیشی پێ دەوترێت)**

گوڵە بەیبوون یەکێکە لەو گوڵانەی بە مەبەستی چارەسەری چەندین نەخۆشی لە بواری پزیشکی بەکار هاتووە. هەر چەند توێژینەوەی کەمی لەبارەوە ئەنجام دراوە بەڵام ئەو توێژینەوەیە چەندین سوودی بۆ دەرخستووە.

گوڵە بەیبوون زیاتر دوای وشککردن و کوڵاندنی سوودی لێ وەردەگیرێت، سوودەکانی لێرەدا بەخاڵ ڕوون دەکەمەوە:

١) گرینک و بەسوودە بۆ سەر ئێشە.
٢) زیادکردنی حەزی خواردن بۆ ئەو کەسانەی ئیشتیایان نییە.
٣) ئازار شکێنێکی بەهێزە بۆ ئافرەتان لە کاتی سووری مانگانەدا.
٤) ئەو کەسانەی نەخۆشی ڕەبۆیان هەیە دەتوانێ سودێکی باشی هەبێ بۆیان بۆ کەمکردنەوەی تەنگە نەفسیان
٥) بە پێی چەندین لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کە گوڵە بەیبوون دەتوانێ ژەهری لەش لە ناو ببات و سوود بەو کەسانە بگەیەنێ کە بەردی گورچیلەیان هەیە.

**دووەم گوڵە هێرۆ**

گوڵە هێرۆ یەکێکە لەو گوڵانە کە دەتوانرێ سوود لە گوڵ و گەڵا و ڕەگەکەی بگیرێ بۆ مەبەستی تەندروستی گوڵە هێرۆ بە شێوەیەکی خۆرسک لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەرچاو دەکەوێ، جگە لە جوانی بە سروشت پێویستە سوودەکانی گوڵە هێرۆ لە بیر نەکرێن کە بریتین لە:

١) کوڵاندنی گوڵە هێرۆ و خواردنەوەی ئاوەکەی چارەسەری قەبزی دەکات.
٢) گرینگ و بەسوودە بۆ ئەو کەسانەی کە تووشی هەڵامەت دەبن و کۆخە دەگرن، چارەسەری نەخۆشیەکانی کۆ ئەندامی هەناسە دەکات.
٣) ئاوی گوڵە هێرۆ سوودی یەکجار زۆر بە کۆ ئەندامی هەرەس دەگەیەنێ و چارەسەری برسێتی گەدە دەکات.
٤) سوودی هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە تازە توشی نەخۆشی شێرپەنجە بوون دەتوانێ خانە شێر پەنجەیەکان ناچالاک بکات
٥) چالاککردنی گورچیلە
٦) دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ کە ڕەگی گوڵە هێرۆ سوودی هەیە بۆ ئەو کەسانەی نەخۆشی شەکرەیان هەیە و ئاستی شەکرە لە لەشدا هەواهەنگ دەکات.
٧)گەڵای گوڵە هێرۆ سوودی هەیە بۆ سووتاوی و ناهێڵێ بلوق بکا، هەر وەها سوودی هەیە بۆ بڕین و وا دەکات زوتر شوێنی برینەکە سارێژ بێتەوە.

بەڵام ئەوەشمان بیر نەچێ کە گوڵە هێرۆ زیانیش دەگەیەنێ چەندین حاڵەتدا کە بریتین لە:

١) خانمانی دووگیان نابێت بە هیچ شێوەیەک گوڵە هێرۆ بە کار بهێنن.
٢) نابێ لەگەڵ حەبە هێوەرکەرەوەکان بە کار بێت.
٣) لە کاتی شیر پێدان نابێت کەڵکی لێ وەربگیریەت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژیان و خوێندنی ئەو خاتوونانەی کە ئەمساڵ لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان پلەی بەرزیان هێناوەتەوە

**هەموو ساڵێک لە کۆتایی ساڵی خوێندندا چەندیین کچ و ژن لە نێو ڕیزەکانی «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»دا بە سەرکەوتووی قۆناغی خوێندن و زانکۆیان بە باشترین پلە دەبڕن و دەبنە مایەی شانازی بۆ حیزبەکەیان و بنەماڵەی گەورەی دێموکرات.**

**ئێمە وەک گۆڤاری «ژنان» داوامان لەو خۆشەویستانە کردووە کۆرتەیەک لە ژیاننامەی خوێندنی خۆیانیانمان بۆ بنێرن تا لەو ژومارەیەی گۆڤار بڵاو کەینەوە.**

## نەشمیل عەبدی




من نەشمیل عەبدی، لەدایکبووی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی، لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر، لە گوندی (سەحەتلیا) ناوچەی گەلی بەراندێز سەر بە شاری ئۆرمیە (ورمێ) لە دایک بووم. لە جوگرافیایەک کە هەم کوردبوون و هەم ژن بوون ژیانت سەد قات قورستر دەکات. هەشت خۆشک و یەک براین و من منداڵی حەوتەمی بنەماڵەکەمم. ژیان لە کوردستان هەر بە بەرخودانەوە دەست پێدەکات، لەدایکبوونی منیش هەر بە بەرخودانەوە دەستی پێکرد، ساڵی ١٣٧١ و ئەو کاتەی کە من لە دایک بووم، باوکم لە زیندانی ئۆرمیە زیندانیی سیاسی بووە، لەو ماوەیەی کە لە زینداندا دەسبەسەر بووە مافی دیتنی کەسی لە بنەماڵەکەی نەبووە، بەڵام دوایی ئەو هەموو هەوڵ و تێکۆشانی دایکم دواجار دایکم سەرکەوتوو دەبێ و دەتوانێ باوکم ببینێ، جا لەو چاوپێکەوتنەدا دایکم لەگەڵ پوورم (خۆشکی باوکم) دەچن بۆ دیتنی باوکم و منیش لەگەڵ خۆیان دەبەن. باوکم لەو ماوەیەی کە لە زینداندا بووە ئاگای لە هیچ ڕووداوێک نەبووە و تەماشای من دەکات و بە خۆشکی دەڵێ: کچەکەت زۆر جوانە، ناوی چییە؟ پوورم لە وەڵامدا دەڵێ، ناوی نەشمیلە، کچی من نییە ئەوە کچی تۆیە. بەڵێ یەکەم بینینمان بەو شێوازە لە پشت میلەکانی زیندان بووە. بەو شێوازە لەگەڵ باوکم یەکتر دەبینین و یەکتر دەناسین. ڕەنگە ئەمە چارەنووسی دەیان یان هەزاران منداڵانی کورد بێ لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەردا، بۆیە دەڵێم کوردبوون قورسە.

دوای ئەوەی کە باوکم لە زیندان ئازاد دەبێ _ باوکم ئەو کات مەلا بووە لە گوندی سەحەتلیا_ بە زۆرەملێ ڕەوانەی شار دەکرێین و لە گوندەکەی خۆمان دەر دەکرێین بەو مەرجەی جارێکی تر نەگەڕێینەوە و من لە تەمەنی چەند مانگیەوە، لە ژیانی گوند دێمە ناو ژیانی شار، کە دوایی تەمەنی خوێندنم پێدەگات و دەست بە خوێندن دەکەم لەگەڵ دوو خۆشکم کە لە خۆم گەورەترن.

کە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییمان تەواو کرد و چووین بۆ قۆناغی ناوەندی لەبەر چەند هۆکارێک دوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆشکەکەی ترم نەیانتوانی لە خوێندن بەردەوام بن و من بە تەنیایی لە خوێندن بەردەوام بووم و قۆناغی ناوەندیم بە سەرکەوتوویی تەواو کرد و ئیتر دەبوایە قۆناغی دەبیرستانم دەست کردبا کە کۆماری ئیسلامی جارێکی تر هات و ژیانی ئێمەی تێک دا و هەر بەو هۆکارە منیش لە خوێندن دابڕام.

بەیانییەکی فێنک بوو و ئێمەش واتە هەشت منداڵەکە لە خەوێکی خۆش و شیریندا بووین، من ئەو کات تەمەنم تەنیا ١٣ ساڵان بوو و تەنیا یەک خوشکم ژیانی هاوسەرگیری پێک هێنابوو، هێزەکانی ئیتلاعات هێرشیان کردە سەر ماڵی ئێمە و هەموو ماڵەکەیان پشکنی و بە زراندنی خەوەکەی ئێمە لە یەک شوێن ڕیزیان کردین و هێزە لیباس شیخسییەکان لەبەر چاوی ئێمەوە چەکیان لەسەر سەری باوکم دانا، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە باوکم هێشتا لەناو جێگەی خەودا بوو، بینینی ئەو دیمەنە بۆ منداڵ دەبێ چەن تراژیدی و ڕووخێنەر بێ، ئەو دیمەنانە هیچکات لەبیرم ناچن کە لەبەر چاوی ئێمەوە باوکمانیان برد و جارێکی تر باوکم زیندانی کرا. دوای ئەم ڕووداوە تەواوی ژیانمان گۆڕدرا و بۆ جارێکی تر دابڕاین.

باوکم ناچار بوو ساڵی ١٣٨٥ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێ بێڵێ و لە باشووری کوردستان نیشتەجێ بێ، چونکە ئەگەری حوکمی قورستر وەکوو سێدارەدان لە چاوەڕوانیدا بوو. لەبەر ئەوە ناچار کرا ماڵ و حاڵ و نیشتمانی خۆی بەجێ بێڵێ و دوور لە بنەماڵەکەی ژیان بەسەر بەرێت. ئەم ڕووداوە تەنیا دابڕان لەگەڵ باوکم نەبوو، دابڕانی من لەگەڵ خوێندنیش بوو. خوێندن بۆ من ئاوات و خولیا بوو و ئەمە کاریگەریی زۆر نەرێنیی لەسەر من دانابوو، بەڵام هیچکات هیوا و ئاواتەکانم بۆ درێژەدان بە خوێندن لەدەست نەدا. دایکم بە هەشت منداڵەکەیەوە بە تەنیا مایەوە و لەبەر ئەو هۆکارە سیاسییە و بەتایبەتییش هۆکاری کۆمەڵایەتی، کە ئەوکات خوێندن بۆ کچ لەو ناوچەیەدا زۆر ئەستەم بوو، بەتایبەت بۆ من کە دایکم تەنیا بوو و قسە و قسەڵۆکی خەڵک زۆر بوو، خەڵک دەیانگوت خوێندن بۆ کچ جوان و پەسەند نییە و پێویست ناکات. بەتایبەت کە باوکی نەبێ و دایکی بە تەنیا بژیت. ئەو کاتە تەنیا توانای نووسین و خوێندنەوە بۆ کچ بەس بوو و تەنانەت دەیانگوت زۆریشە.

من تەنیا کچی بنەماڵەکەم بووم کە لە خوێندن بەردەوام بووم تا ئەو کاتە کە ئیتر باوکم ڕۆیشت و نەمتوانی بڕۆمە دەبیرستان. ژیانی من و خوێندن بۆ ماوەیەکی کاتیش بووبێ کۆتایی پێهات و خەم و خەفەتی زۆرم لێ خوارد، هەموو کات خەونم پێوە دەبینی و تەنیا ئاواتم درێژەدان بوو بە خوێندن. بەڵام ئەوکات براکەم لە خوێندن بەردەوام بوو و لە چاوی کۆمەڵگەی ئێمە، خوێندنی کوڕ ئاسایی بوو و عەیبە نەبوو لە نەبوونی باوکدا و باشتر وابوو کوڕ لە خوێندن دانەبڕێن، بۆیە دڵێم ژنبوون قورسە. بەڵام دیسان کۆڵم نەدا و هەر دەمزانی لە دەرفەتێکی تر بەردەوام دەبم و وەک براکەم دەتوانم درێژە بە خوێندنەکەم بدەمەوە. ئیتر ئەوکاتە دەستم بە کاری دەستی کرد بۆ جلوبەرگی کوردیی ژنان کە بتوانم لەسەر پێی خۆم ڕاوەستم و هەروەها هاوکاریەک بێ بۆ دایکم، چونکە ئێمە حەوت خۆشک مابووین و خۆشکەکانی تریشم هەم بەرگدووریان دەکرد و هەم کاری دەستی. بەڵام خەونی من تەنیا خوێندن بوو و بە دوای دەرفەتێکدا دەگەڕام کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەست بە خوێندنی خۆم بکەمەوە تەنانەت جارێکیان چوومەوە بۆ خوێندنگەکەی خۆم و پەروەندەکەم هێنایەوە کە بۆ قۆناغی دواناوەندی(دەبیرستان) خۆم ناونووس بکەم لەبەر ئەوەی ئەوکات دوای دابڕان لە خوێندن دەستم بە خوێندنەوەیەکی بەربڵاو کرد لە ڕۆمان و شێعر ... و بۆ من خوێندن تەنیا ناوەندەکانی خوێندن نەبوو و بەڵکوو خوێندنی هەر کتێبێک بۆ خۆی، خۆپێگەیاندنێک بوو لە نەبوونی خوێندنی ئاکادێمیکدا، چونکە من هیچکات تەسلیم نەبووم و دەمزانی بۆ خوێندن زۆر ڕێگا و دەرفەتی تر هەیە. هەر بۆیە خوێندن لە لای من کۆتایی پێ نەهاتبوو و خوێندنەوەی کتێب تا ڕادەیەک توانیبووی ئەو بۆشاییەم بۆ پڕ بکاتەوە. مەبەستم ئەوەیە هەر لەو کاتەدا لە پاڵ خوێندنەوەی کتێب دەستم بە نووسینی چیرۆک و ڕۆمانمکرد و هەر بۆیەش ئەوکات کە پەروەندەکەم هێنایەوە ویستم ئەدەبیات بخوێنم بەڵام بەداخەوە دیسان دەرفەتی خوێندنم بۆ نەڕەخسا و هەستم دەکرد خوێندن هەر ڕۆژ زیاتر لە من دوور دەکەوێتەوە و نایشارمەوە کە هێندێک جار دەترسام کە بەڕاستی ژیانی خوێندنی من کۆتایی هاتبێ و چارەنووسی منیش

وەک هەزاران کچی کوردستان و ئەو جیهانە بێبەشی بێ لە خوێندن و وەک هەر حەوت خۆشکەکەی ترم بێ!

لە ساڵی ١٣٩١ بڕیارمان دا ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێ بێڵین و لە باشووری کوردستان نیشتەجێ بین. ئەو دابڕانەی لەگەڵ باوکم کۆتایی پێ بێت و ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەین. ئەو کاتەش هەر خولیای خوێندنم لە مێشکدا بوو، بەڵام دیسان نەڕەخسا و منیش چووم بۆ کەناڵی تەلەفزیونی تیشک تی ڤی و لە تیشک دەستم بەکاری ڕاگەیاندن کرد ئەوکاتیش دسیان لە پاڵ کارکردندا هەوڵم دا هەم کار بکەم وهەم درێژە بە خوێندنەکەم بدەم، بەڵام دیسان لەبەر چەن هۆکارێک نەکرا . ئەو کاتەی کە تیشک بۆ ماوەی کاتی داخرا، من گەڕامەوە بۆ هەولێر و لە هەولێریش لە کاری ڕاگەیاندن هەر بەردەوام بووم.

ساڵی ٢٠١٦ی زایینی ئیتر بەیەکجاری بڕیارم دا کە درێژە بە خوێندنەکەم بدەم بە هەر شێوەیەک کە بووە، کە دەبوایە سێ ساڵی دەبیرستان بە شێوازی خارجی واتە دور لە ژینگەی خوێندنگە و مامۆستا بخوێنم، لە کاتێکدا کە دەیانگوت سەرکەوتوو نابی و بەو شێوازە قورسە و کاری کەس نییە، بەڵام من توانیم هەر سێ ساڵەکە بە دەرەجەی زۆر باشیش بێ مامۆستا قۆناغی دەبیرستان تەواو بکەم. ئاسان نەبوو بەڵام باوەڕم وایە ژن زۆر بەهێزە و دەتوانێ لە هەموو بوارێکدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

دوای تەواوکردنی قۆناغی دەبیرستان خۆم ئامادە دەکرد بۆ قۆناغی زانکۆ کە بە حوکمی کارکردنم لە تیشک و ئاشنابوونم بە کاری ڕاگەیاندن حەزم دەکرد لە بەشی ڕاگەیاندن درێژە بە خوێندن بدەم، فۆرمم پڕ کردەوە و ناوم لە زانکۆی سەلاحەدین لە کۆلێژی ئاداب و بەشی ڕاگەیاندن هاتەوە، چوار ساڵ خوێندن و کارکردن بەڕاستی ئاسان نەبوو چونکە دەبوایە شەوانە لە کاتی خەوتنم کوشتبایا و دەرسم بخوێندبا، توانیم چوار ساڵەکە بە سەرکەوتوویی و بە خوێندکاری نموونەیی زانکۆ تەواو بکەم. خوێندن بە زمانی دایکی چێژێکی تری هەیە، کەیفخۆشم کە هەم توانیم خوێندنەکم تەواو بکەم و هەم ئەم دەرفەتەم هەبوو کە بە زمانی دایکی درێژی بە خوێندن بدەم ئەو مافەی کە ڕێژیمی ئێران و دەسەڵاتەکانی پێش ئەویش لە کورد و تەواو نەتەوەکانی تر زەوتیان کردووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خوێندن و خۆپێگەیاندن لە مەکتەبی حیزب دا

نارین مەحموودی



ژیان و تێپەڕکردنی قۆناغەکانی خوێندن بۆ ئەو منداڵانەی کە لە ڕیزەکانی شۆڕشدا چوونەتە بەر خوێندن، ئەزموونێکی تەواو جیاوازەوە و لە زۆر لایەنەوە شیاوی رامان و خوێندنەوەیە. ئەم جیاوازییەش کاتێک دەردەکەوێ کە ئێمە چۆنیەتی تێپەڕکردنی قۆناغەکانی خوێندنی منداڵانی نێو شۆڕش لەگەڵ پرۆسەی خوێندن لە کۆمەڵگەیەکی ئاساییدا بەراورد بکەین. ئەم بەراوەرد کردنە، ڕەنگە کاتی زۆر و هەڵسەنگاندنی هەمە لایەنەی پێویست بێ کە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم نووسینە کورتەی مندایە. ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە ئاوڕێکی لێ بدەمەوە، باسکردنی ئەزموونی ژیان و خوێندنی خۆمە، وەک منداڵی بنەماڵەی پێشمەرگەیەک. بێگومان هەر کام لەو قوتابیانەی کە لەنێو بنەماڵەی حیزبی دێموکراتدا لە دایکبوون و چوونەتە بەر خوێندن، ئەزموونی خۆیان هەیە کە هەموویان مایەی شانازین و سەرکەوتنەکانی زۆربەیان بۆ لێ فێربوون دەبێ.

من لە بنەماڵەیەکی پێشمەرگەی دێموکراتدا، لە یەکێک لە ساڵەکانی سەرەتای ئەم هەزارەیەدا لە دایکبووم. ئەو ساڵەی من تێدا لە دایکبووم، بەخۆشییەوە ڕێژیمی دیکتاتۆری بەعس، وەک یەکێک لە دوژمنەکانی کورد رووخاو و وەک دەیگێڕنەوە بووە هەوێنی هیوا و ئومێد لەلای بنەماڵەکەی من و هەزاران بنەماڵەی تێکۆشەری دیکە، بۆ ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش کە هۆکاری ئاوارەیی و دوورەوڵاتی بنەماڵەی من و هەزاران تێکۆشەری دیکەیە، بە چارەنووسی ڕێژیمی بەعس بڕوا و کۆتایی پێ بێ. ڕاستە دوای بیست ساڵ ئەم هیوا و ئاواتە هێشتا نەهاتووەتە دێ، بەڵام من هەر کاتێک ورە و باوەڕی باوک و دایکم بۆ ڕزگاریی نیشتمان دەبینم، زیاتر لەوان هیوادارم و پێم وایە درەنگ یا زوو، تەمەنی ئەم ڕێژیمە کۆتایی دێ و بنەماڵەی ئێمە و هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای سەربەستیی نیشتمان بە ئازادیی ڕۆژهەڵات شاد دەبنەوە. ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە باوک و دایکم هەمیشە بۆ من سەرچاوەی هیوا و ئومێد بوون و گەورەترین پشتیوانم بوون.

ساڵی ٢٠٠٧ بۆ یەکەمجار پێم نایە نێو قوتابخانەی بنەڕەتی ڕۆژهەڵات کە لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا مەکۆی پێگەیاندن و فێربوونی من و دەیان قوتابی دیکەی نێو ڕیزەکانی شۆڕش بووە. ئێستا کە ئاوڕدەدەمەوە، خۆم زۆر بە بەختەوەر دەزانم کە لەنێو ڕێزەکانی شۆڕشدا و لە قوتابخانەی ڕۆژهەڵات ئەلفوبێ نووسین و خوێندن فێر بووم. کاتێک خۆم بەراوەرد دەکەم لەگەڵ ئەو قوتابیانی کە لە قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵاتی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا خوێندوویانە و دەخوێنن و لە مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بێبەشن، خۆم زۆر بە بەختەوەر دەزانم کە لەژێر چەتری شۆڕشدا لەو مافە سەرەتاییە بێبەش نەبووم و فێری ئەلفوبێ زمانی کوردی و بیرکردنەوە بە زمانی زگماکی خۆم بووم.

هەر لە قۆناغی ناوەندیی دا بووم، واتە ساڵی ٢٠١٦، کە لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوپۆلەکانم و منداڵانی دیکەی نێو حیزب چووین بەشداریی ڕێوڕەسمی شەوی یەڵدا(شەوی لە دایکبوونی دوکتۆر قاسملووی ڕێبەر) ببین، بۆ یەکەم جار لە نزیکەوە گوێم لەگەڵ دەنگی تەقینەوە ئاشنا بوو و یەڵدا خوێناوی دێموکراتم بەچاوی خۆم بینیم. ئێستاش بیری لێ دەکەمەوە نازانم چۆنە هێشتا ماوین و نازانم چۆن باسی ئەو شەوە بکەم کە چۆن شادیی و خۆشی ئێمەیان تێکەڵ بە خوێن کرد. ڕەنگە ئەمە لەوە سەرچاوە بگرێ، کە ئەوان لە بنەڕتدا لەگەڵ ژیان و بەهاکانی مرۆڤ نامۆن، هەر بۆیە وەک دڕندە تینووی خوێنن.

لە ژێر ڕێنوێنی و سەرپەرشتیی مامۆستایانم، قۆناغەکانی بنەڕەتی و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوەندیم لە قوتابخانەی ڕۆژهەڵات تێپەڕ کرد. واتە ئەو قوتابخانەی کە ساڵی ڕابردوو بوو بە ئامانجی هاژەک و درۆنەکانی کۆماری دژە کوردی ئیسلامیی ئێران. ئەو قوتابخانەی کە بۆ من و سەدانی وەک من ڕەمزی فێربوون و پەروەردەیە و ئێستا بە هۆی هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامییەوە شوێنەکەی بە ناچاری داخراوە. ئەو قوتابخانەی کە کاریگەریی لەسەر ژیان و پەروەردەی سەدانی وەک من داناوە، بۆ هەتایە لە دڵماندایە و بە هیچ هێرش و پەلامارێکی دڕندانە ناسڕێتەوە. هەر بۆیە جێگەی خۆیەتی لێرەوە سپاس و پێزانی خۆم بەرامبەر بە مامۆستا بەڕێزەکانم و سەرجەم مامۆستا و بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانەی ڕۆژهەڵات، وەک مەکۆی پێگەیاندنی منداڵانی دێموکرات دەرببڕم کە ئێمەی لەژێر چەتری خۆیدا کۆکردەوە و هیچ کات نەهێشت لێک داببڕین.

پاش قۆناغی ناوەندیی، ساڵی ٢٠١٨ هاوڕێ لەگەڵ ژمارەیەک لە قوتابیانی قوتابخانەی ڕۆژهەڵات، بۆ قۆناغی دواناوەندی چووینە قوتابخانەی ئامادەیی کچانی کۆیە لە دڵی شارەکەی دڵدار و دەیان تێکۆشەر و بیرمەندی گەورە. دەسپێکی ئەم قۆناغەی خوێندنم، هاوکات بوو لەگەڵ ڕووداوی ناخۆشی هاژەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزب لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانانداندا کە بوو بە هۆی شەهید بوونی پۆلێک لە تێکۆشەرانی دێموکرات.

ئەم ڕووداوە لەو قۆناغەدا زۆر کاریگەریی ناخۆشی لەسەر ژیانی ئێمەمانان دانا و تا ئێستاش کاریگەریی ئەو ڕووداوانە لەسەر خۆم هەست پێ دەکەم، زۆربەی ئەو قارەمانانەی کە شەهید بوون ئێستاش ڕوژانە لە زەینمدان و لەبەر چاوم قەت ون نابن.

لەم قۆناغەدا، خەمی لەدەستدانی کۆمەڵێک تێکۆشەری دێموکرات لە لایەک، لەلایەکی دیکەشەوە نیگەرانی بە نیسبەت ژیان و داهاتوومان لە کەمپەکانی حیزب کە لەو ساڵانەدا چەندین جار لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە کراوەنەتە ئامانج، تێکەڵ بە ژیانی و خوێندنی قوتابیانی نێو شۆڕش بوو. بەهەرحاڵ، سێ ساڵی قۆناغی دواناوەندیم لە ئامادەیی کچانی کۆیە لە بەشی ئەدەبی تێپەڕکرد. لێرەش وەک پێویستییەکانی قۆناغێکی دیکە لە خوێندن، زۆر شت فێر بووین و جیا لە هاوپۆلەکانی پێشووم لە قوتابخانەی ڕۆژهەڵات و لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابی و مامۆستای دیکە ئاشنا بووم کە ڕێزێکی تایبەتیان لەو قوتابیانە دەگرت کە لە قۆتابخانەی ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوون. ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو دۆخەی کە ئێمە وەک بنەماڵەکانی حیزب تێدا دەژیان و پەروەردە بووین.

دوای ئەم قۆناغە، ساڵی ٢٠٢١ لە پەیمانگای تەکنیکی کۆیە (بەشی کارگێڕیی کار)، وەرگیرام. ئەم قۆناغە زۆر جیاواز بوو لە چاو سێ قۆناغەکەی دیکە و زۆربەی بەرپرسیاریەتییەکان دەکەوتە ئەستۆی خودی قوتابی. دوای دوو ساڵ، ئەمساڵ توانیم ئەم قۆناغەی خوێندن بە کۆمەڵێک ئەزموون و دەسکەوتی تازەوە کۆتایی پێ بێنم.

**ئەو قوتابخانەی کە بۆ من و سەدانی وەک من ڕەمزی فێربوون و پەروەردەیە و ئێستا بە هۆی هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامییەوە شوێنەکەی بە ناچاری داخراوە. ئەو قوتابخانەی کە کاریگەریی لەسەر ژیان و پەروەردەی سەدانی وەک من داناوە، بۆ هەتایە لە دڵماندایە و بە هیچ هێرش و پەلامارێکی دڕندانە ناسڕێتەوە**

ساڵی کۆتایی ئەم قۆناغەش، وەک ڕابردوو پڕ بوو لە ڕووداوی ناخۆش کە ژیانی قوتابیان و هەموو بنەماڵەکانی کەمپەکانی حیزبی خستە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. دوای تێپەڕینی ماوەیەکی کەم بەسەر یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتدا و سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا، کەمپەکان و بنکە و بارەگاکانی حیزب دیسان لەلایەن هاژەک و درۆنەکانی سپای پاسدارانەوە کرانەوە ئامانج. هەر بۆیە بنەماڵەکانی حیزب ناچار بوون شوێنی ژیانیان بگوازنەوە بۆ جێگایەک کە کەمتر مەترسی پەلاماردانی لەسەر بێ. ساڵی ڕابروو، بۆ قوتابیانی نێو شۆڕش ساڵێکی زۆر ئەستەم و ناخۆش بوو. سەرەڕای هەموو ناخۆشییەکان، ئێمە هەر بە هیوا و ئومێدەوە بەردەوام بووین. دڵنیام هیوا و ئومێدی ئێمە بە ڕۆژهەڵاتێکی ئازاد سەردەکەوێ و کۆماری ئیسلامی تووشی چارەنووسی ڕێژیمی بەعس دەبێ.

جیا لە ئەزموونی خوێندن، یەکێک لە خولیاکانی ژیانم وەرزشە. لەم بەشەشدا سەرەڕای تەنگوچەڵەمەکان، ئەوەندەی کراوە هەوڵی خۆم داوە و بەردەوامم. بۆ یەکەمجار ساڵی ٢٠١٦ وەک یاریزانی باڵە، لە یانەی وەرزشی کۆیە وەرگیرام و ئێستاش لە یانەی تەق تەق یاریی دەکەم. تا ئێستا بەشداریی چەند خولم کردووە و بەردەوامم. ساڵی ٢٠٢٢ وەک تیمی لاوانی تەق تەق لە سەر ئاستی عێراق پلەی دووەممان بە دەست هێنا و ئێستاش سەر قاڵی خۆ ئامادەکردنی بۆ خۆلی کێبڕکێیەکانی کوردستان و عێراق.

لە کۆتاییدا، پێم خۆشە ئاماژە بە دوو خاڵ بکەم.

یەکەم: لەماوەی ئەو ساڵانەدا بنەماڵەی من وەک هەموو بنەماڵەکانی دیکەی حیزب، پشتیوانی سەرەکیی من بوون و ئەگەر پشتیوانی ئەوان نەبایە، ئەستەم بوو چ لە بواری خوێندن و چ لە بواری وەرزشدا بگەم بە ئەمڕۆ. چ باوک و دایکم و چ خۆشک و براکەم، ئەوەی لەدەستیان هاتبێ درێغییان نەکردووە و بەردەوام هاندەر و پشتیوانم بوون. زۆر جار کە چاو لە زەحمەت و ماندبوونەکانی دایک و بابم دەکەم، هەست دەکەم نەمتوانیوە لە ئاستی چاوەڕوانی و لە خۆبردوویيەکانی ئەواندا بم. هەر بۆیە خۆم بە قەزدارییان دەزانم و بە هیچ وشەیەک ناتوانم باسی گەورەییان بکەم کە سەرەڕای ژیانێکی پێشمەرگانە درێغییان لە هیچ نەکردووە و بەوپەڕی سەخاوەتەوە خەمی پێگەیاندنی ئێمەیان خواردووە.

دووەم: خوێندن و خۆپێگەیاندن لە ریزەکانی شۆڕشدا، مانایەکی جیاوازی هەیە. بۆیە، سەرەڕای تاڵی و ناخۆشییەکان، سەرەڕای هەڕەشە و مەترسییەکان، ئەو ئەزموونەی قوتابی لە قوتابخانە و ڕیزەکانی شۆڕشدا پێی دەگات، لە شوێنی دیکە وەدەست نایە و ئەو واتایە نادات. لەم بارەوە بەپێویستی دەزانم سپاسی هەموو مامۆستایانم لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بکەم. هەروەها لە سەرووی هەمووانەوە بە پێویستی دەزانم کە سپاسی حیزبی دێموکرات بکەم کە بە گوێرەی دەرەتان و ئیمکاناتی خۆی هەمیشە هەوڵیداوە ئاسانکاری بۆ قوتابیانی نێو شۆڕش بکات و یارمەتیدەریان بێ. لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ بڵێم کە قوتابیانی نێو شۆڕشیش مافی خۆیان ئەگەر چاوەڕوانی زیاتریشان لە حیزب هەبێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# شلێر مەحموودی

من شلێر مەحموودیم و لە گوندی کونەماری سەر بە شاری قەڵادزێ لەدایک بووم. بەشانازیەوە منداڵی نێو شۆرشم و پەروەردەی قوتابخانەی دێموکراتم. بەشێکی خوێندنی سەرەتایم لە دێگەڵە تەواو کردوە و بەشەکەی تریشی لە هەولێر، وەهەروەها قۆناغی ئامادەیشم لە هەولێر تەواو کردوە و دوای تەواوکردنی پۆلی ١٢ نێوم لە پەیمانگای تەکنیکی کۆیە بەشی یاسا هاتەوە، لەسەرەتادا هیچ خولیایەکم بۆ خوێندنی یاسا نەبوو بەڵام دواتر کە کەوتمە نێو قووڵایی دەرسەکەوە خولیایەکی زۆرم پێ پەیدا کرد. هەر ئەو حەزە وایکرد کە هەوڵدەم قۆناغێکی تر درێژە پێ بدەم، بەهۆی ئەوەی کە لەپەیمانگا بە دەرەجەیەکی باش دەرچووم هەر ئەوساڵە دەمتوانی درێژە بەخوێندن بدەم بەڵام بەداخەوە بارودۆخی ژیان ڕێگەی نەدا. بەڵام بڕیارمدابوو لەهەر دەرفەتێک کەبۆم هەڵکەوێ درێژە بە خوێندن بدەم و لەساڵی ٢٠١٨ ئەو دەرفەتەم بۆ رەخساو توانیم لەزانکۆی کۆیە دەست بەخوێندنی یاسا بکەمەوە، بەڵام جیاوازتر لەساڵانی پێشوو ئەرکی دایکایەتی لەلایەک و ئەرکی پێشمەرگایەتی لەلایەکی تر، جگە لەکاری ڕێکخراوەیی، هەموو ئەوانە پێکەوە ژیانیان زۆر قورس کردبووم. قورسی دەرسەکەشم سەرباری هەمووان. ئەگەر خولیایەکی زۆرم نەبوایە بۆخوێندنی یاسا هەرگیز نەمدەتوانی ئەو قۆناغە تەواو بکەم. چونکە هەر لەدەستپێکی خوێندنەکەمەوە تاکوو پێنجەم ساڵی زانکۆ هەرچی نەهامەتی و ناخۆشیە بەسەرمان هات هەر لەموشەکباران و تیرۆرەوە بگرە تا نەخۆشی و ئاوارەبوون، سەرباری هەموو ئەوانەش ئەو برینە قولەی کە لەسەر دڵم دروست بوو بەهۆی شەهیدبوونی ڕێژەیەکی زۆر لە هاوڕێ و هاوسەنگەرانم کەهەرگیز سارێژ نابێ.

ئەگەر باسێک لە بەشی یاسا بکەم دەڵێم یاسا وەک بەحر وایە خوێندنی قەت تەواو نابێ، زانستێکی فراوانە و چاو و گوێ ی مرۆڤ دەکاتەوە و فێرت دەکات ئەرکت چیە و مافت چیە. بەڵام لەڕاستیدا عیلمێکی قورسە و خوێندنی ئاسان نیە و دەبێ کاتێکی زۆری بۆ تەرخان بکەی کەبەداخەوە من قەت ئەو کاتەم نەبوو. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کەم رۆژ هەیە بەبێ دەرس چووبمە سەرکلاس و هەمیشە هەولمداوە یەکێک بم لەخوێندکارە دیارەکانی نێو پۆل. زۆر جاریش بەدڵ لێی  وەرەز بووم بەهۆی سەرقاڵی و سەختی ژیانەوە و بڕیارمداوە وازی لێ بێنم. زۆر جار من لە ٢٤ کاتژمێردا دوو کاتژمێر  لەماڵەوە بووم جاری واش هەبووە بەدوسێ ڕۆژ لەئەرکی حیزبی بووم. ئەوەش وایکردبوو کە بەتەواوەتی لەخێزانەکەم دووربکەومەوە، بەڵام پشتیوانی فەرهاد عەبدولی هاوسەر و هاوڕێیی ژیان وایکرد کە هەموو ئەوکارانە بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدەم و بگەم بە کۆتا مەرحەلەی خوێندن و ئەو ئاواتەم بێتەدی کە لەمنداڵیەوە خەونم پێوە دەبینی کە ببم بە پارێزەر. بۆیە ئەو قسەیە ڕاستە کە دەڵێن لەپشت هەر ژنێکی سەرکەوتوو پیاوێکی سەرکەوتوو هەیە وە بە پێچەوانەوە. بۆیە لێرەوە سوپاسی خێزانە گەورەکەم دەکەم کەهەمیشە هاندەر و پشتیوانمن.


وە هیوادارم کە پارێزەرێکی دادپەروەر بم و بتوانم ماستەر و دکتۆرا لەو بەشە وەربگرم کە خەونی داهاتوومەو هەوڵی بۆدەدەم.

ژنان و کچانی پەروەردەی قوتابخانەی دێموکرات سەرەرای هەموو بەربەست و سەختی و ناخۆشیەکانی ژیان بەردەوامن لە خۆپێگەیاندن و سەرکەتوانە قۆناغەکانی ژیان دەبڕن، بەتایبەتی ئەوساڵ نیشانیادا کە هیچ هێزێک ناتوانێت ڕێگریان لێبکا و پۆلێکی باش لەخوێندکارەکان بە پلەیەکی باش لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەرچوون کە ئەوەش نیشانەی بەهێزی و خۆڕاگرییە لەبەرامبەر دوژمندا.

لەکۆتایدا دەڵێم دێموکرات بوون شانازییە چونکە قوتابخانەکەی فێری خۆڕاگری، بەهێزی و بەردەوامیت دەکات. هەربۆیە دەڵێم، ژنم، ژینم، ئازاو ئازادم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سۆما مەجیدی



ناوم سۆما مەجیدییە کچی عەلی ئەشرەف مەجیدی و لەیلیٚ موحتەمەدی. لە ڕێکەوتی ١ی بەفرانباری ١٣٨٠ لە شاری هەولێر لەدایکبووم، باوک و دایکم خەڵکی شاری کامیارانن و لە دوای ئەوەی باوکم پەیوەست بووە بە ڕیزەکانی حیزبەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بەجێهێشتووە. خوێندنی سەرەتاییم تا پۆلی ٤ی بنەڕەتی لە قوتابخانەی گردەچاڵی تێکەڵاو خوێندوە و دواتر بەهۆی گواستنەوەمان بۆ کەمپی ئازادی، خوێندنم بە سەرکەوتوی لە قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتی بنەڕەتی تێکەڵاو تەواو کردووە. دواتر بۆ بەردەوامی دان بە خوێندن لە شاری کۆیە لە قوتابخانەی کانی کچان خوێندنی ئامادەییم تەواو کردوە. لە زانکۆی کۆیە لە بەشی کوردی وەرگیراوم لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٩-٢٠٢٠ .لە دوای چوارساڵ خوێندن بڕوانامەی بەکالۆریۆسم لەو بەشە وەرگرتووە.

ئەگەرچی بەهۆی سەختی و دژواری ژیانی ناو شۆڕش خوێندن ئەوەندە ئاسان نەبووە بۆ ئێمە، بەڵام توانیومانە سەرکەوتن لە خوێندنماندا بەدەست بێنین.

باوکم عەلی ئەشرەف مەجیدی کە ساڵی ١٣٢٩ لە گوندی وێزەیەری سەر بە شاری کامیاران لەدایکبووە. دواتر لە ساڵی ١٣٥٨ پەیوەست بووە بە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لە هێزی بێستوون سازماندراوە. لە دوای ٧ جار بریندارببوون لە بە هۆی سەختی برینەکەییەوە لە ساڵی ١٣٦٤ ڕەوانەی وڵاتی فەرەنسا کراوە، دواتر گەڕاوەتەوە ناو ڕیزەکانی حیزب. لە پاش گەڕانەوە جارێکی دیکەش لە ناوچەی سەقز بۆ ٨مین جار بریندار بووە. ئەوانەش نەبونەتە هۆکارێک دەستبەرداری حیزب بێت و تاکو ئێستاش لە فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەردەوامە لە خەباتی خۆی.

# زەنوێر سەیفووری



زەنوێر سەیفووری
لەدایک بووی ٢٧ڕەزبەری ١٣٧٩ی هەتاوی شاری کۆیەم خوێندنی سەرەتای و ناوەندیم لە ناو حزب و پاشان ئامادەیم لە شاری کۆیە خۆش بەختانە دوای هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر و ژیانی ناو شۆڕش و سەختی ناخۆشیەکان هەڕەشەو گورەشەی کۆماری پەت و سێدارە نەی توانی ڕێگربێ و توانیم لە شاری هەولێر کۆتای بەخوێندنەکەم بێنم بۆساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٣و لەبەشی زمانی ئنگلیزی ببم بەیەکێک لە سێ یەکەمەکانی سەر ئاستی بەشی ئنگلیزی . بێ گومان بەهاوکاری بنەماڵەکەم و حزبی دیموکرات توانیم بەم ئاستەی ئێستام بگەم . ژیانی ناو شۆرش بە شانازی دەزانم وباوکم محەمەد سەیفووری بەشانازیەوە یەکێکە لەکادرە دڵسۆز و ماندونەناسەکانی حزب و نزیک بە چل ساڵە لەریز ی پێشمەرگەکانی حزبە و تاوەکو ئێستاش درێژە بەکارو باری حزبایەتی خۆی دەدات .منیش وەکو منداڵی ناوشۆڕش و ئەندامی حزبی توانیومە لەو ماوەی تەمەنەمدا خزمەتێک زۆر بچووک نزیک بەسێ ساڵ لە ئۆرگانی حزبی وەک کادرێکی دەرمانی لەنەخۆشخانەی حزب کار بکەم و خزمەت بە کادر و پێشمەرگەو بنەماڵەکان بکەم. حزبی دیموکرات پشگیرێکی گەورە بووە بۆ پێگەیاندنی منداڵانی ناو شۆرش تاوەکو بگەن بە بەرزترین شوێن و ئاست لە بواری خوێندا. لێرەدا دەستخۆشی لە خانەوادەکەم دەکەم کە تاوەکوگەیشتم بەم قۆناغە هاوکار وپاڵپشتم بوون ، سپاس بۆ گۆڤاری ژنان کە منیان بەسەر کردەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# ڕۆژین شابازی

من ڕۆژین شابازی لە ڕێکەوتی ١٣٧٧/١/١ لە «کەمپی ئازادی» لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و لە بنەماڵەیەکی حیزبی و شۆڕشگێڕدا لەدایکبووم.

باوکم، ئەحمەد شابازی، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتە و دایکم، سانیە شابازی پێشمەرگەی پێشووی حیزب و ئێستا ئەندامی حیزبە. دوو برا و دوو خوشکم بە ناوەکانی؛ شۆڕش، سەرگوڵ، ڕووناک و شێرکۆ هەیە.

سەرەتای خوێندنم لە قوتابخانەی «ڕۆژهەڵات» لە نێو کەمپی ئازادیدا دەستپێکرد و لە مێرمنداڵی قۆناغی خوێندنی دواناوەندییەوە لەگەڵ ناوەندی منداڵپارێزیی نێرگز ئاشنا بووم کە ناوەندێکە تایبەتە بە منداڵان و مێرمنداڵان. لەوێوە لەگەڵ چالاکیی هونەری و وەرزشی و خولەکانی ڕاهێنان پترهەستم بەو زوڵم و بێبەشکردنانە کرد کە لە منداڵانی نەتەوەکەم کراوە و زیاتر ئاشنا بە هەوڵ و تێکۆشانەکانی حیزب کرد کە بۆ لابردنی ئەو زوڵم و زۆریانە خەبات دەکات.

خوێندنی بنەڕەتیم لە خوێندنگەی ڕۆژهەڵاتی بنەڕەتی تێکەڵاو لە بنکەی ئازادی بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە ، وە بۆ خوێندنی ئامادەیی چوومەتە شاری کۆیە. توانیم ساڵی ٢٠١٧ ئەو قۆناغە بە سەرکەوتوویی تەواو بکەم .

لە ١٣٩٦/١٠/١٦ (٢٠١٧) بوومە ئەندامی حیزبی دێموکرات و لە کومیتەی «زاگرۆس» دەستم بە کاری حیزبی کردووە و چەند ئەرکێکم لە کومیتەی زاگرۆس بە ئەستۆ گرت کە بەخۆشییەوە توانیم بە سەرکەوتوویی بەجێیان بگەیەنم. هەروەها بەشداریی چەند دەورەیەکی سیاسی و پێشمەرگانەم کردووە.

لەگەڵ ئەوەی لە کومیتەی زاگرۆس دەستم بەکار کرد بەردەوام بووم لە خوێندن و ساڵی ٢٠١٩ توانیم بڕوانامەی فوق دیپلۆم لە بەشی ژمێریاری لە پەیمانگای تەکنیکی لە شاری کۆیە بە پلەی شەشەم بەدەست بهێنم .

لە ڕێکەوتی ١٣٩٨/٢/٢٨ بوومەتە ئەندامی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لەو ڕێکخراوەشدا چەند ئەرکێکم بە ئەستۆ گرت و بەخۆشحاڵییەوە توانیم بەسەرکەوتوویی بەجێیان بگەیەنم. هەروەها لە ڕێگەی یەکێتی ژنانەوە سەرکەوتووانە بەشداریی چەند دەورەیەکی تایبەت بە زانیاریی سیاسی و پێشمەرگانە کردوە .

ساڵی ٢٠٢٣ بڕوانامەی بەکالریۆس(لیسانس) لە زانکۆی کۆیە لە بەشی زمانی ئینگلیزی مسۆگەر کردووە.

لە هاوینی ١٤٠١ لەگەڵ ئارام محەممەدیان پێشمەرگەی پێشووی حیزب کە ئێستا ئەندامی حیزبە و لە وڵاتی ئاڵمان نیشتەجێیە، بڕیاری پێکهێنانی ژیانی هاوبەشمان داوە.

لە ماوەی چەند ساڵی خوێندنمدا بنەماڵەکەم پاڵپشتێکی بەهێزم بوون و لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی دێموکرات پاڵپشتێکی گەورەی دیکەم بووە و بە پێ ئیمکان ئەوەی لە دەستی هاتبێ بۆ منداڵانی نێو شۆڕش لە خوێندن و پەروەردەدا درێغی نەکردووە و بۆتە هۆی دڵگەرمیمان لە خوێندن و خۆپێگەیاندن.

منداڵانی نێو شۆڕش لەگەڵ ئەوەی ڕووبەڕووی چەندین ڕووداوی ناخۆشی وەک دوورە وڵاتی، هێرش و هەڕەشەکانی دوژمن و بێ ئیمکاناتی و دەستکورتیی بنەماڵەکانیان بوونەتەوە، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە زۆربەیان توانیویانە قۆناغەکانی خوێندن بە سەرکەوتوویی تەواو بکەن.

هەندێک لەو ڕووداوە سەخت و ناخۆشانەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕوویاندا کاریگەریی دەروونی زۆری لەسەر منداڵانی نێو شۆڕش هەبووە. بەڵام دیسانەوە توانیومانە بەسەر هەموو ناخۆشیەکاندا زاڵ بین و بەپێوە بوەستین و درێژە بە هەوڵەکانمان بۆ خۆ پێگەیاندن و خزمەت بە نیشتمانەکەمان بدەین.

هەر لەگەڵ دەستپێکردنەوەی قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکرات و سەرهەڵدانی ڕاسان لە نەورۆزی ١٣٩٥ ، لەگەڵ ئەوەی جارێکی دیکە پێشمەرگە بە نێوخۆی ڕۆژهەڵات شاد بووەوە و خەباتی شار و شاخ سەریهەڵدا کە بەشێکی نوێی خەبات بوو و چەندین گۆڕانکاری تێیدا ڕوویاندا بەڵام هەندێک ڕووداوی ناخۆشیش لەو خەباتەدا هەبوو کە چەندین هاوڕێ و هاوسەنگەری ئازیزمان شەهید بوون و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوون .

هەروەها چەندین ڕووداوی تری ناخۆش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و دڵتەزێن لەو ماوەیەدا ڕوویاندا، وەکو تەقینەوەی شەوی یەڵدا لەبەردەم دەرگای قەڵای دێموکرات کە چەند کەسێک شەهید و بریندار بوون و تیرۆرکردنی چەند پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لەو ماوەیەدا لەو ڕووداوە ناخۆشانە بەوون .

هەر لە درێژەی ئەو ڕووداوە ناخۆشانە و پیلانگێرییەکانی ڕێژیم‌دا؛ مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە ١٧ خەرمانانی ١٣٩٧ کە دیسان بەداخەوە لەو کارەساتەدا ١٦ پێشمەرگە شەهید بوون و پۆلێک هاوڕێی و هاوسەنگەر بریندار بوون.

سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕەزبەری ١٤٠١ لە کوردستان و ئێران یەکێک لەو ڕووداوە مێژوویی و گرینگانە بوون کە بە درووشمی ژن، ژیان، ئازادییەوە دەستی پێکرد و ناوی شۆڕشی ژینای لەسەر نرا. لەم شۆڕشەدا کوردستان ڕۆڵی پێشەنگایەتی گێڕا و کورد لە ئاستی ئێران و جیهان‌دا زیاتری ناوبانگ پەیدا کرد. ڕێژیم بۆ تۆڵەکردنەوە و بەلاڕێدابردنی بیروڕای خەڵک بنکەو بارەگای حیزبەکان، بەتایبەتی حیزبی دیموکراتی کردە ئامانج.

**منداڵانی نێو شۆڕش لەگەڵ ئەوەی ڕووبەڕووی چەندین ڕووداوی ناخۆشی وەک دووره وڵاتی، هێرش و هەڕەشەکانی دوژمن و بێ ئیمکاناتی و دەستکورتیی بنەماڵەکانیان بوونەتەوە، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە زۆربەیان توانیویانە قۆناغەکانی خوێندن بە سەرکەوتوویی تەواو بکەن**

لەم پێوەندییەدا سپای پاسدارانی بە مووشەک و درۆن هێرشی کردە سەر بنکەکانی حیزب کە بەم هۆیەوە جیا لە شەهید و برینداربوونی کۆمەڵێک پیشمەرگە و ژن و منداڵ، زیانێکی زۆر بەر قوتابخانەی منداڵان کەوت.

ئەمانە و چەندین ڕووداوی دیکەی ناخۆش لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ئاخر ڕوویدا، بەڵام ئەمانە ڕاستە کە ناخۆشترین ڕووداوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی بوون کە ڕوویاندا، بەڵام نەیانتوانیوە بمانوەستێنن و هەروا بەردەوامین .

لەگەڵ هەموو ئەم ناخۆشیانەدا توانیومانە بەسەر کەند و کۆسپەکان‌دا زاڵ بین و لە درێژەی کارو تێکۆشانمان‌دا تەنیا بیر لە سەرکەوتن و بەختەوەریی نەتەوەکەمان دەکەینەوە.

ئەوە بەشێکە لە ژیان و بەسەرهاتەکانی منو یەکێک لە گەورەترین شانازییەکانم ئەوەیە کە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دا و لە پێناو بەختەوەریی خەکیی کوردستان‌دا خەبات دەکەم.

دەستخۆشی لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ژنان دەکەم بۆ بەسەرکردنەوەی ژنانی نێو شۆڕش.



# هەتاو ناسری

من هەتاو، لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٩. خوێندنی بنەڕەتیم لە خوێندنگای ڕۆژهەڵاتی بنەڕەتی تێکەڵاو دەست پێکرد و کۆتاییم پێهێنا، و توانیم لە هەر ٩ ساڵەکەی خوێندنم پلەی یەکەم بە دەست بێنم لەسەر ئاستی پۆلەکەی خۆم. هەر لەو کاتەوە، خوێندن بۆ من وەک خولیایەکی لێهات کە دەیگەیاندم بەو سەرکەوتنانەی ئامانجم بوو (فێربوونی زیاتر و زیاتر).

دواتر، سێ ساڵی قۆناغی ئامادەییم لە خوێندنگای چرۆی نموونەیی بە کۆتا گەیاند. دووبارە، بە هەبوونی هەموو دژواری و ناخۆشییەکان، توانیم سەرکەوتووانە کۆتایی بەم قۆناغەش بێنم.

دوای پۆلی ١٢، لە زانستی زیندەوەرزانی زانکۆی کۆیە ناوم گەڕایەوە. لە هەمان کاتدا، هەلی زانکۆی ئەمریکی، عێراق، سلێمانیم بۆ ڕەخسا بە سپۆنسەری بەڕێز دکتۆر بەرهەم ساڵح. دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر، زانکۆی ئەمریکیم هەڵبژارد بە یارمەتی بنەماڵەکەم. لەو زانکۆیە، دوای تەواو کردنی وەرزەکانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی، چوار ساڵی زانکۆم خوێند لە بەشی کارگێری کار بە وەرگرتنی پسپۆڕی و چڕبوونەوە لە ژمێریاری. زانکۆی ئەمریکی هیچ کاتێک، گەشتێکی ئاسان نەبووە، و بە پێچەوانەوە پڕ بووە لە ئاڵنگاری و سەختی. دووریش لە ئازیزانم ئەمەی دژوارتر کردبوو. بەڵام، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، ئەم زانکۆیە بۆ هەمیشە وەکو جوانترین، گەورەترین، و بە نرخترین ئەزموونی ژیانم ناوی ئەهێنم.

زانکۆی ئەمریکی لەگەڵ، هەموو زانستە هاوچەرخەکانی کە پێی بەخشیم، فێری کردم کە چۆن لەسەر پێی خۆم بوەستم، بڕیاردەر بم لە ژیانی خۆم، و ڕەخنەگرانە بیر بکەمەوە. لەهەمان کاتدا، ئەم زانکۆیە چەندین هاوڕێی زۆر ئازیزی پێ بەخشیم کە دووریم لە بنەماڵەکەمیان ئاسانتر کردبوو، و پێیان ئەڵێم هاوڕێی ژیان. ئەمە جگە لە هەموو مامۆستا ئازیزەکانم لە وڵاتە جیاوازەکان کە دەستییان گرتین بۆ گەیشتن بەم ڕۆژە.

لە کۆتاییا، توانیم سەرکەوتووانە، کۆتایی بەم گەشتە سەخت، بەڵام پڕ چێژە بێنم بە کۆ نمرەی (٣.٩١ لەسەر ٤). وەک هەر یەک لە قۆناغەکانی پێشتری خوێندنم، ئەم کۆ نمرەیە نیشاندەری ئەو زانیارییانەیە کە فێری بووم.

دوای سوپاسگوزاری خوای گەورە، لە کۆتاییدا، سوپاسی هەموو مامۆستاکانم ئەکەم لە هەموو ئاستەکانی خوێندنم؛ هەر مامۆستایەک کە هەتا بە یەک وشە یارمەتیدەرم بووبێتن. هەموو سەرکەوتنەکانم قەرزاری مامۆستاکنمم. سوپاسی هەموو ئەو کەسانە ئەکەم کە پاڵپشتم بوون.

سوپاس زانکۆی ئەمریکی، سوپاس سلێمانی ئازیز.

هەتاو محەممەد حسێن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




# جیهان عەزیزی

ناوم جیهانە لە ساڵی ٢٠٠١ لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێر لە دایک بوومە ، باوکم پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە جیيا لە کاری پێشمەرگایەتی چەندین ئەرکی دیکەشی پێ سپێردرابوو لە ناو حیزب کە توانیویەتی بە دڵسۆزانەو بە سەرکەوتووی ئەرکەکانی بە جێ بگەیێنێ بەڵام بە داخەوە مەرگ مەودای نەدا زیاتر بژی لە ساڵی ٢٠١٠ ماڵئاوایی یەکجاری لێ کردین بێگومان کۆچی باوکم کاریگەری زۆری کردە سەر هەر یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەم لە پێش هەمووشیانەوە دایکم ، ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە ناخۆشی زۆری بە دواوە بوو بۆ ئێمە بەڵام توانیمان بەسەر هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەدا زاڵ بین کە بەسەرمان دا هات . هەرچەندە ژیانمان جیياواز لە ژیانێکی ئاسایی سەردەم بە سەردەم تێپەڕیوە بەهۆی ئەوەی کە لە ناو شۆڕشدا بووینە هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێدا ژیاوین بەڵام ئەمە نەبۆتە هۆی ئەوەی کە لە خوێندن داببڕێین و هاوکات وەک هەر منداڵێکی تری ناو شۆڕش لە تەمەنی ٦ ساڵی چوومەتە بەر خوێندن و خوێندنی سەرەتاییم لە قوتابخانەی بنەڕەتی جەژنیکانی تێکەڵاو بووە هەرچەندە تووشی زۆر ناخۆشی و نەهامەتی بووینەوە لە ماوەی خوێندنی سەرەتایی بەڵام کۆڵم نەدا و دوای سەرکەوتنم لە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی بۆ بەردەوامیدان بە خوێندنی قۆناغی ناوەندی ڕووم کردە قوتابخانەی دواناوەندی جەژنیکانی تێکەڵاو خۆشبەختانە توانیم ٦ ساڵی خوێندم بە سەرکەوتوویی لەوێ تێپەڕێنم ، دواجاریش لە ساڵی ٢٠١٩ لە یەکێک لە کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر وەرگیرام و توانیم ئەو قۆناغەی خوێندنیش بە سەرکەوتووی تەواو بکەم و بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە دەست بهێنم بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانم وەک مامۆستایەکی دڵسۆز خزمەتی خوێندکاران بکەم ، بێگوومان لە پشت هەموو سەرکەوتنەکانم پاڵپشتی خێزانەکەمم هەبووە کە هەمیشە وەک پاڵنەرێک بوونە بۆ ئەوەی بتوانم بەردەوام بم بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانم .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هێشوو خزری

من هێشوو خزری لە ٢٠٠٢/١٠/٢لە نێو ڕیزەکانی شۆڕش لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لەدایک بووم بەهۆی ئەوەی باوکم پێشمەرگەی ئەو حیزبە بوو .

لە تەمەنی شەش ساڵیدا خرامە بەر خوێندن و خوێندنی سەتاییم لە قوتابخانەی جێژنیکانی بنەڕەتی و بە خۆشحاڵیەوە ئەگەر یەکەم نەبوام دووەم بوم و هەمیشە ئەلاقەم بە دەرسەکانم هەبووە.

دواتر خوێندنی ناوەندیم لە قوتابخانەی دواناوەندی جێژنیکان تەواو کرد بۆ بەدەستهێنانی دیپلۆم ، دواتر کاتێک ئیمتەحانی کۆنکوڕم دا بۆ دەسپێکی قۆتاغێکی تری خوێندن سەرکەوتو بووم.

لە ماوەی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیشدا بەهۆی ئەوەی کچە پێشمەرگە بووم چەندین جار ڕووبەروی بارودۆخی سەختی نێو شۆڕش دەبوومە زۆر جار ترسی بێباوکی بەسەرمان دەکشا و لە گەڵ ئەوەش دا دەبو دەرکی ئەوەمان کردبایە کە ئەو ڕێگایە سەخت و ناهەموارە فیداکاری دەوێت کورد هەموو کات لە مافەکانی بێبەش بوو بۆیە ئێمە لێرەدا ناخۆشیمان بینی و قوربانیمان دەدا.

ئێمە دەبوایە لەمنداڵیەوە دەرکی ئەو ناخۆشیانەمان هەبووایە و ئێستاش لەم تەمەنەمدا پێم وایە کە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە پێویستی بە کەسانێک هەیە کە لەڕێگای قەڵەمەکەیانەوە داهاتوی نەتەوەی کورد بگۆڕن بەرەو باشتر بەخۆشحاڵیەوە ئەو کەسانە لە نێو شۆڕش هەیە بەڵام دەبێت بەشی زۆری نێو شۆڕش بن بۆ سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە .

پاشان سەرەڕای هەموو کەموکوڕیەکیش سەرکەوتو بووم و لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر بەشی کارگێڕی یاسا وەرگیرام درێژەم بە خوێندنەکەم دا. ئارەزوم وابوو ئەگەر ڕۆژێک گەیشتمە ئاستی باڵای خوێندن بتوانم پلەی بەرز وەدەست بهێنم ، هەرچەندە ئەوەش کارێکی ئاسان نەبوو زۆر شەوو ڕۆژم بە شەونخونی و بێ خەوی بەسەر برد و لەلایەکی تریش زۆر جار بارودۆخی خراپی دەرونی باڵی بەسەرماندا دەکشا جا لە چۆلکردنی ماڵەکانمان یان نەبوونی هەلومەرجی گونجاو بۆ خوێندن بەڵام کۆڵم نەداو لە کۆتاییدا توانیم پلەی یەکەم بە کۆنمرەی ٩٣،٥ لە کۆی ١٨٠دانشجو وەدەست بهێنم . ئەو کاتەی ئەوەم زانی هەستم بە هێز و توانایەکی یەکجار زۆر کرد لەسەروی هەموو ناخۆشیەک توانیم سەرکەوم لەخۆشیدا دەمهەویست پڕ بەدڵی خۆم بگریم خۆشترین هەستی ژیانم بوو . من پێشتریش پلەی یەکەمم لە قۆناغەکانی تر وەدەست هێنابوو بەڵام ئەوەیان هەستێکی زۆر تایبەتتر بوو ، لەوە تێگەیشتم هەرئامانجێک ئەگەر ڕاستەقینە بێت ڕۆژێک هەر دەبێت بێتەدی .

لە چەندین خۆشی خۆمم بێبەش کرد تاوەکو لە تەخەروجی قوتابیان بەهۆی ئیمتەحانەوە بەشداریم نەکرد و من خەریک خوێندن بوم تا نمرەیەکی باش وەدەست بهێنم بەڵام هەرگیز لەهیچ ڕۆژێکی ئەو ساڵانەدا پەشیمان نەبووم و ئاواتەخواز نەبووم بگەڕێتەوە چونکە تەواو توانای خۆم لەو ڕۆژەدا بەکار دەهێنا کە تێیدا بووم لەکۆتاییشدا هەر سەرکەوتم .

ئاواتەخوازم بتوانم لە قۆناغە یەکلەدوای یەکەکانی تری خوێندنیشمدا بەهەمان شێوە سەرکەوتو بم و ئاواتیشم وایە تەواوی منداڵانی نێو شۆڕش بە سەرکەوتویی و سەرفرازی ببینم .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# مریەم قادری

من(مریەم قادری)لەساڵی ١٩٨١لە شارۆچکەی سەنگەسەر لە بنەماڵەیەکی نیشتمان پەروەر لەدایک بووم ،بەهۆی بارودۆخی گەلە ژێردەستەکەم قۆناغەکانی خوێندنم هەورازو نشێوی زۆری بەخۆوە بینیوە، خوێندنی سەرەتایم لە سەنگەر دەستپێکرد پۆلی یەکەم و دووەمم لەوێ خوێند دواتر بەهۆی ڕاگواستنی ناوچە سنوریە دەستکردەکانی کوردستان شارۆچەکەی سەنگەسەریش بەر شاڵاوی ڕاگواست کەوت و ئێمەیان برد بۆ ئۆردووگا زۆرەملێکان و ماڵی ئێمەشیان برد بۆ تۆبزاوا لە نزیک شاری هەولێر،پۆلی سێیەم و چوارەمم لە ئەوێ خوێند، پاشان بەهۆی ڕاپەڕینەکانی باشوری کوردستان و ئازاد کردنی بەشێک لە نیشتمانەکەم لەدەست ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق ئێمەش گەڕاینەوە بۆ سەنگەسەر وپۆلەکانی پێنجەم و شەشەمم لەوێ تەواوکرد،پاشان بەهۆی سەرهەڵدانی شەڕی براکوژی و خراپی باری ئابوری دەستم لەخوێندن هەڵگرت،بەڵام خولیام بۆ خوێندن و زانست هەر لەدڵمدا مایەوە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر پەرەی دەسەند هەمیشە لەدەرفەتێک دەگەڕام بۆئەوەی درێژە بەخوێندن بدەم،دوای ئەوەی ژیانی هاوبەشیم پێک هێنا لەگەڵ پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات بەناوی(شهرام حمیدزادە)ماڵمان لە کەمپی ئازادی بوو شهرام کاتێک زانی کە من خەونی گەورەم تەواکردنی خوێندنە بەردەوام هانی دەدام بەڵام من ئەوکاتە تەمەنی یاسایم تێپەڕیبوو نەمدەتوانی لە مەدرەسەی ڕۆژ بەردەوامبم لە خوێندن بەڵام بەخۆشحاڵیەوە مەدرەسەی ئێوران لە شاری کۆیە کرایەوە هەرچەندە لەوکاتەدا من پێموابوو کە ماوەیەکی زۆرە لەخوێندن دابڕاوم وناتوانم درێژە بەخوێندن بدەم بەڵام پێداگیریەکانی شهرام و هاندانە بەردەوامەکانی حلیم خانی خوشکم وایانکرد دووبارە دەست بکەمەوە بەخوێندن وپۆلەکانی(٩،٨،٧)م لە مەدرەسەی دەرسیمی ئێواران بە پلەیەکی باش بڕی هەروەها پۆلەکەنی(١٢،١١،١٠)م لە مەدرەسەی ماکۆکی ئێواران بەسەرکەوتووی تەواواکرد،تەواکردنی قۆناغی قوتابخانە بەسەرکەوتووی ڕێگا خۆشکەربوو بۆئەوەی بیر لەوەبکەمەوە کە پێویسە زانکۆش تەواو بکەم هەربۆیە دوای تەواوکردنی مەدرەسە ڕاستەوخۆ ناو نوسیم .کرد بەخۆشحاڵیەوە ناوم لە بەشی قانون لە زانکۆی کۆیە هاتەوە توانیم ئەم قۆناغەی خوێندنیش بەسەرکەوتووی تێبپەڕێنم بەجۆرێک لە قۆناغەکانی سێیەم چوارەم توانیم پلەی دووەم بەدەست بهێنم،ناکرێ ئەندامی حیزب بیت وباس لەسەرکەوتنەکان بکەیت و باس لە ڕۆل وپێگەی حیزب نەکەیت، لە راستیدا ئەوەی کە دەڵێن حیزبی دێموکرات زانکۆیەکی گەورەیە ئەمە لە ڕوالەتدا راستیەکی حاشا هەلنەگرە بۆ ڕەخساندنی ئەو دەرفەتانە لەبواری خۆپێگەیاندن و هاندان هەم لە باری مەعنەوی و هەمیش لە باری دابین کردنی ئێمکانات بۆ ئەوەی خۆت پێ بگەێنی هەر بۆیە بەشێکی زۆر لەو سەرکەوتنەی خۆم لە ئاستی خوێندندا خۆم بە قەرزداری حیزب دەزانم هیوادارم لە داهاتوو دا بتوانم ئەوی فێری بووم بخەمە خزمەت بە دی هێنانی ئامانجەکانی حیزب و گەلەکەم .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئاڤان مورادی

ناوم ئاڤان واحید علی مرادیە تەمەنم ٢٥ساڵە و لەدایک بووی شاری سلێمانی باشووری کوردستانم ، و دەرچووی بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری کارم خوێندنی سەرەتای و ناوەندی و دواناوەندیم لە قۆتابخانەی دێگەڵە خوێندوە، و درێژەم بەخوێندن داوە لە پەیمانگای تەکنیکی هەیبەت سوڵتان لەکۆیە بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری کار هەڵبەت ئەم سەرکەوتنەشم بەپاڵپشتی خێزانەکەم بوە بەتایبەتی دایک و باوکم کەزۆر هاندەرم بوون تا بتوانم بەباشترین شێوە خوێندنم تەواوبکەم بەشانازیەوە باوکم زیاتر لە ٤٠ساڵە پێشمەرگەیە لەڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چەندین جار برینداری و ژیانی کەمپ وناخۆشی دیوە بەڵام بەردەوام بەورەیەکی پۆڵاینەوە درێژەی بەخەباتی ڕەوای خۆی داوەو هاندەری خۆم و خوشک و براکانم بوە تا درێژە بەخوێندن بدەین و لەڕێی خوێندنەوە بۆ ئامانج و موفی ڕەوای گەلەکەمان تێبکۆشین

بێگومان منیش وەک و کچی پێشمەرگەیەک دەمەوێت لەڕێگای خوێندەکەمەوە درێژە بەڕێبازی پیرۆزی باوکم بدەم و لەڕێی خوێندنەکەمەوە بۆ تێبکۆشم بۆمافی ڕەوای گەلەکەم





# مینا موکەڕەم

مینا سەعید میرۆ/ ناسناو: موکەڕەم لەدایکبووی ١٠ ی سێپتامبری ٢٠٠١ ی زایینی لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەری خۆرهەڵاتی کوردستان پارێزگای ورمێ، ناوچەی تڕگەوەر ئاوایی ئەنبێ کە زوڵم و زۆری لە گێڕان نەهاتنەوەی ڕێژیمی سەدە ناوەندی کۆماری بەناو ئیسلامی پەڕیوەی هەندەرانی کردن و بە ناچاری لە یەکێک لە کەمپەکانی پەنابەرانی کوردی ڕۆژهەلات لە جەژنیکان نیشتەجێ کران. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لە قوتابخانەی جەژنیکانی تێکەڵاو بە سەرکەوتویی و پلەی زۆرباش تێپەڕاند و توانیم سەرەڕای سەختی ژیان، کێشە و گرفتەکانی ناو کەمپ و ژیان لە دەربەدەری لە تاقیکارییەکانی نیشتمانی ساڵی ٢٠١٩ لە کۆلێژی ئاداب بەشی دەروونناسی وەرگیرێم و لە ساڵی ٢٠٢٣ لە بەشی ئامـاژە پێکراو تەخەرووج و بەسەرکەوتوویی ئەو قۆناغەش تێپەڕ بکەم جێگای ئاماژە پێکردنە هۆکاری ئەو سەرکەوتنانە جگە لە ماندوو بوونی خۆم، لە قۆناغی یەکەم پشتگیری بنەماڵەم کە لە سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و ناخۆشییەکان بەڵام هەر هاندەرم بوون و دەستیان گرتم. زۆر بەجێیە سپاسی تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەم کە بەردەوام لە پەروەردە کردن و بارهێنان و ڕاهێنانی منالانی حیزب ماندوو نەناسانە هەوڵیان داوە و هاوکار و هاندەرێکی سەرەکی پێ گەیشتنی و خۆ پێگەیاندنی منالانی شۆڕش بووە. دوای تەواو بوونی زانکۆم لەگەڵ پێشمەرگەیەکی شۆڕش و قوتابی ڕێبازی دێموکرات بەناوی واحید ژیانی هاوبەشم پێکهێنا و پێکەوە سەنگەری شۆڕش و بەرخودان نەک دەپارێزین بەڵکوو گیانانە ئاوەدانی دەکەین.

بابم ساڵی ١٣٥٠ ی هەتاوی لەدایکبووە و بەهۆی باری نالەباری ئابووری نەیتوانی ڕێگای خوێندن بگرێتە بەر و، هەر لە تەمەنی منالییەوە شان بە شانی بنەماڵە لە بیری پەیدا کردنی پاروە نانێک بوونە. لە تەمەنی ١٤ ساڵی هەروەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا ڕێگای تێکۆشان و خەبات لە پێناو خاک و خەڵکی هەڵبژارد. لە قوتابخانەی شۆڕش وێڕای خەبات هەولی خۆپێگەیاندن و فێربوونی داوە و توانیویەتی هەتا پۆلی پێنجی سەرەتایی بخوێنێ. بەشداری دەورەی سیاسی پلە چوار، پلە سێ، دەورەی فەرماندەیی و نیزامی بووە پلەکانی جێگرپەلی، سەرپەلی، سەر دەستە، ئەندام ناوەندی بە سەرکەوتویی بڕیوە. لە تەمەنی ٢١ ساڵی و لە ساڵی ١٣٧١ لەگەڵ نەبات تەربی ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە کە بەرهەمی ئەو ژیانە شەش منال بوونە و من منالی سێهەمی ئەو بنەماڵەم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



شلێر مەحموودی

# سۆلینای بچکۆلە بوو بە ساڵێک...

ئەم وێنەیە لە سایتی کوردپا وەرگیراوە





سۆلینای کچی سوعدا خەدیرزادە لە گۆشەی زینداندا تەمەنی یەک ساڵەی تێپەر کرد. لەسیستمی یاسایی و سیاسی ئێراندا هیچ بنەمایەک نیە سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، جا منداڵ، ژن و پیاو فەرقی نیە. ڕۆژ بەڕۆژ دڕندەتر دەبێت و توندوتیژی زیاتر دەخوڵقێنێ بەتایبەت بەرامبەر بەکوردی خێر لەخۆ نەدیو.

هەر دایکێک ئارەزوو دەکات لەباشترین بارودۆخدا منداڵەکەی گەورە بکات و پەروەردەی بکات، وە هەروەها تەنها دایک هەست بەو ئازارە دەکات کە منداڵەی لەبارودۆخێکی ناهەموار و ترسناکدا بژی، بۆیە من دڵم دێشێ بۆ سۆلیناو دایکیشی. ئەگەر چاوێک بەیاسای مرۆڤ دا بخشێنین لە هەموو بارودۆخێک دا لەوەدەکات کە دەبێ ژن و منداڵ بپارێزرێن و ئازار و ئەزیەت نەدرێن تەنانەت لەکاتی جەنگیشدا، باس لەوە دەکات کە نابێ ببنە قوربانی و ڕێ و شوێنی خۆپارێزی نیشان دەدات و شوێنی پاراستنی بۆ دیاری کردوون. و ئەگەر چاوێکیش بە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ دا بخشێنین دەبینین کە هەم لە پێشەکی و لە چەند بڕگەیەکیشدا بەتایبەتی باس لە مافەکانی ژن و منداڵ دەکات، ئەوەش بۆ نەمانی یاخود کەمکردنەوەی توندو تیژیە بەرامبەریان.

بەپێی جارنامەی مافەکانی منداڵ مافەکانی منداڵ دیاری کراو و گشتگیرن بەڵام من تەنها باسی هەندێکیان دەکەم کە تایبەتن بە ژیانی سۆلینای نازدار، لەمادەی یەکەمی جارنامەی مافەکانی منداڵ داهاتوە کەدەڵێت: منداڵ ئەو کەسەیە کچ، کوڕ کەتەمەنی لە ١٨ ساڵ تێ نەپەڕیبێت، مەگەر یاسای وڵاتەکەی تەمەنێکی تری بۆ دیاری کردبێت.

منداڵان لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانە دابن هەر منداڵن و بەبێ جیاوازی مافی ژیان و چاودێری و پاراستنیان هەیە، مافی خوێندن و چارەسەرکردن و یاری کردن و پێکەنین و دابین کردنی پێداویستییەکانی گەشە کردن و نەشونما کردنیان هەیە.

مافی وەرگرتنی ناسنامە، لەو ڕۆژەوە کە لەدایک دەبێت دەبێ ناو و نازناوێکی هەبێت و لەتۆماری لەدایکبوون تۆمار کرابێت. دەبێ ناسنامەی کەسی و ڕەگەزنامەی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێ لەدواییدا بچێ بۆ قوتابخانەو لە نەخۆشخانەی تایبەت بە منداڵان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاودێری بکرێت و واکسێنی لێ بدرێ.

مافی خۆشەویستی و ڕێز گرتن:.
دەبێ منداڵ بایەخی پێ بدرێ و ڕێزی لێ بگیرێ جا چ لەنێو خێزانەکەیدا بێ چ لەلای ئەو کەسانە بێ کەیاسا مافی پاراستنی پێ داون، دەبێ منداڵ کەمبودی سۆز و خۆشەویستی نەبێت بۆ ئەوەی پەنا بۆ دەرەوە نەبات.

مافی ژیان و تەندروستی :مافی ئەوەی هەیە کە خواردنی باش و ئاوی خاوێن و شوێنی حەوانەوە و حەسانەوەی باشی هەبێت و کەنەخۆشیش کەوت بە زووترین کات سەردانی پزیشکی تایبەت بە منداڵانی پێ بکرێ.

مافی پاراستن لە توندوتیژی : کەس مافی ئەوەی نیە لەمنداڵ بدات، یاخود بەخراپی مامەڵەی لەگەڵ دا بکات، یاخود کاڵتەی پێ بکرێت و لەهەر شوێنێک بژی دەبێ هەست بە ئارامی بکات.

لەسێدارە نەدان و بەند نەکردن:. ئەگەر بەهەر بیانوویەک توانبار بکرێ نابێ ئەشکەنجە و ئازار بدرێ، وە نابێ بەهیچ شێوەیەک ڕەفتاری ناشیرین و نابەجێی لەگەڵ دابکرێ و سزای قورس بدرێ بەسەریدا.

بۆیە باسی تەنها ئەو مافانە دەکەم چونکە پەیوەندی دارن بەئێستای ژیانی سۆلینا، لەراستیدا سۆلینا لە ئێستادا هیچ مافێکی نیە وەک منداڵ، بەڵام لەبەر ئەوەی تەمەنێکی کەمی هەیە جارێ هەست بە نەبوونی مافەکانی ناکات.

ئەگەر باس لە مافی ناسنامە بکەم سۆلینا ئەو مافەی نیە چونکە لە زیندانا لەدایک بووە و هیچ ناسنامەیەکی پێ نەدراوە.

وەمافی خۆشەویستی و ڕێزگرتنیشی نیە چونکە دایکی وەک تاوانبار سەیر دەکرێت و ڕۆژانە کۆمەڵێک بێ حورمەتی پێ دەکرێ و نێوناتۆرەی لێ دەنرێ... جا چۆن ڕێز لەمنداڵەکەی دەگیرێ؟ دڵنیام لەلایەن دایکیوە ئەو مافەی پێشێل ناکرێ بەڵام لەخۆشەویستی باوکیشی بێبەشە بەهۆی زیندانیکردنیەوە. وەئەگەر باس لە مافی ژیان و تەندروستی بکەم، سۆلینا مافی ژیانی لێ ستێنراوەتەوە ولە شوێنێکی ناتەندروست دەژی و شیری بەخێر بۆدێت ئەگەر نەیەت برسیەتیەکەشی دێتە سەر و هیچ دکتۆرێکیش سەردانی ناکات.

مافی پاراستن لەتوندوتیژی،،، دەکرێ بڵێم هەر لەسکی دایکی دا توندوتیژی بەرامبەر کراوە تا دەگاتە ئێستا کە تەمەنی بوو بە ساڵێک... سۆلینا بە بارودۆخێکی هەستیار و ناخۆش دا لەگەڵ دایکی تێدەپەڕێ، زیندان واتا لێستاندنەوەی ژیان، دەبێ تاوانێک کرابێ چا بچێتە زیندان، بەڵام کوا تاوانی سۆلینا؟

بەڵام لە دەوڵەتێکی دڕندەی ئیسلامی وەکوو کۆماری ئیسلامی هەر ئەوە چاوەڕێ دەکرێ و هیچ یاسایەکی تێدا نیە و بە کەیفی خۆیان یاسا دادەرێژن و پێشێل دەکەن بەبێ ئەوەی هیچ چاودێریەکیش هەبێ لەلایەن یاسای نێودەوڵەتیەوە. بۆیە بەڕای من ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەک مافی مرۆڤ و مافی منداڵان هیچ دەسەڵات و بنەمایەکیان نیە و ناتوانن وەک ئەو ئامانجەی بۆی دامەزراون کار بکەن و دەوڵەتانی سەرپێچی کاری پێ سزا بدەن.

ئێرانی یەکێکە لەو دەولەتانەی زۆرترین منداڵ تێیدا کاردەکات و توشی لادان لەبنەماکۆمەلایەتیەکان دەبن و منداڵی خۆیان لەدەست دەدەن. وە ئێران لە زۆربەی ئەو ڕێکخراونەشدا ئەندامە و هەر ساڵی پار لە بەشی ژنانی ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەزۆرینەی دەنگی دەوڵەتان بوو بەئەندام کە ئەوە جێگەی نیگەرانیە لەحالێکدا هەموو دونیا دەزانێ ئێران زۆرترین پێشێلکاری مافەکانی ژنان دەکات و بە توندترین شێوە سزایان دەدات لەسەر سادەترین ماف....

بەڵام دەوڵەتان بەرژەوەندی خۆیان لەسەرووی هەموو شتێک دادەنێن.

لەکۆتاییدا دەڵێم مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران و هیوای سلامەتیش بۆ سۆلیناو دایکی دەخوازم. کەم نین ئەو دایک و کچانەی کە هاوڕێی زیندان بوون و لەوێ بەیەکتر شاد بوون و ئێستا جێگای شانازی میلەتێکن، هیوادارم ئەوانیش بتوانن خۆراگربن بەرامبەر ئەو دوژمنە دڕندەیە.

**بەپێی جارنامەی مافەکانی منداڵ مافەکانی منداڵ دیاری کراو و گشتگیرن بەڵام من تەنها باسی هەندێکیان دەکەم کە تایبەتن بە ژیانی سۆلینای نازدار، لەمادەی یەکەمی جارنامەی مافەکانی منداڵ داهاتوە کەدەڵێت:**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

Democratic women union of kurdistan iran

22/june/2023

61

# women

## women life freedom

